# بە ڕاستی شاژنە

## إنها ملكة

### کۆمەڵە چیرۆکێك و چەند ئامۆژگاریەك
### کە هانی مرۆڤ دەدەن بۆ تەوبە کردن و گەڕانەوە بۆ لای خوای گەورە

نوسینی
د. محمد العريفي
وەرگێڕانی
مامۆستا مجيد حميد مجيد
پێداچوونەوەی
مامۆستا صلاح الدين عبدالكريم

---

لە بڵاوکراوەکانی سایتی بەهەشت
www.ba8.org
هەر پانزە ڕۆژ جارێك کتێبێکی نوێ لە سایتی بەهەشت بڵاوئەکەینەوە
بۆیە هەمیشە لەگەڵمان بن بۆ بەرهەمی نوێ

مافی بڵاوکرنەوەی بۆ هەموو موسڵمانێکە

سەرەتا

هاوسەرگیری

لە روسیا

لە مۆسکۆ

چۆن دەخەوی

سەفەری سەخت ودژوار

ئایا کاتی جیابوونەوە هاتووە؟

بەیەك گەیشتن

دامەزراوی وئامۆژگاری

بۆ فرۆکەخانە

چیرۆکێکی ترسناك

خوای گەورە دەرگای لێ دەکاتەوە

ئەی خوشکە بەنرخەکەم

مەنجەڵیان پێ دەکوڵێنێت

منداڵە شیرەخۆرەکە

ئافەرین بۆ خۆی

پارە لەناو گۆڕدا

شاژن

یەکەم کەس کە موسڵمان بوو ئافرەت بوو

دوا خەنجەر لێدان

لە ئاوی ئاسمان دەخواتەوە

ئافرەتێك لە ئەهلی بەهەشت

شەوێك لەگەڵ دایکی سلیم دا

ئافرەتێك مێردەکەی پەروەردە دەکات

لە نەرویجەوە بۆ کیشوەری ئەفریقیا

ئەی تۆ ئایا رۆژێك پرسیارت لە خۆت کردووە؟

ئەی ئەمڕۆ ئافرەتانمان لە کوێن؟

بێ بەشەکان

لەسەر شەپۆلی دەریا

بۆ کێ خۆت جوان دەکەیت؟!

بەراستى تۆ شاژنى شاژن

ئاوازو خەم وپەژارە

هۆكارى زينا كردن

بكوژو كوژراو

بووك

لە گۆڕەپانى پێشبڕكێدا

جەنگ

باڵوێزى ئافرەتان

چەند بەنرخى لاى ئێمە

لە پێناوى پاراستنى تۆدا هەموو شتێك دەكەين

تەنانەت لە پاش مردنيش

چەند هەژارە

خەم وپەژارەى گەورە

چيرۆك

شەوى يەكەم

شەوى دووەم

خەڵاتەكە

ئەو ئافرەتەى كە لە رووبارەكەدا خنكا

گەنجێكى فرۆشيارى داوێن پاكى

فرمێسكى تەوبەكاران

مژدەو بەختەوەرى بۆ ئەو

لە كۆتاييدا ئەى جەوهەرى پارێزراو

بسم الله الرحمن الرحيم

**سەرەتا**

ئەو کچێکی ڕووسی بوو.. لە خێزانێك کە داب ونەریتی خۆیان دەپاراست.. بەڵام لەسەر مەزهەبی(ئارسەزۆکس)بوو ..زۆر توندڕەو بوون بۆ ئایینی گاور (نصرانی).. یەکێك لە بازرگانە ڕووسەکان داوای لێکرد لەگەڵ کۆمەڵێك کچدا سەفەر بکەن بۆ یەکێك لە وڵاتەکانی کەنداوی عەرەب بۆ کڕینی کەلوپەلی کارەبایی پاشان فرۆشتنی ئەو کەلوپەلانە لە ڕووسیا.. ئەمە ئەو گرێبەستە بوو لە نێوان ئەو بازرگانە و ئەو کۆمەڵە کچانەدا ڕوویدا..کاتێ گەیشتنە ئەوێ کابرای بازرگان دانی بۆ تیژ کردن و داوای ئەنجامدانی کاری خراپەی لێکردن.. ئەمجار دەستی کرد بە پێشکەش کردنی هەموو جۆرە هۆکارێکی لەخشتە بردن .. پارەیەکی زۆر ..پەیوەندییەکی فراوان .. تاکو زۆربەی ئەو کچانە ڕازی بوون بە بیرۆکەکەی ..تەنها ئەو کچە نەبێت ..چونکە زۆر دەمارگیر بوو بۆ دینەکەی خۆی (دینی گاور).. ڕازی نەبوو ..ئەویش پێی پێکەنی و ووتی: تۆ لەم وڵاتەدا کەسێکی بزریت, هیچ شتێکت پێ نییە تەنها جل و بەرگەکەت نەبێت، یەك شتت پێ نادەم .. ئەمجار لە شوقەیەکدا نیشتەجێیانی کرد .. وە هەموو پاسەپۆرتەکانی لای خۆی شاردەوە.. هەموو کچەکان بە حەزو ئارەزووی بازرگانەکە دەجوڵانەوە تەنها ئەو کچە نەبێت..ئەویش هەموو ڕۆژێك داوای پاسەپۆرتەکەی خۆی دەکرد یاخود بیگێڕێتەوە بۆ وڵاتەکەی .. بازرگانەکەش ڕازی نەدەبوو .. ڕۆژێك لە شوقەکەدا دەستی کرد بە گەڕان تاکو پاسەپۆرتەکەی خۆی دۆزییەوە ..پاشان لە شوقەکە هەڵات، دەرچوو بۆ سەر شەقام..هیچ شتێکی پێ نییە تەنها جل وبەرگەکەی نەبێت .. نەیدەزانی بۆ کوێ بچێت.. نەکەس وکار .. نەپارە.. نەخواردن.. نەناسیارێك.. نەشوێنی نیشتەجێ بوون ..ئەم کچە سەر لێ شێواوە دەسوڕایەوە بە لای ڕاست وچەپدا ..لەناکاو گەنجێکی بینی لەگەڵ سێ ئافرەتدا ڕێیان دەکرد ..دڵنیا بوو لە گەنجەکە ئەمجار ڕۆیشت بۆ لایان ودەستی کرد بەقسەکردن لەگەڵیاندا بەزمانی ڕووسی ..گەنجەکە بە لێبوردنەوە گوتی: من زمانی ڕووسی نازانم، کچەکە ووتی: ئایا ئینگلیزی دەزانی؟..ووتی: بەڵێ.. زۆر خۆشحاڵ بوو, دەستی بە گریان کرد، ئەمجار ووتی: من کچێکی ڕووسیم چیرۆکەکەم بەم شێوەیە..ئێستا نەپارەم پێیە ونەشوێنی نیشتەجێ بوون .. دەمەوێت بگەڕێمەوە بۆ وڵاتەکەم.. تەنها دەمەوێت جێگام بکەنەوە بۆ ماوەی دوو یان سێ ڕۆژ ..تاکو لەگەڵ براو کەس و کارمدا مشورێکی خۆم دەخۆم.. ئەمجار (خالد) دەستی بەبیر کردنەوە کرد..ڕەنگە ئەم ئافرەتە کەسێکی فێڵباز بێت ..ئەویش تەماشایانی دەکرد و دەگریا...خالدیش لەگەڵ دایك وهەردوو خوشکەکەیدا ڕاوێژی دەکرد ..لەکۆتاییدا ڕازی بوون وبردیانەوە بۆ ماڵی خۆیان .. ئەمجار دەستی کرد بە پەیوەندی کردن لەگەڵ ماڵەوەیاندا بەڵام هیچ وەڵامێك نەبوو، چونکە هێڵەکانی تەلەفون خراپ بوو لەو وڵاتەدا.. وە هەموو کاتێك پەیوەندییەکەی دووبارە دەکردەوە.. ئەوان زانیان ئەم کچە گاورە.. زۆر بەنەرمی لەگەڵیدا دەجوڵانەوە.. بۆیە ئەویش ئەوانی خۆشدەویست ئەمجار داوایان لێ کرد کە ببێتە موسڵمان .. کەچی ڕازی نەبوو.. نایەوێ.. بەڵکو ڕازی نییە تەنانەت گفتوگۆ بکات دەربارەی دین، چونکە ئەو لە خێزانێکی (ئارسەزۆکس)ە وزۆر توندڕەون ورقیان لە ئیسلام وموسڵمانانە..خالد ڕۆیشت بۆ مەڵبەندێکی بانگەوازی ئیسلامی ..کۆمەڵێك کتێبی هێنا دەربارەی ئیسلام بەزمانی رووسی .. چەند

ڕۆژێك هەوڵیان لەگەڵدا تاوەکو بووە موسڵمانێکی ڕێك وپێك..ئەمجار زۆر بایەخی دەدا بۆ ئەوەی ڕێنماییەکانی دینەکەی فێربێت ..هەوڵی دەدا هاوڕێیەتی ئافرەتە باشەکان بکات ولەگەڵیاندا دانیشێت .. ترسا بگەڕێتەوە بۆ وڵاتەکەی خۆی نەوەك هەڵی بگەڕێننەوە لە ئیسلام و بگەڕێتەوە سەر دینی گاور ..

## هاوسەرگیری (زواج)

خالد داوای کرد ئەگەر ڕازی دەبێ ببێتە خێزانی.. ئەویش ڕازی بوو .. لەزۆربەی ئافرەتە موسڵمانەکان زیاتر دەستی بەدینەکەیەوە گرتبوو .. ڕۆژێك لەگەڵ پیاوەکەیدا ڕۆیشت بۆ بازاڕ.. ئافرەتێکی بینی حیجابی لەبەردا بوو دەم وچاوی خۆی داپۆشیبوو.. ئەمە یەکەم جار بوو ئافرەتێك بەو شێوەیە ببینێ کە بە تەواوی حیجابی پۆشیوە وپێچەی (نقاب)ی کردووە زۆر سەری سوڕما لەو شێوەیە..ووتی: خالد ئەم ئافرەتە بۆ بەم شێوەیە؟ ڕەنگە ئەم ئافرەتە توشی نەخۆشییەك بوو بێت و دەم وچاوی تێك دابێت بۆیە داپیۆشیوە؟ ووتی: نەخێر ئەمە ئەو حیجابەیە کەخوای گەورە پێی خۆشە بەندە ئافرەتەکانی خۆی بەجێی بهێنن وپێغەمبەرەکەمان ﷺ فەرمانی پێکردووە ..ماوەیەك بێدەنگ بوو ..ئەمجار ووتی: بەڕاستی ئەمە حیجابی ئیسلامی‌یە کە خوای گەورە دەیەوێت ئێمەی ئافرەت بەجێی بهێنین .. خالد ووتی: چۆن دەزانی؟ ووتی: من کاتێك دەچمە دوکانی بازرگانەکانەوە زۆر تەماشام دەکەن بۆیان بکرێت ڕومەتم پارچە پارچە دەکەن و دەیخۆن... بۆیە ئەم ڕومەتەم دەبێ داپۆشرێت ..دەبێ تەنها بۆ پیاوەکەی خۆم بێت .. تەنها ئەو بۆی هەیە ببیبنێت .. من لەم بازارە دەرناچم تاکو لەو شێوە حیجابە نەپۆشم .. لەکوێ بیکڕین؟ خالد ووتی: بەردەوام بە لەسەر ئەم حیجابەی خۆت .. وەکو دایك وخوشکەکانم، ووتی: نەخێر .. بەڵکو من حیجابێکم دەوێت کە خوای گەورە دەیەوێ .. ڕۆژگار بەسەر ئەم ئافرەتەدا دەڕوات .. ئەویش ئیمانی بتەوترو دامەزراوتر دەبێت .. ئەوەی لە دەوروبەری بوو خۆشیان دەویست .. وە پیاوەکەی خۆی زۆر خۆشدەویست و هەموو هەست و سۆزی بۆ خۆی ڕاکێشابوو .. ڕۆژێکیان تەماشای پاسە پۆرتەکەی کرد بینی وا خەریکە ماوەی تەواو دەبێت .. بۆیە دەبێ تازەی بکاتەوە .. لەهەمووی گرانتر ئەوەیە کە دەبێت لەو شارە تازە بکرێتەوە .. کەئافرەتەکە سەر بە ئەوێیە .. دەبێ سەفەر بکاتەوە بۆ ڕووسیا .. ئەگینا نیشتەجێ بوونەکەی نایاسایی دەبێت .. خالد بڕیاریدا لەگەڵیدا سەفەر بکات، چونکە ئەو نایەوێت بەتەنها سەفەر بکات .. سواری فڕۆکەیەك بوون سەر بە هێڵی ئاسمانی ڕووسی بوو .. ئەویش بەحیجابی تەواوەوە سوار بوو .. بە سەربەرزی وشانازییەوە لەتەنیشت پیاوەکەی خۆی دانیشت .. خالد ووتی: دەترسم تووشی چەند کێشەیەك ببین بە هۆی جل وبەرگەکەتەوە .. ئەو ووتی: سبحان الله .. دەتەوێ گوێڕایەڵی ئەو کافرانە ببم وسەرپێچی فەرمانەکانی خوا بکەم؟؟!! نەخێر .. سوێند بە خوا .. چی دەڵێن با بیڵێن .. خەڵکی دەستیان کرد بە تەماشا کردنی .. فەرمانبەرەکان دەستیان کرد بە دابەشکردنی خواردن .. لەگەڵ خواردندا مەییان دەهێنا .. سواربوانی فڕۆکەکە دەستیان کرد بە ووتنی وشەی خراپ بەم ئافرەتە لەخواترسە .. یەکێك پێدەکەنێت .. ئەویتر گاڵتەی پێ دەکات .. لەنزیکی ڕادەوەستان وتانەیان لێ دەدا .. خالدیش تەماشای ئەوانی دەکردو هیچ تێ نەدەگەیشت .. بەڵام ئەو بزە دەیگرت و پێدەکەنی .. ئەو قسانەی کە ئەوان دەیانووت ئەم پیاوەکەی خۆی تێگەیاند .. پیاوەکەی توڕە بوو .. ئەو ووتی: نەخێر.. خەم

مەخۆ .. و دڵ تەنگ مەبە ئەمە کارێکی سووك وئاسانە بەرامبەر بەوەی کە تووشی هاوەڵانی پێغەمبەرﷺ هاتووە، وە ئافرەتانی هاوەڵان ﷺ تووشی بەڵای سەختتر بوون .. کەچی ئارامیان دەگرت.. ئەمانیش ئارامیان گرت .. تاکو فڕۆکەکە گەیشتە ڕووسیا ..

## لە ڕوسیا

خالد دەڵێت: کاتێك لە فڕۆکەخانەکە دابەزین .. وامدەزانی دەچین بۆ ماڵی کەس و کاری کچەکە ولەوێ نیشتەجێ دەبین، پاشان کاری خۆمان تەواو دەکەین و دەگەڕێینەوە ..کەچی دوور بینینی خێزانەکەم لەوە دوورتر بوو، ووتی: کەس و کارم (ئارسەزۆکس)ن زۆر توندڕەون بۆ دینەکەی خۆیان .. نامەوێ ئێستا بڕۆمەوە .. ئێستا ژوورێك بە کرێ دەگرین ولەوێ دەمێنینەوە .. تاکێشەی پاسە پۆرتەکەمان تەواو دەکەین, پێش ئەوەی بگەڕێینەوە سەردانی کەس وکارم دەکەین .. هەستم کرد ئەو بۆچوونە تەواوە بۆیە ژوورێکمان بەکرێ گرت ولەوێ ماینەوە.. بۆ سبەینێ چووین بۆ فەرمانگەی (پاسەپۆرت) .. چووینە ژوورەوە بۆلای فەرمانبەرێك .. ئەویش داوای پاسە پۆرتە کۆنەکە و وێنەیەکی تازەی ئافرەتەکەی کرد .. ئەویش وێنەیەکی ڕەش و سپی دەرهێنا کەسەری داپۆشیوەو تەنها دەم وچاوی دیاربوو .. فەرمانبەرەکە ووتی: ئەم وێنەیە نایاساییە .. وێنەیەکی ڕەنگاو ڕەنگمان دەوێت کەدەم وچاوو پرچ و هەموو گەردنت بەتەواوی دیار بێت .. ئەویش ڕازی نەبوو جگە لەو وێنەیە هیچ وێنەیەکی تری بداتێ .. ئەمجار چووین بۆ لای فەرمانبەرێکی تر .. وە بۆ لای سێیەم فەرمانبەر کەچی هەموویان داوای وێنەیەکیان دەکرد کە بەسەر ڕووتی گرتبێتی .. وەخێزانەکەی دەیووت: بەهیچ شێوەیەك وێنەیان نادەمێ بەسەر ڕووتی بۆیە فەرمانبەرەکانیش داواکەی ئەمیان ڕەتکردەوە .. پاشان چووین بۆ لای بەڕێوەبەری فەرمانگەکە کەئافرەت بوو خێزانەکەم زۆر هەوڵیدا کە بەڕێوبەرەکە ڕازی بکات کەچی هیچ سوودی نەبوو .. خێزانەکەم سوور بوو لەسەر داواکەی و ووتی: تۆ شێوەی من دەبینی و وێنەکەش دەبینی دەتوانی بەراوردی بکەی .. گرنگ دەم وچاوە .. ڕەنگە پرچی ئافرەت بگۆڕدرێ .. ئەم وێنەیەیش مەبەستەکە دەپێکێ .. بەڕێوبەرەکەیش سوور بوو لەسەر داواکەی خۆی ودەیووت: ئەم وێنەیە نایاساییەو نابێت .. خێزانەکەم ووتی: دڵنیابە کە من لەم وێنەیە زیاتر ناهێنم .. ئایا چارەسەر چییە؟ بەڕێوبەرەکە ووتی: ئەم کێشەیەی ئێوە هیچ کەسێك ناتوانێ چارەسەری بکات .. تەنها بەڕێوبەری گشتی (پاسەپۆرت) نەبێت کە لە (مۆسکۆ) یە .. ئێمەیش دەرچووین لە فەرمانگەکە . ڕووی لە من کردو ووتی: خالد دەڕۆین بۆ مۆسکۆ .. منیش ووتم: وێنەیەك بگرە بەو شێوەی ئەوان دەیانەوێ .. خوای گەورەیش داوای هیچ شتێك لە کەسێك ناکات ئەگەر لەتوانایدا نەبێت .. خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿فَاتَّقُوا اللَّهَ مَا اسْتَطَعْتُمْ﴾ [التغابن: ١٦] واتە: لە خوا بترسن وخۆتان بپارێزن بە گوێرەی توانای خۆتان.

ئەمەیش پێویستە وە پاسەپۆرتیش تەنها کۆمەڵە کەسێکی کەم دەیبینن, ئەویش لەکاتی پێویستدا .. ئەمجار لەماڵەوە هەڵی دەگرین هەتاکو ماوەکەی تەواو دەبێت .. ئەم کێشەیە لەخۆت دوور بکەرەوە پێویست ناکات بچین بۆ مۆسکۆ ..

## لە مۆسکۆ

کەچی ئەو سوور بوو لەسەر قسەی خۆی ناچار سەفەرمان کرد بۆ مۆسکۆ .. ژوورێکمان بەکرێ گرت و تیایدا نیشتەجێ بووین .. بۆ سبەینێ چووین بۆ فەرمانگەی (پاسەپۆرت) دیسان سەردانی فەرمانبەری یەکەم و دووەم و سێیەمی کرد کەچی سوودی نەبوو .. چووین بۆلای بەڕێوبەری گشتی .. چووینە ژوورەوە ... ئەو کابرایەکی زۆر خراپ بوو .. لەهەموویان خراپتر بوو .. کاتێ کە پاسەپۆرتەکەی بینی.. هەندێ ئەمدیو و ئەودیوی کرد .. ئەمجار سەری بەرز کردەوەو بەخێزانەکەمی ووت: کێ دەیسەلمێنێ، تۆ خاوەنی ئەم وێنەیەی؟ دەیویست دەم وچاوی خێزانەکەم ببینێ خێزانەکەم ووتی: داوا لە یەکێك لەفەرمانبەرە ئافرەتەکان بکە یان سکرتێرەکەت بۆ ئەوەی بمبینێ و بیسەلمێنێ .. لەم کاتەدا کابرا توڕە بوو .. هەموو ئەو شتانەی کە لە بەردەستیدا بوو وەکو (پاسەپۆرتە کۆنەکە – وێنەکە – هەموو نوسراوەکان) کۆی کردەوەو فڕەی دایە ناو یەکێك لە ڕەفی کتێبخانەکەی لای خۆی .. و ووتی: ئێستا تۆ نە پاسەپۆرتی کۆنت هەیە نە نوێیش .. تاکو وێنەیەك نەهێنیت بەو شێوەیە بێت کە دەمانەوێت .. تاکو بگونجێت لەگەڵیدا .. ئەمجار خێزانەکەم دەستی کرد بە گفتوگۆ کردن لەگەڵیدا بەزمانی ڕووسی بۆ ئەوەی ڕازی بکات .. منیش تەماشام دەکرد وتێ نەدەگەیشتم .. بەڵام زۆر توڕە بووم .. نەمدەتوانی هیچ شتێك بکەم .. کابرا دەیووت: دەبێت وێنەیەك بهێنی ئەو مەرجانەی تیادا بێت کە خۆمان دەمانەوێت .. خێزانەکەم ویستی ڕازی بکات بەڵام سوودی نەبوو .. ئەمجار بێدەنگ بوو .. منیش دووبارەم کردەوە و ووتم: خۆشەویستەکەم ..خوای گەورە داوای هیچ شتێك لە کەس ناکات کە لەتوانایدا نەبێت .. ئێمەیش لەکاتی پێویستی داین .. تاکەی لە نوسینگە و فەرمانگەکانی (پاسەپۆرت) بسوڕێینەوە؟؟ ووتی:

﴿وَمَن يَتَّقِ اللَّهَ يَجْعَل لَّهُ مَخْرَجًا وَيَرْزُقْهُ مِنْ حَيْثُ لَا يَحْتَسِبُ ﴾ [الطلاق: ٢-٣] .

واتە: هەرکەسێك لە خوا بترسێت وخۆی بپارێزێت ئەوا خوای گەورە دەروازەی خێری لێ دەکاتەوە وڕۆزی دەدات بە شێوەیەك کە خۆیشی بە خەیاڵیدا نەهاتبێت.

پاشان من و ئەو گفتوگۆیەکی زۆرمان کرد بۆیە بەڕێوبەرەکە توڕە بوو لە ژوورەکەی خۆی دەری کردین... ئەمجار دەرچووینە دەرەوە بەرەو ژوورەکەی خۆمان بۆ ئەوەی لەوێ گفتوگۆ بکەین منیش لە لایەکەوە بەزەییم پیادا دەهاتەوەو لەلایەکی تریشەوە زۆر توڕە بووم لێی....من دەمویست ڕازی بکەم ..ئەویش دەیویست من ڕازی بکات تاکو شەو داهات بەسەرماندا...نوێژی عیشامان کرد..من زۆربیرم لای ئەم کێشە ونەهامەتییە بوو... ئینجا ئەوەی ئامادە بوو خواردمان وسەرم نایەوە بۆ ئەوەی بنووم..

## چۆن دەخەوی...؟

کاتێ منی بینی بەو شێوەیە..ڕەنگی گۆڕاو..ڕووی لە من کردوو ووتی: خالد.... دەخەوی؟ ووتم: بەڵێ ..ئەی هەست بە ماندوو بوون ناکەیت؟ ووتی: سبحان الله.. لەم کاتە ناسکەداو لەم تەنگانەدا دەخەوی؟! ئێمە لە کات وساتێکدا دەژین پێویستمان بەوەیە بگەڕێینەوە بۆ لای خواو پەنای پێ بگرین..منیش هەستام.. دەستم کرد بەنوێژ کردن وئینجا خەوتم.. بەڵام ئەو هەستا دەستی کرد بە نوێژ کردن.. هەرکاتێك بەئاگا دەبوومەوە تەماشام

دەکرد..دەمبینی..یان لە رکوعدایە یان لە کڕنۆش دایە.. یان ڕاوەستاوە.. یان دەپاڕێتەوە.. یان دەگریا.. تاکو شەبەق دەرکەوت.. ئینجا منی بە ئاگا هێنایەوە.. ووتی: ئەوا شەبەق دەرکەوت هەستە با پێکەوە نوێژەکەمان بکەین.. منیش هەستام ودەستنوێژم گرت.. پێکەوە نوێژەکەمان کرد.. ئینجا ئەو خەوت, پاش ئەوەی ڕۆژهەڵات .. هەستا و ووتی: هەستە با بچین بۆ فەرمانگەی پاسەپۆرت ..ووتم : بچین بۆ فەرمانگەی پاسەپۆرت؟!بۆچ مەبەستێك یان بە چ بیانوویەك؟ وێنەکان لە کوێن؟ وێنەمان پێ نییە ... ووتی: بابڕۆین هەوڵ بدەین هەرگیز بێ ئومێد مەبە لەڕەحمەتی خوا .. بێ هیوا مەبە لەڕەحمەتی خوا.. ئینجا ڕۆیشتین, سوێند بەخوا کاتێ هەنگاومان نایە ناو فەرمانگەکە وخێزانەکەمیان بینی وناسیانەوە بە هۆی جل وبەرگەکەیەوە یەکێك لە فەرمانبەرەکان بانگی کرد و ووتی: تۆ فلان کەسی؟ ووتی: بەڵێ ..ووتی: وەرە پاسەپۆرتەکەت وەربگرە .. کاتێك لێمان وەرگرت بینیمان تەواو بووە بە وێنە حیجابەکەوە بۆیە ئەو زۆر دڵخۆش بوو وە رووی لە من کرد و ووتی: پێم نەووتی: ﴿وَمَن يَتَّقِ اللَّهَ يَجْعَل لَّهُ مَخْرَجًا﴾ [الطلاق: ٢] .

واتە: هەرکەسێك لە خوا بترسێت وخۆی بپارێزێت ئەوا خوای گەورە دەروازەی خێری لێ دەکاتەوە.

کاتێ ویستمان لە فەرمانگەکە دەرچین یەکێك لە فەرمانبەرەکان ووتی: دەبێ بچنەوە بۆ شارەکەی خۆتان کە لەوێوە هاتوون بۆ ئەوەی مۆرێك بدەن لە جەوازەکە بۆیە گەڕاینەوە شارەکە کە لێوەی هاتبووین .. منیش لە دڵی خۆمدا دەمووت: ئەمە کاتێکی شیاوە بۆ ئەوەی سەردانی کەس وکاری بکەین پێش ئەوە لە روسیا دەرچین, گەیشتینە ئەو شارە کە کەس وکاری ئەوی لێیە ژوورێکمان بە کرێ گرت و پاسەپۆرتەکەمان مۆر کرد..

## سەفەری سەخت و دژواری

ئەمجار رۆیشتین بۆ سەردانی کەس وکاری ولە دەرگامان دا, خانووەکەیان خانوویەکی کۆنی بێ فیز بوو دیار بوو کە دانیشتوانی خەڵکێکی هەژار بوون.. برا گەورەکەی دەرگای کردەوە گەنجێکی بە شان وشەوکەت بوو ئەم بەستەزمانە زۆر دڵخۆش بوو بە بینینی براکەی ودەم و چاوی بە دەرخست ورووی گەشایەوەو سڵاوی لێ کرد.. بەڵام براکەی لە سەرەتادا کە بینی سەرسام بوو لە نێوان خۆشحاڵ بوون بەوەی کە خوشکەکەی بە ساغ وسەلامەتی گەڕاوەتەوەو لە نێوان سەرسام بوون لەو جل وبەرگە رەشەی کە هەموو لەشی داپۆشیوە، خێزانەکەم بە روو گەشییەوە چووە ژوورەوە دەستی لە مل براکەی کردو منیش بە شوێنیدا چوومە ژوورەوە لە ژووری مێوان دانیشتم بە تەنها بەڵام ئەو چووە ژوورەوە بۆ لای کەس وکاری گوێم لێ بوو بە زمانی روسی قسەی لەگەڵ ئەواندا دەکرد هیچ تێنەدەگەیشتم بەڵام هەستم کرد کەوا شێوەی قسەکان گۆڕا, شێوەی تووڕە بوونی پێوە دیار بوو دەنگیان بەرز بووە، وە هەموویان هاواریان بە سەردا دەکرد ئەویش بەرگری لە خۆی دەکرد و وەڵامی ئەوانی دەدایەوە هەستم کرد کارەکە بەرەو خراپی دەڕوات بەڵام ناتوانم دڵنیا بم لە هیچ شتێك چونکە لە زمانی ئەوانم نەدەزانی ... لە ناکاودا دەنگە بەرزەکان لەو ژوورەی کە من دانیشتبووم نزیك بووەوە بینیم سێ گەنج هاتنە ژوورەوە بۆ لای من, کەسێکی بە تەمەن لە پێشیانەوە بوو لە سەرەتادا وامزانی کە هاتوون بۆ پێشوازی زاواکەیان، بەڵام نەخێر کاتێکم زانی هێرشیان کردە سەرم وەکو دڕندە ئەو بەخێرهاتنە گۆڕا بە مشتەکۆڵە ... لێدان ... زلە

لێدان منیش بەرگریم لە خۆم دەکرد وهاوارم دەکرد و داوای یارمەتیم دەکرد تاکو هێزم تیادا نەما هەستم کرد کە کۆتایی من لەم ماڵەدایە ئەوان بە هەموویانەوە لە منیان دەدا منیش دەسوڕامەوە ودەمویست ئەو دەرگایە بدۆزمەوە کە لێوەی هاتمە ژوورەوە بۆ ئەوەی هەڵبێم، کاتێ دەرگاکەم بینی هەستام بە توندی دەستم بە راکردن کردو دەرگاکەم کردەوەو هەڵاتم ئەوانیش بە دوامدا .. خۆم کرد بە ناو قەڵەباڵەغییەکدا تاکو لێیان بزر بووم، ئەمجار رووم کردە ژوورەکەی خۆم کە زۆر دوور نەبوو لە ماڵەکەیانەوە لەوێ دەموچاوم شووشت ئەو هەموو خوێنەی بە دەم و چاومەوە بوو شووشتم، تەماشای خۆمم کرد بینیم شوێنەواری لێدانەکەیان دیارە بە نێو چاوانمەوە .. گۆنام ... لوتم ... دەبینم خوێن لە دەممەوە دێتە خوارەوە و هەموو جل و بەرگەکەم دڕاوە، سوپاس گوزاری خوای گەورە بووم کە لە دەستی ئەو دڕندانە رزگاری کردم، لە دڵی خۆمدا ووتم: من رزگار بووم بەڵام دەبێ ئێستا حاڵی خێزانەکەم چۆن بێت؟ وێنەی دەهاتە پێش چاوم تۆ بڵێی ئەوەی بەسەر مندا هات بەسەر ئەویشدا هاتبێت لە لێدان و ئازاردان.. من پیاوم خەریك بوو بەرگەی ئەو هەموو لێدانە نەگرم .. ئەو ئافرەتە ئایا بەرگەی ئەو هەموو لێدانە دەگرێت؟ دەترسم ئەو بەستەزمانە بڕوخێت ...

## ئایا کاتی جیابوونەوە هاتووە ...؟

شەیتان دەستی کرد بە کارەکانی خۆی بە منی دەووت: ئەو ئێستا لەسەر دینەکەی خۆی هەڵدەگەڕێتەوەو دەگەڕێتەوە سەر دینی گاور. منیش بە تەنها دەگەڕێمەوە بۆ وڵاتەکەی خۆم.... وە بە سەرسامی مامەوە ئایە لەم کاتەدا چی بکەم؟ لەم وڵاتەدا بۆ کوێ بڕوم؟ چی بکەم باشە؟ لەم وڵاتەدا ئەوەی کە هەرزان بێت مرۆڤە.. دەتوانیت کەسێك بە کرێ بگری بۆ کوشتنی کەسێکی تر بە دە دۆلار ...ئایە ئەگەر ئازاری خێزانەکەمیاندا ئەمجار ئەویش جێگای منی بۆ ئەوان دەست نیشان کرد, ئەوانیش لە تاریکی شەودا کەسێك دەنێرن بۆ کوشتنم ... بۆیە دەرگای ژوورەکەی خۆم توند داخست بە تەنها مامەوە لە ژوورەکەمدا زۆر دەترسام ئەو شەوە هیچ خەو نەچووە چاوم, کە رۆژ بووەوە جل و بەرگەکەم گۆڕا و رۆیشتم بۆ ئەوەی حاڵی ئەو بزانم ... رۆیشتم لە دوورەوە تەماشای ماڵی ئەوانم دەکرد ... چاودێریم دەکرد وە هەرچی لەو ماڵەدا رووی بدایە دەمویست بزانم بەڵام دەرگاکان داخراون, زۆر چاوەڕوان بووم ... لە ناکاو .. دەرگاکە کرایەوە سێ گەنج و کابرای بە تەمەن هاتنە دەرەوە ئەو گەنجانە بە روخساریانەوە دیار بوو هەر ئەوانە بوون کە ئازاری منیان دا .. رۆیشتن بۆ سەر کارەکانیان پاشان دەرگاکە داخرا .. ئەمجار چاودێریم دەکردو تەماشام دەکرد خۆزگەم دەخواست کە خێزانم ببینم بەڵام هیچ سوودی نەبوو .. چەند کاتژمێرێك بەو شێوەیە مامەوە ئەمجار ئەو پیاوانە لە کارەکانیان گەڕانەوە و چوونە ژوورەوە .. منیش ماندوو بووم بۆیە گەڕامەوە بۆ ژوورەکەی خۆم, بۆ رۆژی دووەم دیسان چووم بۆ چاودێری کردنی ماڵی ئەوان بەڵام خێزانم نەبینی لە رۆژی سێیەمدا دیسان چووم .. بەڵام سوودی نەبوو, بێ ئومێد بووم لە ژیانی هاوسەرەکەم .. وای بۆ دەچم ئەو لە ئەنجامی ئازاردانیدا مرد بێت یان کوژرا بێت، بەڵام ئەگەر مرد بێت بەلای کەمەوە ئێستا دەبێت جوڵانەوەیەك بە ماڵەکەوە دیار بێت خەڵکی دەبێت بێن بۆ سەرخۆشی یان بۆ سەردانیان بەڵام کاتێ هیچ شتێکی نامۆم نەبینی خۆم دڵنیا کردەوە کە ئەو هێشتا زیندووە ... وە بە یەك گەیشتنمان نزیك بووەتەوە ..

## به یەك گەیشتن ...

لە ڕۆژی چوارەمدا .. خۆم پێ نەگیرا دانیشم لە ژوورەکەمدا دیسان چووم بۆ چاودێری کردنی ماڵی ئەوان پاش ئەوەی پیاوەکان چوون بۆ سەر کارەکانیان وەکو ڕۆژانی تر .. منیش تەماشا دەکەم و خۆزگە دەخوازم ... لە ناکاو .. بینیم دەرگاکە کرایەوە بینیم خێزانم دەرچووە دەرەوە بە لای ڕاست وچەپدا دەڕوانێت منیش بە پەلە لێی نزیك بوومەوە.. بینیم چەند جێگایەك لە ڕووی سوور بووەتەوە چەند جێگایەك شین بووەتەوە بە هۆی زۆر ئازاردانییەوە.. وە جل و بەرگەکەی خوێناوی بووە زۆر ترسام لە شێوەی بەزەییم پیادا دەهاتەوە زۆر تەماشام کرد بینیم خوێن لە برینەکانی دەتکێت.. لە برینەکانی ڕووی ... دەستەکانی ... پێستەکەی .... ئەو کراسەکەی زۆری دڕا بوو .. بینیم هەردوو پێی بە زنجیر بەستراوەتەوە و دەستەکانی لە پشتەوە بە زنجیرێك بەستراوەتەوە .. کە بینیم هەر لە دوورەوە بانگی ئەوم کرد و خۆم پێ ڕانەگیرا و دەستم بە گریان کرد ...

## دامەزراوی و ئامۆژگاری ..

بەدەنگێکی لەرزۆکەوە کە لەبەر سەختی ئازارەکانی بە ئاستەم دەنگی دەردەچوو پێی ووتم : گوێ بگرە خالد .. گومانت لە من نەبێت و توشی دڵەڕاوکێ مەبە .. من دامەزراوم لەسەر پەیمانەکەی خۆم، سوێند بەو خوایەی کە جگە لە ئەو هیچ خوایەکی تری حەق نییە .. ئەو ئازارەی کە ئێستا من دەیچێژم زۆر کەمە لە چاو ئەوەی کە هاوەڵان ﷺ و شوێنکەوتووانی پێغەمبەران (سەڵات وسەلامی خوایان لەسەر بێت) چەشتویانە .. تکات لێ دەکەم خالد .. مەیە نێوان من و کەس وکارم ئێستا بە پەلە بگەڕێرەوە ژوورەکە ولەوێ چاوەڕوان بە .. تا ئەو کاتەی دێم بۆ لات (إن شاء الله) بەڵام تکات لێ دەکەم کە زۆر لە خوا بپارێرەوەو شەو نوێژی زۆر بکە .. خالد دەڵێ: ئەوم بە جێهێشت بەڵام زۆر غەمبار بووم و بەزەییم پیادا دەهاتەوە, یەك ڕۆژی تەواو لە ژوورەکەمدا چاوەڕوان بووم و خۆزگەم دەخواست کە ئەو بێت بۆ لام .. ڕۆژێکی تر ڕۆیشت ... ڕۆژی سێهەمیش تەواو بوو تاکو شەو بە سەردا هات گوێم لێ بوو کەسێك لە دەرگای دا ئاخۆ کێ بێت لە دەرگا دەدات؟ ترسێکی زۆر چووە دڵمەوە.. ئەوە کێیە لەم نیوە شەوەدا لە دەرگا دەدات؟ ڕەنگە کەس و کاری جێگای منیان زانی بێت.. ڕەنگە خێزانەکەم جێگای منی بۆ ئەوان دەست نیشان کردبێت وئەوانیش هاتوون بۆ کوشتنم.. ترسێکی زۆر چووە دڵمەوە لە ترسی مردن دەچوو.. لە نێوان من و مردنا تەنها یەك تەڵە قژ ماوە .. منیش بە ترس و لەرزەوە ووتم: ئەوە کێیە لە دەرگا دەدات؟ گوێم لێ بوو هاوسەرکەم بە دەنگێکی نزم ووتی: دەرگاکە بکەرەوە منم هاوسەرەکەتم .. منیش هەستام ژوورەکەم روناك کردەوە و دەرگاکەم کردەوە ... هاوسەرەکەم هاتە ژوورەوە بەڵام حاڵی ئەو هیچ باش نەبوو چەندەها برین بە لاشەیەوە بوو .. ووتی: پەلە بکە با هەر ئێستا بڕۆین. ووتم: ئێستا؟! تۆیش حاڵت وایە؟! ووتی: بەڵێ .. پەلە بکە, ئەمجار دەستم کرد بە کۆکرنەوەی جل و بەرگەکانم ئەویش جانتاکەی کردەوەو جل و بەرگەکەی گۆڕی و جل و بەرگێکی نوێی لەبەر کرد و عاباکەی دا بە سەردا ... هەموو شتەکانی خۆمان کۆ کردەوە و دابەزین وسواری ئۆتۆمبیلێك بووین ئەو بەستەزمانە بە پەلە خۆی هاویشتە سەر کورسی ئۆتۆمبیلەکە .

## بۆ فرۆکەخانە ...

کە سواری ئۆتۆمبیلەکە بووم بە زمانی روسی بە شۆفێرەکەم ووت: بۆ فرۆکەخانە (پێش ئەوە چەند وشەیەکی روسی فێر ببووم), خێزانەکەم ووتی: نەخێر ناڕۆین بۆ فرۆکەخانە دەچین بۆ فلان گوند .. ووتم: بۆ؟! ئێمە دەمانەوێت هەڵبێین .. ووتی: راست دەکەیت .. بەڵام ئەگەر کەس و کارم بە هەڵاتنم بزانن .. دەچن بۆ فرۆکەخانە و لەوێ بە شوێنماندا دەگەڕێن.. بەڵام دەچین بۆ فلان گوند, کە گەیشتینە ئەوێ دابەزین .. ئەمجار سوار ئۆتۆمبیلێکی تر بووین بەرەو گوندێکی تر کەوتینە ڕێ ئەمجار بۆ گوندی سێیەم .. ئەمجار بۆ یەکێك لەو شارانەی کە فرۆکەخانەی نێو دەوڵەتی تیادایە کە گەیشتینە فرۆکەخانەکە.. جێگایەکمان گرت بە مەبەستی گەڕانەوەمان بۆ وڵاتەکەمان بەڵام هێشتا کات مابوو بۆ سەفەرکردن .. بۆیە ژوورێکمان بە کرێ گرت ولەوێ ماینەوە کاتێ لە ژوورەکەدا جێگیر بووین هەستمان بە ئارامی کرد خێزانەکەم عاباکەی لەسەر لادا ومنیش تەماشام کرد .. ئەی خوایە!! هیچ جێگایەکی نەماوە کە خوێناوی نەبێت .. پێستێکی بریندار.. خوێنێکی زۆری مەییو .. پرچێکی بڕاو .. لێوێکی شین ..

## چیرۆکێکی ترسناك ...

پرسیارم کرد .. چی روویدا؟ ووتی: کاتێ کە چوومە ژوورەوە .. لای کەس و کارم دانیشتم لێیان پرسیم: ئەم جل وبەرگە چییە؟ ووتم: ئەمە جل و بەرگی ئیسلامە.. ووتیان: ئەو پیاوە کێیە؟ ووتم: ئەوە هاوسەرمە.. من چوومەتە سەر دینی ئیسلام و شووم کردووە بەو پیاوە ..ووتیان: شتی وا نابێت .. ووتم: گوێ بگرن .. لە سەرەتادا با چیرۆکەکەی خۆمتان بۆ باس بکەم (ئەمجار چیرۆکەکەم بۆ باس کردن) وە باسی ئەو بازرگانە روسییەم کرد کە ویستی بەرەو خراپەکاری بمبات وە چۆن لە دەستی ئەو رزگار بووم وە چۆن لەگەڵ تۆدا بە یەك گەیشتین .. ووتیان: خۆزگە ڕێگای خراپەکاری وبەدرەوشتیت بگرتایەتە بەر خۆشحاڵتر دەبووین لەوەی کە بویتە بە موسڵمان .. ئەمجار ووتیان: لەم ماڵە دەرناچیت یان دەبێت بگەڕێیتەوە سەر دینی (ئارسەزۆکس) یان دەبێ بە مردوویەتی دەرچیت .. لەو کاتەدا بە هەموویانەوە منیان گرت و توند بەستمیانەوە، ئەمجار هاتن بۆ لای تۆ و دەستیان کرد بە لێدانت منیش گوێم لێ بوو کە لە تۆیان دەداو تۆیش هاوارت دەکردو داوای یارمەتیت دەکرد بەڵام من بەسترابوومەوە .. وە کاتێ تۆ هەڵاتیت .. براکانم گەڕانەوە بۆ لام دەستیان کردەوە بە جوێن دان پێم.. ئەمجار رۆیشتن و چەند زنجیرێکیان کڕی ومنیان پێ بەستەوە ئەمجار دەستیان کرد بە لێدانم .. لێدانێکی زۆر سەخت و بە ئازار, هەموو رۆژێك بە لێدان دەستی پێ دەکرد لە پاش عەسرەوە تاکو کاتی خەوتن بەڵام بەیانیان براکانم وباوکم دەچوون بۆ سەر کار دایکیشم لە ماڵەوە بوو وە هیچ کەس لام نەبوو تەنها خوشکێکی بچوکم نەبێت کە تەمەنی پانزە ساڵ بوو دەهات بۆ لام و پێم پێ دەکەنی کە تەماشای حاڵی منی دەکرد .. تەنها ئەم کاتە کاتی پشووی من بوو .. باوەڕ دەکەیت هەموو شەوێك من دەبورامەوە پاشان خەوم لێ دەکەوت .. لێیان دەدام تاکو دەبورامەوە پاشان دەخەوتم ... وەتەنها داواکارییان ئەوە بوو کە لە ئیسلام هەڵگەڕێمەوە منیش رازی نەدەبووم و ئارامم دەگرت، پاش ئەوە خوشکەکەم دەستی کرد بە پرسیارکردن ..بۆ واز لە دینەکەت دەهێنی؟ دینی دایکت..؟ دینی باوکت..؟ دینی باوك وباپیرت ..؟

## خوای گەورە دەرگای لێ دەكاتەوە ....

ئەمجار منیش دەستم كرد بە وەڵامدانەوەی پرسیارەكەی و باسی دینی ئیسلامم بۆ كرد ویەكخواپەرستی خوام بۆی روون كردەوە ...ئەویش گوێی دەگرت و هەستم كرد كە دڵی نەرم بووە وباوەڕی زۆر بە قسەكانم كرد ئەمجار دینی ئیسلامی لا روون بووەوە بە جوانی, لە ناكاودا ووتی: تۆ لەسەر دینێكی راستی.. بە راستی ئەمە دینێكی راستە.. ئەمە ئەو دینەیە كە دەبێ منیش دەستی پێوە بگرم.. ئەمجار ووتی: من یارمەتیت دەدەم.. ووتم: ئەگەر دەتەوێت یارمەتیم بدەیت ...ئەوا رێگام بۆ خۆش بكە تاكو هاوسەركەم ببینم .. ئەمجار ئەویش لەسەر بانەوە تەماشای دەكرد بۆ ئەوەی تۆ ببینی .. ئەو تۆی بینی كە لە شەقامەكەدا بە رێگادا دەڕۆیشتی .. ووتی: من كەسێك دەبینم سیفاتی بەم شێوەیە .. ووتم: بەڵێ ئەوە هاوسەرەكەمە ئەگەر بینیت دەرگاكەم بۆ بكەرەوە تاكو قسەی لە گەڵدا بكەم .. پاشان ئەوە بوو دەرگای بۆ كردمەوە وقسەم لە گەڵدا كردی .. بەڵام نەمدەتوانی دەرچمە دەرەوە چونكە من بە دوو زنجیر بەسترابوومەوە كە كلیلەكانی لای براكەم بوو .. وەزنجیری سێیەم بەسترابووە بە یەكێك لە كۆڵەكەكانی خانووەكەوە بۆ ئەوەی دەرنەچم كلیلەكەی لای خوشكەكەم بوو ... بۆ ئەوەی لە كاتی سەرئاودا بیكاتەوە, وە كاتێ لەگەڵ تۆدا قسەم كرد داوام لێ كردی كە لە جێگەی خۆت بمێنەوە تاكو دێم بۆ لات .. من بەسترابوومەوە بەو زنجیرانەوە ... پاشان هەوڵم دا لەگەڵ خوشكەكەمدا كە ببێتە موسڵمان .. لە كۆتاییدا بووە موسڵمان .. ئەو ویستی لە پێناوی مندا خۆی بەخت بكات وە بڕیاری دا كە كار ئاسانی بۆ هەڵاتنم بكات .. بەڵام كلیلەكان لای براكەم بوو ئەویش زۆر ئاگاداری كلیلەكان دەكات .. ئەو رۆژە خوشكەكەم مەیێكی قورس و تیژی ئامادە كرد.. ئەوان خواردیانەوە ... وەخواردیانەوە ... تاكو بە تەواوی سەرخۆش بوون و ئاگایان لە خۆیان نەما ... ئەمجار خوشكەكەم كلیلەكانی لە گیرفانی براكەم دەرهێنا و زنجیرەكانی كردەوە .. منیش بەو تاریكە شەوە هاتم بۆ لات .. ووتم: ئەی خوشكەكەت؟ ئێستا چی  بەسەردێت؟ ووتی: داوام لێ كرد كە ئیسلام بوونی خۆی ئاشكرا نەكات تاكو مشورێكی دەخۆین .. ئەو شەوە خەوتین؟ بۆ سبەینێ گەڕاینەوە وڵاتەكەی خۆمان .. كە گەیشتینە ئەوێ سەرەتا خێزانەكەم برد بۆ نەخۆشخانەو لەوێ چەند رۆژێك مایەوە .. برینەكانیان بۆ چارەسەر كرد كە هەمووی شوێنەواری ئازار و لێدان بوو .. ئەوەتا ئێستا ئێمە ئەمڕۆ لە خوا دەپاڕێینەوە كە خوشكەكەی دامەزراو بكات لەسەر دینەكەی ..

ئەم چیرۆكە لە كاسێتێكەوە وەرگیراوە بە ناونیشانی ( قصص مؤثرة) د.ابراهیم الفارس.

## ئەی خوشكە بە نرخەكەم ....

ئەم چیرۆكەم بۆ باس نەكردی بۆ ئەوەی هەست و سۆزت بجوڵێنم .. یان فرمێسكەكانت پێ بڕێژم ... یان شتێكی تر .. نەخێر ... بەڵكو بۆ ئەوەی بزانیت .. ئیستایش كەسانی پاڵەوانی وا هەیە كە بتوانێت ئەم دینە هەڵگرێت .. خۆیان بەخت دەكەن لە پێناویدا .. وە لە پێناوی بە عیززەت راگردنیدا خوێنی خۆیان بڕێژن ... ئەگەر لاشەیانیش پارچە پارچە بكرێت ... ئەگەر كافرەكانی دوێنێ وەكو (ئەبو جەهل و ئومەیە) ئازاری (بیلال و سومەیە) یان دا ئەوا باش بزانە كافرەكانی ئەمڕۆیش هەوڵ دەدەن بۆ دژایەتی كردنی ئەم دینە و پیلان و نەخشە دادەنێن لەو پێناوەدا .. وریا بە نەبیتە نێچیری ئەوان .. بۆ ئەوەی هەردەم سەربەرز و بە عیززەت بیت ..

## وە باش بزانە كە ....

یەكەم كەس لە شاری مەككەی پیرۆزدا نیشتەجێ بوو ئافرەت بوو .. لە كتێبی (صحیح البخاری)[1] دا ریوایەت كراوە ودەڵێت: ئیبراهیم ﷺ لە (شام) ەوە دەرچوو بۆ (بلد الحرام) لە نیمچە دورگەی عەرەب .. لەگەڵ (هاجرە) ی خێزانی و (ئیسماعیل) ی كوڕی كە هێشتا منداڵێكی شیرەخۆرە بوو لە بێشكەدا ... تاكو گەیشتە جێگەی كەعبەی پیرۆز (البیت), وە لەو رۆژەدا كەس لە مەككەدا نەبوو وە ئاویشی تیادا نەبوو لەوێ بە جێی هێشتن وهەندێ ئاوی بە تەنیشتیانەوە دانا .. لەگەڵ هەندێ خورمادا... ئەمجار پشتی هەڵكرد بۆ ئەوەی بگەڕێتەوە بۆ شام .. بەڵام دایكی ئیسماعیل چاوی خولانەوە بەم لاو بەولای خۆیدا .. لەو بیابانە وشكەدا .. بینی تەنها چەند شاخێكی وشك و چەند بەردێكی رەش دیارە .. وە هیچ كەسێكی لەوێ نەبینی ئەویش ئافرەتێك بوو كە لە كۆشكەكانی میسردا گەورە بووە .. پاشان لە شامدا نیشتەجێ بووە كە هەمووو باخ و باخات وسەوزەی لێیە .. زۆر سەرسام بوو.. لە دیمەنی دەوروبەری خۆی, دەترسا .. هەستا .. شوێنی پیاوەكەی كەوت .. ووتی: ئەی ئیبراهیم ﷺ بۆ كوێ دەڕۆیت؟! لەم دۆڵەدا بە تەنها بە جێمان دەهێڵی؟!... كەچی ئەو وەڵامی نەدایەوە و تەنانەت رووی لێ نەكرد .. دووبارە پرسیارەكەی لێ كردەوە ... كەچی وەڵامی نەدایەوە ... كاتێ بینی ئەو رووی تێ نەكرد .. ووتی: ئایە خوای گەورە فەرمانی پێ كردووی؟ ووتی: بەڵێ .. ووتی: كەواتە خوای گەورەم بەسە .. رازیم بە خوای گەورە .. چونكە ئەو ئێمە بزر ناكات ونامانفەوتێنێت .. ئەمجار گەڕایەوە .. ئیبراهیمی ریش سپی و بە تەمەن ﷺ گەڕایەوە بۆ شام .. خێزانەكەی ومنداڵەكەی بەجێهێشت .. بە تەنها ئەوانی بە جێهێشت .. تاكو گەیشتە سەر یەكێك لە شاخەكان.. كە ئەوانی لێوە دیار نەبوو .. رووی كردە كەعبە و دەستی بەرزكردەوە و بە پاڕانەوەوە فەرمووی: ﴿رَّبَّنَا إِنِّي أَسْكَنتُ مِن ذُرِّيَّتِي بِوَادٍ غَيْرِ ذِي زَرْعٍ عِندَ بَيْتِكَ الْمُحَرَّمِ رَبَّنَا لِيُقِيمُواْ الصَّلاَةَ فَاجْعَلْ أَفْئِدَةً مِّنَ النَّاسِ تَهْوِي إِلَيْهِمْ وَارْزُقْهُم مِّنَ الثَّمَرَاتِ لَعَلَّهُمْ يَشْكُرُونَ﴾ [إبراهيم: ٣٧].واتە: ئەی پەروەردگار من نەوەكانم لە دۆڵێكی وشك جێگیر كرد لە مەككەی پیرۆز لەلای ماڵە پارێزراوەكەت بۆ ئەوەی نوێژی لێ بكەن، خوایە تۆیش دڵی خەڵكی راكێشە بۆ لای ئەوان تا خەڵكی تۆ بپەرستن وحەجی ماڵەكەت بكەن، وە لە بەروبوومەكان رۆزییان بدە بەڵكو شوكرانە بژێری تۆ بكەن وسوپاسگوزار بن.

پاشان ئیبراهیم ﷺ رۆیشت بۆ شام، دایكی ئیسماعیلیش گەڕایەوە بۆ لای منداڵەكەی خۆی .. دەستی كرد بە شیردانی منداڵەكەی و لە ئاوەكەی دەخواردەوە .. پاش ماوەیەك ئاوەكەیان لێ بڕایەوە .. هاجرە تینوی بوو.. كۆرپەكەیشی تینوی بوو.. لە تینواندا ئەتلایەوە و بە زمانی لێوەكانی دەلێسایەوە .. وەبە دەستەكانی وپێیەكانی دەیدا بە زەویدا ... دایكیشی تەماشای دەكرد و دەیبینی ئەم دیو وئەو دیو دەكات .. هەر دەڵێی لەگەڵ مردندا شەڕ دەكات ... سەری بەرز كردەوەو تەماشای دەورو پشتی خۆی كرد .. هیچ كەسێك ویارمەتیدەرێكی نەبینی ... هیچ فریادرەسێك نییە... هەستا ... حەزی ناكرد كۆرپەكەی ببینێ لە كاتی گیان دەرچونیدا .. بەڵام سەرسام بوو .. بۆ كوێ بڕوات؟ چیای (صەفا) ی بینی كە نزیكترین چیا بوو لەوەوە ...بە ئەو لاوازییەی خۆیەوە سەركەوتە سەر چیاكە .. بەڵكو خێڵە دەشتەكییەكان ببینێ .. یان كاروانێك لەوێوە بڕوات ... كاتێ گەیشتە سەر چیاكە

---

(١) (انظر: صحيح السيرة النبوية: ص٤٠-٤١).

تەماشایەکی دۆڵەکانی کرد ... هیچ کەسێکی نەبینی ..پاشان لە کێوی (صەفا) دابەزی, تاکو گەیشتە ناو دۆڵەکەو پاشان چووە سەر کێوی (مەروە) و بۆ ئەوەی کەسێك ببینێ ..بەڵام کەسی نەبینی .. دیسان گەڕایەوە سەر کێوی (صەفا) کەچی کەسی نەبینی ئەو کارەی حەوت جار ئەنجام دا ... لە جاری حەوتەمدا کە لە سەر کێوی (مەروە) بوو گوێی لە دەنگێك بوو .. لە بەرخۆیەوە ووتی: بێ دەنگ بە... پاشان گوێی بۆ شل کرد .. ووتی: خودایە, بیستومە, ئەگەر فریادرەسێك لە لایەن تۆوەیە ئەوا فریام بکەوە .. کەچی هیچ وەڵامێك نەبوو پاشان رووی کردە کوڕەکەی..بینی فریشتەیەك لە فریشتەکانی خوا لە جێگای (زەمزەم)ی ئێستا .. بە باڵەکانی دای بە زەویدا و تاکو لە زەوییەکەوە ئاو دەرچوو ... پاشان بە پەلە دابەزی بۆ لای ئاوەکە .. بە دەستەکانی کۆی کردەوە .. ئەو جەوەنەی کە پێی بوو لێی پڕ کرد تاکو لێی رژا ... جبریل ووتی: مەترسە ئەم ئاوە وشك ناکات .. لەم جێگایەدا ئەم منداڵە وباوکی ماڵی خوا دروست دەکەن .. ماشاء الله ... چەند ئارامگرە .. وە ئەم بەسەرهاتە چەند پێویستی بە سەرسوڕهێنانە ... بە راستی بەڵایەکی مەزنە ... ئەم هەواڵە هەواڵی (هاجرە)یە کە ئارامی گرت ... هەوڵی دا .. تاکو خوای گەورە لە ناو دێڕەکانی قورئاندا باسی کردووە .. وە پێغەمبەرانی کردووەتە کوڕی ئەو(صەلات و سەلامی خوا لە هەموویان بێت) .. ئەو دایکی پێغەمبەرانە ... پێشەنگی خواناسانە... ئەمە حاڵی ئەو بوو . وە کۆتایی بەسەرهاتەکەی .. بەڵێ .. لە وڵاتی خۆی دوور کەوتەوە ..ترسا ... تینوی بوو ... برسی بوو .. بەڵام بە هەموو ئەوانە رازییە، چونکە رەزامەندی خوای گەورەی تیادایە .. لە پێناوی خوادا لە نامۆییدا ژیا تا لە کۆتاییدا خوای گەورە خۆشحاڵی پێ بەخشی .. وە موژدە بۆ نامۆکان ...ئایا نامۆکان کێن؟ ئەوان کەسانێکی چاکەکارن لە نێو خراپەکاراندا .. ئەوانە ژن و پیاون.. بەردەوامن لەسەر ئەو بەڵێنەی کە بە خوا داویانە .. پشکۆی ئاگریان بە دەستەوە گرتووە .. وە لەسەر بەردی رووت رێ دەکەن .. وە لەسەر خوڵەمێش دەنوون .. وە لە فەساد هەڵدێن .. زمانیان راستگۆیە .. داوێنیان پاکە .. چاویان پارێزراوە .. وشەکانیان پاك و پاراوە .. دانیشتنەکانیان شەریفانەیە .. ئەگەر لەبەر دەستی خوادا لە رۆژی دواییدا بوەستن ... دەست و پێیەکانیان شایەتیان بۆ دەدەن .. چاوەکانیان وگوێیەکانیان قسەی باشیان بۆ دەکەن .. بۆیە ئەوانیش خۆشحاڵ دەبن .. چاوەکانیان شایەتی ئەوە نادەن کە تەماشای حەرامی کردبێت .. گوێیەکانیان شایەتی نادەن کە گوێبیستی گۆرانی بوون، بەڵکو شایەتی گریانی شەوان و پاراستنی چاوەکانیان لە رۆژاندا بۆ دەدەن, ئەوانە کەسانێکن گیانیان دەکەنە قوربانی دینەکەیان ..

### مەنجەڵیان پێ دەکوڵێنێت ...

ئەو ئافرەتەی کە پرچی کچەکانی (فیرعەون) ی شانە دەکرد پێیان دەگوت (ماشطة) مێژوو ناوەکەی باس نەکردووە .. بەڵکو کردەوەکەی باس کردووە .. ئافرەتێکی چاکی لە خواترس .. خۆی وپیاوەکەی لە ماڵی فیرعەونی پادشادا دەژیان .. پیاوەکەی یەکێك بوو لە نزیکەکانی فیرعەون .. خۆیشی خزمەتکار و پەروەردەکاری کچەکانی فیرعەون بوو .. خوای گەورە منەتی کردۆتە سەریان بە بەخشینی ئیمان پێیان .. هەر کە فیرعەون بە ئیمانی پیاوەکەی زانی بە بێ چەند و چوون کوشتی .. بەڵام ژنەکەی ئیمانەکەی خۆی بە نهێنی راگرت و لە ماڵی فیرعەوندا مایەوە خزمەتی کچەکانی دەکرد و قژی ئەوانی دادەهێنا .. هەر پێنج منداڵەکەی بەخێو دەکرد .. منداڵەکانی بەخێو دەکرد هەروەکو چۆن چۆلەکە بێچووەکانی خۆی بەخێو دەکات .. رۆژێك لە رۆژان لە کاتی شانە کردنی قژی یەکێك

لە کچەکانی فیرعەون شانەکەی لە دەست کەوتە خوارەوە .. ووتی: بەناوی خوا (بسم الله) .. کچەکەی فیرعەون ووتی: خوا .!؟ مەبەستت باوکمە؟ ووتی: نەخێر ... بەڵکو خوا .. پەروەردگاری منە و پەروەردگاری باوکتە .. کچەکەی فیرعەون زۆر سەرسام بوو بەوەی کەسانێك هەن جگە لە باوکی کەسی تر دەپەرستن بۆیە هەواڵی گەیاندە باوکی .. ئەویش سەرسام بوو کە لە کۆشکەکەیدا کەسانێك هەن جگە لەو دەپەرستن .. فیرعەون بانگی کرد و لێی پرسی: کێ خوای تۆیە؟ ووتی: خوای من و خوای تۆ تەنها (الله)یە, فیرعەون فەرمانی پێ کرد کە لە دینەکەی بگەڕێتەوە .. پاشان بەندی کرد و ئازاری دا... کەچی ئەو لە دینەکەی نەگەڕایەوە... بۆیە فیرعەون فەرمانی کرد کە مەنجەڵێکی مس بهێنن و پڕی بکەن لە زەیت .. پاشان بیکوڵێنن ... تاکو سوور بووەوە .. ئافرەتەکەی لە بەردەم مەنجەڵەکەدا ڕاوەستاند ...کاتێ کە ئەو سزایەی بینی ... دڵنیا بوو لەوەی کە تەنها یەك گیانی هەیە کە دەرچێت دەگاتە لای خوای پەروەردگار... فیرعەون زانی کە خۆشەویسترین کەس لای ئەو منداڵەکانییەتی .. هەتیوەکان .. کە ئەو لە پێناویاندا تێدەکۆشێت .. رزق و رۆزیان بۆ پەیدا دەکات ... فیرعەون ویستی سزاکەی زیاد بکات ...بۆیە هەر پێنج منداڵەکەی ئامادە کرد...منداڵەکان چاویان بەم لاو ئەو لادا دەسوڕانەوە و نەیاندەزانی بۆ کوێ ڕاپێچ دەکرێن ... کاتێ کە دایکیان بینی توند دەستیان بە دایکیانەوە گرت و دەستیان بە گریان کرد .. ئەویش باوشی بۆیان کردەوەو ماچی ئەوانی دەکرد و بۆنی دەکردن و دەگریا .. پاشان منداڵە بچوکەکەی هەڵگرت وتوند لە باوشی گرت...مەمکەکانی خستە دەمیەوە ...کاتێ فیرعەون ئەم دیمەنەی بینی .. فەرمانی کرد کە منداڵە گەورەکەی بهێنن .. سەربازەکان ڕاپێچیان کردو بردیانە نزیکی مەنجەڵەکە و منداڵەکەیش هاواری دەکردو داوای یارمەتی لە دایکی دەکرد .. وە لە سەربازەکان دەپاڕایەوە .. وە تکای لە فیرعەون دەکرد ... وە هەوڵی دەدا کە خۆی دەرباز بکات.. بانگی برا بچوکەکەی دەکرد .. بە دەستە بچوکەکانی لە سەربازەکانی دەدا .. ئەوانیش لێیان دەدا و پاڵیان پێوە دەنا .. دایکەکەش تەماشای دەکرد و خواحافیزی لێ دەکرد .. چەند ساتێکی کەم بوو ..منداڵەکەیان خستە ناو مەنجەڵەکەوە کە پڕ بوو لە زەیتی کوڵاو .. وەدایکەکەیش تەماشای دەکرد و دەگریا ... براکانی بە دەستە بچوکەکانیان چاوی خۆیان دەگرت بۆ ئەوەی ئەو دیمەنە نەبینن ... پاش کەمێك هەموو گۆشتەکە لە لاشە لاوازەکەی بووەوە و تاوایەوە .. ئێسکە سپییەکانی کەوتە سەر زەیتەکە .. پاشان فیرعەون تەماشای کردو فەرمانی کرد کە لە دینەکەی بگەڕێتەوە .. کەچی رازی نەبوو.. بۆیە فیرعەون توڕە بوو .. فەرمانی کرد کوڕی دووەم بهێنن .. لە دەستی دایکیان سەندو ئەویش دەگریاو داوای یارمەتی لە دایکی دەکرد .. چەند ساتێکی کەم بوو ئەویش خرایە ناو زەیتەکەوە ... دایکەکەیش تەماشای دەکرد ... تاکو ئێسکەکەی کەوتە سەر مەنجەڵەکەو لەگەڵ ئێسکی براکەیدا تێکەڵ بوو .. دایکەکەیش سوورە لەسەر دینەکەی خۆی ... دڵنیا بوو کە دەگاتە خوای خۆی .. پاشان فیرعەون فەرمانی کرد کە منداڵی سێهەم بهێنن ... ئەویش ڕاپێچ کراو لە مەنجەڵەکە نزیك کرایەوە ... ئەویش لەناو زەیتەکەدا بزر کرا ... ئەوەی بەسەر براکانیدا هات بەسەر ئەویشدا هات .. وەدایکەکەیش دامەزراوە لەسەر دینەکەی خۆی .. پاشان فیرعەون فەرمانی کرد کە منداڵی چوارەم بهێنن ... سەربازەکان ڕوویان کردە لای منداڵی چوارەم .. ئەویش توند کراسەکەی دایکی گرتبوو .. کاتێ سەربازەکان ڕایان کێشا .. دەستی بە گریان کرد و خۆی خستە سەر پێی دایکی .. فرمێسکەکان دەڕژایە سەر پێیەکانی دایکی ...

دایکیشی هەوڵی دەدا کە ئەویش لە ئامێز بگرێت .. دەیویست کە ماچی بکات و بۆنی بکات و خوا حافیزی لێ بکات پێش ئەوەی لە یەك جیا ببنەوە .. سەربازەکان نەیانهێشت و لە دایکەکەیان کرد بە دەستە بچوکەکانی بەرزیان کردەوە وئەویش دەگریا وداوای یارمەتی لە دایکی دەکرد .. بە چەند وشەیەکی نەزانراو تکای لەوان دەکرد .. کەچی ئەوان بەزەییان پیادا نەهاتەوە ... چەند ساتێکی کەم بوو ئەویش لەناو زەیتە کوڵاوەکەدا خنکا ... لاشەکەی دیار نەما ... دەنگی بڕا ... دایکەکە بۆنی گۆشتە سوتاوەکەی کرد .. ئێسکە سپییەکەی ئەویش کەوتە سەر زەیتەکە ... دایکەکە تەماشای ئێسکەکانی دەکرد .. منداڵەکانی کۆچیان کرد بۆ ژیانێکی تر .. دایکەکەیش هەر دەگریا بۆ جیا بوونەوەیان ... چەند جارێك بوو ئەو منداڵانەی لە ئامێز گرت بوو .. چەندەها جار بە مەمکەکانی شیری پێ دەدان .. چەندەها شەو شەونخونی لە پێناویاندا دەکرد .. دەگریا بۆ گریانیان .. چەندەها شەو لە باوشیاندا بوو .. چەند جارێك بە پرچی دایکیان یاریان دەکرد ... چەندەها جار دایکی یاری لەگەڵدا دەکردن .... جل و بەرگی لەبەر دەکردن .. بەڵام .. هەوڵی دەدا کە خۆراگر بێت .. سەربازەکان بە دەوری ئەودا دەسوڕانەوە و پاڵیان پێوە دەنا ...

**منداڵە شیرەخۆرەکە** .....

بە توندی منداڵی پێنجەمیان لەدەست دەرهێنا.. مەمکەکانی دایکی لە دەمدا بوو کە لە دەستیان دەرهێنا منداڵەکە دەستی بە گریان کرد ... ئەو بەستەزمانەیش دەستی بە گریان کرد .. کاتێ خوای پەروەردگار زەلیلی و بەڵای ئەو ئافرەتەی بینی ... بە فەرمانی خوای گەورە منداڵەکە دەستی بە قسە کردن کرد و بە دایکی ووت: دایە گیان ئارام بگرە ... دڵنیا بە کە تۆ لەسەر حەقی .. پاشان دەنگەکە بڕا .. ئەویش لە ناو مەنجەڵەکەدا بزر بوو .. چوو بۆ لای براکانی .. کاتێك کە خرایە ناو زەیتەکەوە هێشتا چەند چۆڕێکی شیری لە دەمدا مابوو .. چەند تەڵێك لە پرچی دایکی بە دەستیەوە بوو .. هەر پێنج منداڵەکە رۆیشتن .. ئا ئەوەتا ئێسکەکانیان کەوتوەتە سەر مەنجەڵەکە .. گۆشتەکانیان دەکوڵێت ... ئەو بەستە زمانە تەماشای ئەو ئێسکە بچوکانەی دەکرد .. ئەوانە ئێسکی کێن؟ هی منداڵەکانی ئەوە .. کە هەردەم ماڵەکەیان پڕ کردبوو لە پێکەنین و گاڵتە کردن ...ئەوانە جگەر گۆشەی ئەون .. وگوشراوی دڵی ئەون, ئەوان کاتێ کە لێی جیا بوونەوە دەتگوت دڵیان لە سنگی دەرهێنا .. چەندەها جار بوو رایان دەکرد بۆ لای .. کراسی لەبەر دەکردن .. بە پەنجەکانی فرمێسکی ئەوانی دەسڕی .. ئەوەتا ئێستا لە دەستیان سەندو بە بەرچاوی خۆیەوە کوشتنیان وبە تەنها بە جێیان هێشت .. بەڵام پاش کەمێکی تر ئەویش دەچێت بۆ لای ئەوان .. بەوان دەگات .. دەیتوانی نەیەڵێت ئەو کارەساتەی بەسەردا بێت .. بە وتنی یەك وشەی کوفر کە فیرعەون گوێبیستی بێت .. بەڵام دەیزانی ئەوەی کە لای خودایە باشتر و بەردەوامترە .. ئێستا کەس نەماوە تەنها ئەو نەبێت .. سەربازەکان وەکو سەگێ دڕ هێرشیان کردە سەر .. بەرەو لای مەنجەڵەکە راپێچیان کرد .. کاتێ کە بەرزیان کردەوە بۆ ئەوەی بخرێتە ناو زەیتەکەوە .. تەماشای ئێسکی منداڵەکانی دەکرد .. یادی ئەوەی دەکرد کە لە ژیاندا چەندەها جار کۆ دەبووەوە لە گەڵیاندا .. پاشان ڕووی کردە فیرعەون و ووتی: یەك کارم پێتە..! فیرعەون هاواری کرد و ووتی: چیت دەوێت؟ ئافرەتەکە ووتی: دەمەوێت ئێسکی من و منداڵەکانم کۆ بکەیتەوەو لە یەك گۆڕدا بینێژیت .. پاشان چاوەکانی لە یەك نا.. ئەویش خرایە ناو مەنجەڵەکەوە ... لاشەکەی سووتا و .. ئێسکەکەی ئەویش کەوتە سەر مەنجەڵەکە..

## ئافەرین بۆ خۆی

چەند ئافرەتێکی دامەزراو بوو لەسەر دینەکەی!! .. پاداشتی چەند زۆرە لای خوای گەورە!! پێغەمبەری خوا ﷺ لە شەوی ئیسرائدا هەندێ لە خۆشییەکانی ئەو ئافرەتەی بینی و باسی بۆ هاوەڵانی ﷺ کرد ..پێیانی فەرموو: ئەو شەوەی کە چووم بۆ ئیسراء بۆنێکی خۆشم بیست ..ووتم: ئەم بۆنە خۆشە چییە؟ پێیان ووتم: ئەمە بۆنی ئەو ئافرەتەیە کە پرچی کچەکانی فیرعەونی دادەهێنا:

(لما أسري بي مرت بي رائحة طيبة، فقلت ما هذه الرائحة؟ فقيل لي: هذه ماشطة بنت فرعون وأولادها)[٢]

الله أكبر .. چەند ساتێکی کەم ماندوو بوو .. بەڵام لە ژیانێکی خۆشدایە بە هەمیشەیی.. ئەم ئافرەتە لە خوا ترسە ڕۆیشت بۆ لای خوای خۆی .. چووە نزیکی خوای گەورە .. وە تکا دەکرێت کە ئێستا لە بەهەشتدا بە خۆشگوزەرانی بژێت .. لای خوای گەورەی باڵا دەست .. ئێستا ژیانی لە جاران خۆشترە .. وە خۆشگوزەرانتر و جوانترە .. لە (بوخاری)دا هاتووە کە پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت:

(ولو أن امرأة من أهل الجنة اطلعت إلى أهل الأرض لأضاءت ما بينهما ولملأته ريحا ولنصيفها على رأسها خير من الدنيا وما فيها)[٣] .

واتە: ئەگەر ئافرەتێکی ئەهلی بەهەشت سەر لە ئەهلی زەوی بدات ئەوا هەموو زەوی ڕوناك دەکاتەوە و بۆنی خۆشی هەموو سەر زەوی دەگرێتەوە .. وە لەچکەکەی سەری .. باشترە لە هەموو دونیاو ئەوەی کە لە دونیادا هەیە.

وە لە (صحيح مسلم) دا ریوایەت کراوە کە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: (من يدخل الجنة ينعم ولا يبأس لا تبلى ثيابه ولا يفنى شبابه، في الجنة ما لا عين رأت ولا أذن سمعت ولا خطر على قلب بشر)[٤].

واتە: هەر کەسی بچێتە بەهەشتەوە ئەوا لە خۆشیدا دەبێت و هەرگیز نارەحەتی نابینێت .. جل و بەرگەکەی ناڕزێت وە گەنجێتی لەناو ناچێت .. وە لە بەهەشتدا ئەوەی دەدرێتی کە نە چاو بینیویەتی و نە گوێ بیستویەتی و نە بە دڵی هیچ مرۆڤێکدا هاتووە.. وە ئەوەی بچێتە بەهەشتەوە هەموو ئازارەکانی دونیای لەبیر دەچێتەوە ..

بەڵام ..کەس ناگاتە بەهەشت تەنها بە بەرگری ئارەزوو وشەهەوەتەکانی نەبێت .. بەهەشت دەور دراوە بە ناخۆشی و مەینەتی .. ئاگریش دەور دراوە بە ئارەزوو وشەهەوات .. وە شوێن کەوتنی شەهەوات لە جل وبەرگدا .. لە خواردندا .. لە خواردنەوەدا .. لە بازاڕەکاندا .. ڕێگایە بۆ دۆزەخ .. خۆشەویست ﷺ دەفەرموێت: (حفت الجنة بالمكاره وحفت النار بالشهوات )[٥].

واتە: بەهەشت دەور دراوە بە ناخۆشی وە دۆزەخیش دەور دراوە بە ئارەزوو شەهەوات.

---

(٢) (رواه البيهقي، وضعفه الألباني في: ضعيف سنن ابن ماجة: ٤٠٣٠).

(٣) (رواه البخاري ومسلم وغيرهما، وانظر: صحيح الترغيب والترهيب: ١٢٦١).

(٤) (رواه مسلم، وانظر: صحيح الترغيب والترهيب:٣٧٤٤).

(٥) (صحيح الجامع الصغير: ٣١٤٧).

خوشکی بەڕێزم .. ئەمڕۆ خۆت ماندوو بکە و ئارام بگرە بۆ ئەوەی سبەینێ لە خۆشیدا بژیت .. باش بزانە کە لە ڕۆژی دواییدا بە ئەهلی بەهەشت دەووترێت:

﴿سَلاَمٌ عَلَيْكُم بِمَا صَبَرْتُمْ فَنِعْمَ عُقْبَى الدَّارِ﴾ [الرعد: ٢٤] .

واتە: سەلامتان لێ بێت وپارێزراو بن لە هەموو ناخۆشییەك بە هۆی ئارامگرتنتان لە دونیادا، پاداشتتان ئەم بەهەشتەیە کە باشترین جێگاو شوێنە.

بەڵام بە ئەهلی دۆزەخ دەوترێت:

﴿أَذْهَبْتُمْ طَيِّبَاتِكُمْ فِي حَيَاتِكُمُ الدُّنْيَا وَاسْتَمْتَعْتُم بِهَا فَالْيَوْمَ تُجْزَوْنَ عَذَابَ الْهُونِ﴾ [الأحقاف: ٢٠] .

واتە: لە دونیادا ئێوە شوێنی هەواو ئارەزووەکانتان کەوتن وراتانبوارد لە تاوان وسەرپێچیدا، بۆیە ئێستا سزای سەرشۆڕی خۆتان وەردەگرن .

## پارە لەناو گۆڕدا

ئەو ئافرەتەی کە پرچی کچەکانی (فیرعەون) شانە دەکرد ئارام گر بوو لەسەر دینەکەی خۆی هەرچەندە ئەو هەموو فیتنە مەزنانە دەوری دابوو .. سوێند بە خوا کچانی ئەمڕۆ زۆر سەیرن .. ناتوانن ئارام بگرن تەنانەت لەسەر بەردەوام بوون لەسەر نوێژەکانیان .. زۆر جار سارد دەبێتەوە لە ئەنجامدانی تاکو لە دواییدا وازی لێ دەهێنێ .. تاکو توشی کوفر دەبێت ..پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرمووێت:

(العهد الذي بيننا وبينهم الصلاة فمن تركها فقد كفر)(٦) .

واتە: ئەو پەیمانەی کە لە نێوان ئێمە وئەواندایە نوێژ کردنە هەرکەسێ وازی لێ هێنا ئەوا کوفری کردووە).

هەرکەسێ بە ئەنقەست وازی لە نوێژکردن هێنا ئەوا خوای گەورە دەیکاتە دۆزەخەوە لەگەڵ شەیتاندا سزای دەدات وە لە خۆشی دووری دەخاتەوە وئاوی گەرمی دەرخوارد دەدا ... ئیمامی الذهبي لە کتێبی (الكبائر) دا باسی کردووە و دەڵێت: ئافرەتێك کۆچی دوایی کرد .. براکەی لە گۆڕی نا .. کیسەیەکی پارەی کەوتە ناو گۆڕەکەوە بەڵام ئاگای لێ نەبوو تاکو گەڕایەوە ماڵ و گۆڕەکەی بە جێهێشت .. پاشان کەوتە یادی کە ئەو پارەیە لەناو گۆڕەکەدایە .. بۆیە گەڕایەوە سەر گۆڕەکەو گڵەکەی لە سەر لادا کاتێ کە گەیشتە نزیکی خوشکەکەی .. بینی خوشکەکەی ئاگری تێ بەربووە .. بۆیە زۆر ترسا و گڵەکەی گەڕانەوە جێی خۆی وداپیۆشی .. بە گریانەوە گەڕایەوە بۆ لای دایکی و بە دایکی ووت: دایە گیان پێم بڵێ خوشکەکەم چی کردووە؟ دایکی ووتی: کوڕم بۆ پرسیار دەکەی؟ کوڕەکە ووتی: دایە گیان من گۆڕەکەی ئەوم بینی پڕی ئاگر بوو .. دایکەکە دەستی بە گریان کردو ووتی: کوڕم خوشکەکەت لە نوێژەکانیدا سست و تەمەڵ بوو وە لە کاتی خۆیدا نەیدەکرد و دوای دەخست ... ئەمە حاڵی کەسێکە کە نوێژەکانی دوا دەخات ... نوێژی بەیانی ناکات تا رۆژ دەردەچێت وە یان نوێژەکانی تری دوا دەخات .. ئاخۆ حاڵی ئەو کەسە چۆن بێت کە نوێژ ناکات؟؟!! پێغەمبەری خوا ﷺ باسی خەوێکی خۆی دەکات دەربارەی ئەوانەی کە نوێژەکانیان دوا دەخەن .. دەفەرموێت:

---

(٦) (رواه الترمذي، وصححه الألباني في: صحيح الجامع الصغير: ٤١٤٣).

(إنه أتاني الليلة آتيان وإنهما ابتعثاني وإنهما قالا لي انطلق وإني انطلقت معهما وإنا أتينا على رجل مضطجع وإذا آخر قائم عليه بصخرة وإذا هو يهوي بالصخرة لرأسه فيثلغ رأسه فيتدهده الحجر فيأخذه فلا يرجع إليه حتى يصح رأسه كما كان ثم يعود عليه فيفعل به مثل ما فعل المرة الأولى قال قلت لهما سبحان الله ما هذا؟! .... قالا لي: فإنه الرجل يأخذ القرآن فيرفضه وينام عن الصلاة المكتوبة)(٧).

واتە: ئەمشەو دوو کەس هاتن بۆ لام و داوایان لێکردم بکەومە شوێنیان و پێیان ووتم: وەرە لە گەڵمان .. منیش لە گەڵیان ڕۆیشتم.. چووین بۆ لای کابرایەك پاڵ کەوتبوو .. وە یەکێکی تر لە تەنیشتییەوە راوەستابوو بەردێکی گەورەی بە دەستەوە بوو .. بە توندی بەردەکەی دا بەسەر کابرادا کە پاڵ کەوتبوو .. ئەویش سەری پان دەبێ ...وە بەردەکەش خل دەبێتەوەو دوور دەکەوێتەوە پاشان دەکەوێتە شوێنی بەردەکە و هەڵی دەگرێت و نەدەگەڕایەوە بۆ لای تاکو سەری چاك نەبوایەتەوە .... کە سەری چاك دەبووەوە دیسان دەگەڕایەوە بۆ لای .. وەکو جاری یەکەم دیسان بەردەکەی دەدا بە سەریدا .. ووتم: سبحان الله .. ئەم دوو کەسە چین؟ دوو فریشتەکە ووتیان: ئەم کابرایە قورئانی پێ گەیشت و خوێندی بەڵام کاری پێ نەدەکرد و لەسەر نوێژە فەرزەکان دەنوست)..

﴿كَذَلِكَ الْعَذَابُ وَلَعَذَابُ الْآخِرَةِ أَكْبَرُ لَوْ كَانُوا يَعْلَمُونَ﴾ [القلم: ٣٣] .

واتە: ئەمە سزای دونیایە، بەڵام سزای دوارۆژ زۆر گەورەتر وسەختترە ئەگەر بزانن.

## شاژن ( الملكة )..

ئایا دەیناسیت؟ ئەو شاژن بوو لەسەر عەرشی خۆی ..لە خێزانێکی دەوڵەمەند و خوشگوزەران..فەرشی راخراو ..لەنێو خزمەتکارەکاندا کە خزمەتیان دەکرد ... کەس وکارێك کە ڕێزیان لێ دەگرت .. بەڵام ئەو ئیمانی بە خوا هێنابوو .. وە ئیمانەکەی خۆی ئاشکرا نەدەکرد .. ئەوە ئاسیای خێزانی فیرعەونە .. ئەو لە خۆشگوزەرانیدا بوو .. بەڵام کە بینی کاروانی شەهیدان پێشبڕکێ دەکەن بەرەو ئاسمان .. ئەمیش حەزی کرد کە لە خوای خۆی نزیك ببێتەوە وە حەزی لە نزیکی فیرعەون نەدەکرد .. کاتێ کە فیرعەون ئەو ئافرەتەی کوشت کە پرچی کچەکانی شانە دەکرد .. چووە ژوورەوە بۆ لای ژنەکەی (ئاسیا) بۆ ئەوەی لە پێش چاویدا خۆی بنوێنێ بۆیە ئاسیا بە دەنگی بەرز ووتی: تیاچوون بۆ تۆ چەند بە جورئەتی بەرامبەر بە خوای گەورە .. پاشان ئیمانەکەی خۆی ئاشکرا کرد .. بۆیە فیرعەون پەست بوو .. وە سوێندی خوارد دەبێ مردن بچێژی .. یان دەبێ کوفر بە خوا بکات.. پاشان فیرعەون فەرمانی کرد کە لە بەردەمیدا لەسەر تەختە دارێك رایان کشان وە هەردوو دەست و هەردوو پێی بە چەند مێخێکی ئاسنەوە بەستەوە .. وە فەرمانی کرد کە لێی بدەن ئەوانیش دەستیان کرد بە لێدانی .. تاکو هەموو لاشەی خوێناوی بوو .. گۆشتەکەی لە لاشەی بووەوە .. کاتێ کە سزاکەی توندتر بوو .. لە مردن نزیك بووەوە سەری بەرز کردەوە بۆ ئاسمان و ووتی:

﴿رَبِّ ابْنِ لِي عِندَكَ بَيْتًا فِي الْجَنَّةِ وَنَجِّنِي مِن فِرْعَوْنَ وَعَمَلِهِ وَنَجِّنِي مِنَ الْقَوْمِ الظَّالِمِينَ﴾ [التحريم: ١١] .

واتە: ئەی پەروەردگار لای خۆت ماڵێکم بۆ دروست بکە، وە رزگارم بکە لە فیرعەون وکردارەکانی، وەرزگارم بکە لە خەڵکانی ستەمکار.

---

(٧) (صحيح الترغيب والترهيب: ٥٧٨).

وە نزاکەی بەرز بووەوە بۆ ئاسمان (ابن كثير) دەفەرموویێت: خوای گەورە ماڵەکەی لە بەهەشتدا نیشان دا.. پاشان ئەویش بە بزەوە گیانی سپارد[٨].. بەڵێ .. شاژن مرد... ئەو ئافرەتەی کە لە نێو بۆنی خۆشی بخوڕدا بوو .. لە نێو خۆشی و دڵخۆشیدا بوو .. بەڵێ کراسە رەنگاو رەنگەکانی بە جێهێشت .. بۆنە خۆشەکانی و خزمەتکارەکانی بە جێهێشت .. هاوڕێ خۆشەویستەکانی بە جێهێشت .. وە مردنی هەڵبژارد .. بەڵام ئەمڕۆ بە ئارەزووی خۆی لە نێو خۆشگوزەرانیدا دێت و دەچێت .. بەڵێ ئارامگرتنی لەسەر گوێڕایەڵی و بەرەنگاری شەهەوات سوود بەخش بوو بۆی .. ئەو ئافرەتە شاژنە چوو بۆ لای خوای خۆی .. ئێستایش بە باشترین ئافرەتانی دونیا دەژمێردرێت ...

## یەکەم کەس کە موسڵمان بوو ئافرەت بوو..

ئیمامی بوخاری ریوایەتی کردووە و دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ پێش ئەوەی کە سروشی بۆ دابەزێت و ببێت بە پێغەمبەر ﷺ.. دەچوو بۆ ئەشکەوتی (حراء) کە نزیکی شار بوو لەوێ خواپەرستی دەکرد .. رۆژێك ئەو لە بێ دەنگی ناو ئەشکەوتەکەدا بوو لە ناکاو جبریل ﷺ هات بۆ لای و پێی ووت: بخوێنە .. پێغەمبەری خوا ﷺ زۆر ترساو .. ووتی: تا ئێستا هیچ پەرتوکێکم نەخوێندووە و خوێنەواریم نییە ونایشزانم بنوسم .. جبریل ﷺ لە ئامێزی گرت و توند رایکێشا پاشان وازی لێ هێنا و ووتی: بخوێنە .. پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: من خوێندەوار نیم .. بۆ جاری دووەم توند لە ئامێزی گرت وپاشان لێی گەڕاو ووتی: بخوێنە .. خۆشەویست ﷺ فەرمووی: من خوێندەوار نیم .. بۆ جاری سێیەم توند لە ئامێزی گرت و پاشان لێی گەڕا و ووتی:

﴿اقْرَأْ بِاسْمِ رَبِّكَ الَّذِي خَلَقَ خَلَقَ الْإِنسَانَ مِنْ عَلَقٍ اقْرَأْ وَرَبُّكَ الْأَكْرَمُ الَّذِي عَلَّمَ بِالْقَلَمِ عَلَّمَ الْإِنسَانَ مَا لَمْ يَعْلَمْ﴾ [العلق: ١-٥].

واتە: بخوێنە بەناوی ئەو پەروەردگارەتەوە کە دروستکارە، مرۆڤی دروست کردووە لە دڵۆپە ئاوێك پاشان لە دڵۆپە خوێنێکی مەیيو، بخوێنە بەناوی پەروەردگاری هەرە بەڕێزتەوە، کە مرۆڤی فێر خوێندن ونوسین کردووە بەهۆی قەڵەمەوە، وەمرۆڤی فێری هەموو ئەو شتانە کردووە کە نایزانی.

کاتێ پێغەمبەری خوا ﷺ ئەم چەند ئایەتەی بیست وئەم دیمەنەی بینی .. ترسەکەی زیادی کردو دڵی دەلەرزی.. پاشان گەڕایەوە بۆ شارو چووە ژوورەوە بۆ لای دایکی ئیمانداران (خەدیجەی کچی خوەیلد) (خوای لێ رازی بێت) .. فەرمووی: دامپۆشن .. دامپۆشن .. پاشان راکشاو دایان پۆشی .. دایکی ئیمانداران تەماشای دەکرد .. نازانێت چی شتێك بەو شێوەیە مێردەکەی ترساندووە .. پاش کەمێك پێغەمبەری خوا ﷺ هێور بووەوە و رووی کردە خەدیجەو هەواڵەکەی پێ راگەیاندو پێی ووت: ئەی خەدیجە .. زۆر لە خۆم ترسام .. خەدیجە فەرمووی: نەخێر سوێند بە خوا هەرگیز خوای گەورە تۆ شەرمەزار ناکات.. تۆ کەسێکی سیلەی رەحم بە جێ دەهێنی (سەردانی خزم دەکەی) وە رێز لە میوان دەگری و پشتیوانی بێ کەسان دەبیت .. وە نان بە هەژاران دەدەیت.. پشتگیری لە حەق دەکەیت .. پاشان خەیرو چاکەی ئەو ئافرەتە نەبڕایەوە, سوور بوو لەسەر یارمەتی دانی پیاوەکەی ودەستی گرت وبردی بۆ لای (وەرەقەی کوڕی نەوفەل) کە کوڕی مامی خەدیجە بوو, ئەو کابرایە پیرەمێردێکی نابینا بوو ...

---

(٨) (سلسلة الأحاديث الصحيحة: ٢٥٠٨).

کەسێك بوو لە سەردەمی نەفامیدا چوو بووە سەر دینی (نصرانی) و ئینجیلی بە جوانی دەخوێندو دەینوسییەوە.. وە هەواڵی پێغەمبەرانی دەزانی(صەلات و سەلامی خوایان لەسەر بێت) .. کاتێ خەدیجە چووە ژوورەوە بۆ لای لە نزیکی لەگەڵ پێغەمبەری خوادا ﷺ دانیشت و ووتی: ئەی ئامۆزا .. گوێ لە برازاکەت بگرە.. وەرەقە ووتی: ئەی برازا چیت بینیوە .. پێغەمبەری خوایش ﷺ هەواڵەکەی بۆ باس کرد .. وە باسی ئەو چەند ئایەتەی قورئانی بۆ کرد .. وەرەقە ووتی: سبوح .. سبوح.. موژدەو جارێکی تر موژدە ئەمە ئەو نیگایەیە (ناموس)ەیە (مەبەستی جبریلە) ﷺ کە دابەزییە سەر موسی ﷺ پاشان وەرەقە ووتی: خۆزگە منیش بە توانا و گەنج دەبووم کاتێ کە قەومەکەت لە شار دەرت دەکەن ..پێغەمبەری خوا ﷺ بە ترسەوە فەرمووی: بۆ قەومەکەم لە شار دەرم دەکەن؟! ووتی: بەڵێ .. ئەوەی کە تۆ هێناوتە هیچ کەسێك نەیهێناوە ئیللا دژایەتی کراوە ..وە ئەگەر من بگەمە ئەو ڕۆژە دەبێ پشتیوانییەکی باشت بکەم[٩] .. پاشان خۆشەویست ﷺ لەگەڵ خەدیجەدا دەرچوون .. خەدیجە دڵنیا بوو کە سەردەمی خەوتن بەسەر چوو وە دەبێ لەگەڵ مێردەکەیدا توشی بەلا ببێ .. ڕەنگە لە ماڵەکەی دەربکرێت .. ڕەنگە توشی ئازاردان ببێت .. هەرچەندە ئەو ئافرەتێکی دەوڵەمەندو لە خۆشگوزەرانیدا دەژیا .. ڕێزدارو ناودارە ئەوەتا ئەو ئێستا بەرەنگاری بەلا دەبێتەوە .. ئایا ئەو دوو دڵ بوو بۆ سەرخستنی دینەکە؟ یان گومان ودڵنیایی تێکەڵ کردبوو؟ نەخێر .. ئەو ئیمانی تەواوی بە خوای خۆی هێنا .. پیشتیوانی پێغەمبەرەکەی بوو ﷺ .. بە سەروەت و سامانەکەی .. بە بۆچونەکانی .. بە هەوڵ و تێکۆشانی .. ئەویش بەو شێوەیە مایەوە تاکو گەیشتە خوای خۆی .. ئیمامی مسلم ریوایەتی کردووە دەڵێت: جبریلﷺ هات بۆ لای پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ .. ئەوە خەدیجەیە هات بۆ لات دەوری پێخۆرێك یان خواردن یان خواردنەوەی پێیە .. ئەگەر هات بۆ لات ئەوا سەلامی خوای گەورەی پێ بگەیەنە و سەلامی منیشی پێ بگەیەنە .. وە موژدەی خانویەکی بدەرێ لە بەهەشتدا کە لە دوڕ ومرواری دروست کراوە نە دەنگە دەنگی تێدایە نە ماندوو بوون.. ئەمە هەواڵی خەدیجەیە .. یەکەم کەس بووە کە موسڵمان بوو .. خوا لە دایکمان ڕازی بێت .. خۆزگە کچان و خوشکانمان ئێستا شوێنی ئەو بکەون وبیکەنە پێشەنگی خۆیان .. خۆزگە تۆ شوێنی بکەویت وبیکەیتە پێشەنگی خۆت .. بۆ ئەوەی تۆیش ببیتە خاوەن ماڵێك لە بەهەشتدا لە دوڕ ومرواری دروست کرابێت نە دەنگە دەنگی تێدا بێت نە ماندوو بوون....

## دوا خەنجەر لێدان ..

دایکی عەممار کە ناوی (سمیەی کچی خیاط) بوو (خوای لێ ڕازی بێت) .. بەندەیەك بوو لە بەندەکانی ئەبو جەهل .. کاتێ خوای گەورە دینی ئیسلامی ڕەوانەی مرۆڤایەتی کرد .. خۆی و مێردەکەی وکوڕەکەی موسڵمان بوون.. پاشان ئەبو جەهل توشی فیتنەی کردن و ئازاری ئەوانی دەداو لەبەر تیشکی گەرمی خۆر ئەوانی دەبەستەوە تاکو نزیکی مردن دەبوونەوە لە گەرمانداو لە تینواندا .. پێغەمبەری خوا ﷺ بە تەنیشتیانەوە تێدەپەڕی لەو کاتەی کە ئەوان ئازار دەدران .. کە خوێن بە لاشەیانەوە دەهاتە خوارەوە .. وە گڕی هەتاوەکە لە سەرەوە ئەوانی دەکوڵاند .. لێوەکانیان لە تینواندا هەموو شەق شەق بوو بوو .. پێستەکەیان هەموو توشی برین بوو بوو ..پێغەمبەری خوا

---

(٩) (متفق عليه، وانظر: مشكاة المصابيح: ٥٨٤١).

ﷺ زۆر خەمی حاڵی ئەوانی دەخوارد .. وە دەیفەرموو: ئارام بگرن ئەی بنەماڵەی یاسر (آل یاسر) موژدە بێت بەهەشت هی ئێوەیە[١٠] .. ئەم چەند وشەیە بە جوانی بە گوێیاندا تێپەڕی .. بۆیە دڵەکانیان دەستی کرد بە سەما کردن .. دڵەکانیان لە خۆشیاندا دەفڕین .. زۆر خۆشحاڵ بوون بۆ ئەو موژدەیە .. لە ناکاودا .. فیرعەونی ئەم ئوممەتە کە ئەبو جەهلە هات بۆ لایان .. رق و کینەی زیادی کردبوو .. بە جۆرەها شێوە ئازاری ئەوانی دەدا ..بە ئەوانی دەووت: جوێن بە محمدو خواکەی بدەن .. کەچی ئەوان زیاتر دامەزراوتر دەبوون لەسەر دینەکەیان .. لەم کاتەدا ئەو کەسە ناپاکە .. هات بۆ لای (سمیە) پاشان خەنجەرەکەی دەرهێنا و بە توندی لە داوێنی دا .. گۆشتەکەی پارچە پارچە کرد و هەموو لاشەی خوێناوی بوو.. ئەویش هاواری دەکردو داوای یارمەتی دەکرد .. مێردەکەی و کوڕەکەی بە تەنیشتییەوە بوون .. ئەوانیش بە بەستراوی تەماشایان دەکرد .. ( ئەبو جەهل) یش جوێنی دەداو کوفری دەکرد .. ئەویش واتە: (سمیە) بە دەم (الله أكبر)ەوە گیانی دەرچوو .. پاشان دەستی کرد بە پارچە کردنی لاشەکەی بە خەنجەرەکەی .. رەزای خوا لە سمیە بێت .. گیانی دەرچوو .. بەڵێ .. مرد .. ئافەرین بۆ خۆی چەند جوان وسەربەرزییە دیمەنی مردنەکەی .. مرد .. بەڵام خوای خۆی لە خۆی رازی کرد وە دامەزراو بوو لەسەر دینەکەی .. مرد .. سەری شۆڕ نەکرد و لە جەللادەکان نەترسا.. وگوێی پێ نەدان ..

## لە ئاوی ئاسمان دەخواتەوە ..

بەڵی ئافرەتان ئارامیان دەگرت لەسەر ئەو هەموو بەڵایەی کە بە سەریاندا دەهات .. ئارامیان دەگرت لەسەر توندوتیژی ئازار کاتێ کە ئازار دەدران .. ئارامیان دەگرت کاتێ کە داخیان دەکردن بە ئاگر و ئاسن .. ئارامیان دەگرت بەرامبەر بە جیابوونەوە لە مێردو منداڵەکانیان .. ئارامیان دەگرت لەسەر هەموو ئەوانە چونکە دینەکەیان خۆش دەویست وخوای هەموو جیهانیان بە عیززەت رادەگرت.. هیچ کەس لەوان لە هیچ شتێکی دینەکەی خۆیان پاشگەز نەدەبوونەوە .. وە حیجابەکەی خۆیان لەبەر دانەدەکەند .. شەرەفەکەی خۆیان دەپاراست .. هەر چەندە نرخەکەی هەموو ژیانیان بوایە ..(دایکی شریك) کە ناوی (غزية الأنصارية) بوو .. لەگەڵ یەکەم کەسەکاندا لە شاری مەککەی پیرۆز موسڵمان بوو.. کاتێ بینی کافرەکانی مەککە باڵا دەستن و موسڵمانەکان لاواز و بێ هێزن .. خەمی بانگەواز کردنی بۆ دینەکەی گرتە ئەستۆی خۆی .. بۆیە ئیمانەکەی بە هێز بوو .. وە رێز و قەدری خوای گەورەی زیاتر لا بەرز بووەوە .. پاشان بە نهێنی دەچوو بۆ لای ئافرەتەکانی قورەیش و بانگەوازی ئەوانی دەکرد بۆ سەر ئاینی پیرۆزی ئیسلام .. وە ئاگاداری دەکردنەوە کە دوور بکەونەوە لە بت پەرستی .. تاکو لای کافرەکانی مەککە ئاشکرا بوو کە ئەم ئافرەتە خەریکی چییە.. بۆیە بە توندی لێی پەست بوون .. وە لەبەر ئەوەی کە قورەیشی نەبوو کەس نەبوو بەرگری لێ بکات .. پاشان کافرەکان گرتیان و پێیان ووت: ئەگەر کەس وکارت هاوپەیمانی ئێمە نەبوایە ئەوا خۆمان دەمانزانی چیمان لێ دەکردی بەڵام لە مەککە دەرت دەکەین ودەتگەڕێنینەوە بۆ لای کەس وکاری خۆت .. دڵیان سەغڵەت کردو خەفەتیان داپێی .. پاشان سواری وشتریکیان کرد وهیچ شتێکیان نەخستە سەر وشترەکە بۆ ئەوەی ئازاری زیاتر بێت .. پاشان سێ رۆژ بەڕێوە بوون .. خواردن وخواردنەوەیان پێ نەدەدا .. تا نزیك بوو لە برس وتینوواندا بمرێت .. وە هێندە رق و کینیان بەرامبەری زۆر بوو .. ئەگەر لە جێگایەکدا لایان

---

(١٠)حسنه الألباني في (فقه السيرة: ص١٠٣).

بدایە بە مەبەستی پشوودان.. ئەوا ئەویان توند دەبەستەوە و دەیانخستە بەر گەرمی هەتاوەکەو.. خۆیان لە سێبەری دارەکاندا دادەنیشتن .. لەو کاتەدا کە ئەوان لە رێگا بوون .. لە جێگایەکدا لایان دا .. لە وشترەکەی هێنایانە خوارەوەو لەبەر هەتاوەکە بەستیانەوە .. داوای ئاوی لێ کردن کەچی ئەوان ئاویان پێ نەدا .. لەو کاتەدا کە ئەو لە تینواندا زمانی دەخشاند بە زەوییەکەدا .. هەستی کرد شتێکی سارد کەوتە سەر سنگی، دەستی بۆ ئەو شتە ساردە برد بینی ئەوە شەربەیەکی پڕ لە ئاوە .. پاشان کەمێکی لێ خواردەوە .. پاشان بەرز کرایەوە و لە دەستی سەنرا .. دیسان جارێکی تر ئاوەکە نزم بووەوە و لێی خواردەوە و دیسان بەرز کرایەوە .. چەند جارێك دووبارە بووەوە.. تاکو تینوێتی نەما .. پاشان لەو ئاوە رژا بەسەر پۆشاك و لاشەیدا .. کاتێ کە کافرەکان لەخەو هەستان و.. ویستیان بەرێ بکەون .. هاتن بۆ لای ئەم ئافرەتە لە خواترسە .. بینیان وا شوێنەواری ئاو بە سەر پۆشاك و لاشەیەوە دیارە .. بینیان ئێستا حاڵی زۆر باش بووە .. سەرسام بوون.. چۆن گەیشتۆتە ئاوەکەو کەچی بەو شێوەیە بەستراوەتەوە .. پێیان ووت: ئایا کۆتەکانی خۆت کردۆتەوەو شەربەکانی ئێمەت بردووەو ئاوت خواردۆتەوە؟ ووتی: نەخێر سوێند بەخوا .. بەڵکو لە ئاسمانەوە شەربەیەکی پڕ لە ئاو دابەزی .. منیش ئاوم لێ خواردەوە تاکو تینوێتیم نەما .. بۆیە ئەوان بە سەرسامییەوە تەماشای یەکتریان دەکرد .. ووتیان: ئەگەر ئەم ئافرەتە راست بکات ئەوا دینەکەی ئەو لە دینەکەی ئێمە باشترە .. کاتێ چوون بۆ لای شەربەکانی خۆیان بینیان وەکو ئەو کاتەیە کە بە جێیان هێشتبوو هێچی لێ کەم نەبۆتەوە .. بۆیە هەموویان لەوێدا موسڵمان بوون .. کۆتەکەیان لێ کردەوەو بە باشی لە گەڵیدا دەجوڵانەوە .. هەموویان موسڵمان بوون بە هۆی ئارام گرتن و دامەزراوی ئەم ئافرەتە لەسەر دینەکەی .. دایکی شریك رۆژی قیامەت دێت و لە پەڕاوەکەیدا ناوی چەندەها ئافرەت و پیاوی تیادایە کە لەسەر دەستی ئەو موسڵمان بوون ..

## ئافرەتێك لە ئەهلی بەهەشت ..

بەڵێ ... مێژوو (دایکی شریك) ی ناسیوە .. وە هەروەها (دایکی أنس ی کوڕی مالك) یشی ناسیوە.. کە بە (الغمیصاء) ناسراو بوو .. پێغەمبەری خوا ﷺ دەربارەی ئەو هەروەکو ئیمامی بوخاری ریوایەتی کردووە دەفەرمووێت:

(دخلت الجنة فسمعت خشفة بين يدي فقلت ما هذه الخشفة فقيل الغميصاء بنت ملحان)[11].

واتە: چوومە ناو بەهەشتەوە گوێم لە خشەیەك بوو لەبەر دەستمدا بینیم کە (الغمیصاءی کچی ملحان) ە .. ئافرەتێك بوو لەسەرسورهێنەرترین ئافرەتەکان .. دەژیا هەروەکو چۆن کچانی تر لە سەرەتای ژیانیانداو لە سەردەمی نەفامیدا دەژیان.. شووی کردە کابرایەك بە ناوی (مالك ی کوڕی نضر) کاتێ خوای گەورە ئیسلامی کردە خەڵاتی مرۆڤایەتی .. چەند وەفدێك لە پشتیوانان وەڵامی بانگەوازەکەیان دایەوەو موسڵمان بوون.. دایکی سلیم لەگەڵ یەکەم کەسەکاندا موسڵمان بوو .. پاشان داوای لە پیاوەکەی کرد کە ببێتە موسڵمان کەچی رازی نەبوو.. بەڵکو زۆر پەست بوو .. پاشان داوای لێ کرد کە لە شاری مەککەوە لە گەڵیدا سەفەر بکات بۆ شام .. بەڵام دایکی

(١١) (صحيح الجامع الصغير: ٣٣٦٨).

سلیم رازی نەبوو .. کەچی ئەو سەفەری کرد و لەوێ کۆچی دوایی کرد .. دایکی سلیم ئافرەتێکی زۆر ژیرو داناو جوان بوو .. بۆیە چەند پیاوێك کێبەرکێیان بۆ دەکرد (ابو طلحة) کە هێشتا موسڵمان نەببوو داوای لێ کرد کە شووی پێ بکات .. ئەویش ووتی: بە راستی من حەز دەکەم ببمە خێزانی تۆ.. چونکە کەسێکی وەك تۆ نابێت رەت بکرێتەوە .. بەڵام تۆ کەسێکی کافریت .. وە منیش ئافرەتێکی موسڵمانم .. ئەگەر ببیتە موسڵمان ئەوە دەبێتە مارەییەکەم و داوای هیچی تر ناکەم .. (ابو طلحة) ووتی: من لەسەر دینی خۆمم .. دایکی سلیم ووتی: ئەی (ابو طلحة) ئەی نازانیت ئەو خوایەی کە تۆ دەیپەرستیت لە دارێك دروست کراوە کە لەو زەوییە سەوز بووە حەبەشییەکانی بەنی فلان بۆمانی دەیهێنن؟ ووتی: بەڵێ .. ووتی: ئەی شەرم ناکەیت دارێك دەپەرستیت کە لە زەوییدا سەوز دەبێت وحەبەشیەکانی بەنی فلان دەیهێنن؟ ئەی (ابو طلحة) ئەگەر تۆ موسڵمان بیت من هیچ شتێکم ناوێت وئەو ئیسلام بوونە دەبێتە مارەیەکەم.. (ابو طلحة) ووتی: جارێ روخسەتم بدە هەندێ بیر بکەمەوە ... پاشان رۆیشت.. پاش ماوەیەك هاتەوەو ووتی: أشهد أن لا إله إلا الله وأن محمداً رسول الله دایکی سلیم زۆر خۆشحاڵ بوو و ووتی: ئەی ئەنەس مارەم بکە لە (أبو طلحة) .. شووی پێ کرد .. تاکو ئێستا هیچ مارەییەك نەبووە رێزدار تر بێت لە مارەییەکەی دایکی سلیم .. کە مارەییەکەی بریتی بوو لە ئیسلام ..!! تەماشاکەن چۆن خۆی هەرزان کرد لە پێناوی دینەکەیدا .. لە پێناوی ئیسلامدا وازی لە هەموو مافەکانی خۆی هێنا .. ئافرەتێك دەژێت لە پێناوی یەك مەبەستدا ئەویش ئیسلامە .. ئاخۆ چۆن رێزی بەرز دەبێتەوە.. بە راستی بە نرختر دەبێت .. خەڵکی بانگ دەکات بۆ لای خوا بەڵکو ..کاتێ کە پێغەمبەری خوا ﷺ چوو بۆ شاری مەدینە .. هەموو کۆچکەران وپشتیوانان بە خۆشحاڵییەوە پێشوازیان لێ کرد .. پێغەمبەری خوا ﷺ لە ماڵ (ئەبو ئەیوب) دابەزی.. چەندەها کۆمەڵ چون بۆ سەردانی ..( دایکی سەلیم ی ئەنصاری) لە ماڵ دەرچوو بۆ ناو ئەو هەموو خەڵکەو حەزی کرد دیارییەکی بە نرخ ببات بۆ پێغەمبەری خوا ﷺ هیچ شتێکی نەدۆزییەوە بە نرختر بێت لای لە جگەر گۆشەکەی بۆیە (أنس) کوڕی لەگەڵ خۆی بردو چوو بۆ لای پێغەمبەری خوا ﷺ لەبەر دەستیدا راوەستاو ووتی: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ ئەمە (أنس) ە حەز دەکەم هەردەم لەگەڵ تۆدا بێت و خزمەتت بکات .. پاشان گەڕایەوەو أنس لەگەڵ پێغەمبەری خوادا ﷺ چەند ساڵێك مایەوە بە شەو و بە رۆژ خزمەتی ئەوی دەکرد ..

### شەوێك لەگەڵ ( دایکی سلیم ) دا ..

دایکی سلیم کەسێك نەبوو تەنها لە پێش چاوی خەڵکیدا کۆششکار بێت و لە ناخی خۆیدا خۆی بیر بچێتەوە بەڵکو سەرسام بوون لە رەوشتی ئەودایە لە ماڵەوە .. لە کاتی خزمەت کردنی پیاوەکەیدا .. وە رازی بوون بەو بەشەی کە خوای گەورە پێی دەبەخشێت .. دایکی سلیم شووی کردە (ابو طلحة)رضي الله عنه .. وە خوای گەورە کوڕێکی روو گەشی پێ بەخشی بە ناوی (ابو عمیر) .. وە (ابو طلحة)رضي الله عنه ئەم منداڵەی زۆر خۆش دەویست .. بەڵکو تەنانەت پێغەمبەری خوایشﷺ ئەو منداڵەی خۆش دەویست .. جارێکیان پێغەمبەری خوا ﷺ بە تەنیشتییەوە تێ پەڕی بینی بە باڵندەیەك یاری دەکات .. ناوی (النغیر) بوو .. خۆشەویست ﷺ گاڵتەی لە گەڵدا دەکرد و دەیفەرموو: (یا أبا عمیر ما فعل النغیر)[١٢].

---

(١٢) (صحيح الجامع الصغير: ٨٧٣٠).

واتە: ئەی ابی عمیر باڵندەکە (نغیر) چی کرد؟ ئەم منداڵە نەخۆش کەوت .. بۆیە (ابو طلحة)ﷺ زۆر غەمبار بوو .. رۆژێك نەخۆشییەکەی سەخت بوو .. لەو کاتەدا (ابو طلحة)ﷺ بۆ کارێکی پێغەمبەری خوا ﷺ سەفەری کردبوو .. لەوێ هەندێ دواکەوت.. نەخۆشی کوڕەکە زیادی کردو کۆچی دوایی کرد .. دایکیشی لە گەڵدایە .. هەندێ لە کەسوکاری دەستیان بە گریان کرد .. دایکەکە ئەوانی هێور کردەوە و ووتی: هیچ کەس لە ئێوە قسە بۆ (ابو طلحة) ﷺنەکات بە مردنی کوڕەکەی تاکو خۆم قسەی بۆ دەکەم .. پاشان لە گۆشەیەکی ماڵەکە منداڵەکەی داپۆشی .. پاشان چوو خواردنی بۆ مێردەکەی ئامادە کرد .. کاتێ (ابو طلحة)ﷺ گەڕایەوە ماڵ وپرسیاری کرد: منداڵەکەمان چۆنە؟ خێزانەکەی ووتی: ئێستا هێور بووەتەوە .. وە بە ئومێدم کە پشوی دابێت .. پیاوەکە بەرەو لای منداڵەکەی رۆیشت بە مەبەستی بینینی .. کەچی دایکەکە رازی نەبوو و ووتی: ئەو بێدەنگە مەیجوڵێنە .. پاشان خواردن وخواردنەوەی بۆ ئامادە کرد و ئەویش تێر بوو پاشان ئەو شەوە چووە لای خێزانییەوە .. کاتێ هەموو شتێك تەواو بوو .. خێزانەکەی ووتی: ئەی (ابو طلحة) ﷺ ئەگەر کەسێك شتێك بە ئەمانەت بدات بە کەسێکی تر پاش ماوەیەك داوای ئەمانەتەکەی لێ کرد ئایا بۆی هەیە رێگەی لێ بگرێت و نەیداتەوە؟ ووتی: نەخێر .. ووتی: ئایا سەرسام نابێت بۆ کاری دراوسێکەمان؟ ووتی: چی بووە (چییان کردووە)؟ ووتی: قەومێك ئەمانەتێکیان لا دانا بوو .. ماوەیەکە لایان ماوەتەوەو تاکو خۆیان کردۆتە خاوەنی .. کاتێ خاوەنەکەی هاتووەو داوای کردۆتەوە کەچی ئەمان پێیان ناخۆشە بۆیان بگەڕێننەوە، ووتی: بەراستی کارێکی خراپیان کردووە .. ئەویش ووتی: ئەوە کوڕەکەی تۆیە .. کە ئەمانەتی خوای گەورە بوو .. ئێستا ئەمانەتەکەی خۆی بردەوە .. بۆیە ئارام بگرە و کوڕەکەت ئێستا لای خوای گەورەیە .. (ابو طلحة)ﷺ راچەڵەکی .. پاشان ووتی: ئەمشەو چەند زاڵ بووم بەسەر ئارام گرتندا پاشان هەستاو منداڵەکەی ئامادە کرد .. کە رۆژ بووەوە چووە خزمەتی پێغەمبەری خوا ﷺ .. و پێی راگەیاند کە خێزانەکەی چۆن هەڵسوکەوتی لەگەڵدا کردووە .. خۆشەویستﷺ دوعای بەرکەتی بۆ هەردوکیان کرد لەو شەوەیاندا .. ئەو کەسەی کە فەرموودەکەی ریوایەت کردووە دەڵێت: پاش ئەوە من حەوت کوڕی ئەوانم لە مزگەوتدا بینی کە هەموویان قورئانیان لەبەر کردبوو .. خوشکی بەرێزم تەماشاکە چۆن بە هۆی دینەکەیەوە رێزدار بوو خۆی پاراست لە یەخەی خۆ دادڕین .. لە رووی خۆ رنین وقسەی خراپ کە هەندێ جار هەندێ خوشکی موسڵمان دەیکەن لە کاتی مردنی کەسێکیاندا .. ئایا تاکو ئێستا بینیوتانە ئافرەتێك کوڕەکەی لەبەر دەستیدا بمرێت .. کەچی خەریکی خزمەتکردنی پیاوەکەی بێت .. وە خۆی بۆ ئامادە بکات .. بەڵکو تاکو ئێستا بینیوتانە ئافرەتێك بەو شێوە نەرم ونیان بێت لە رەوشتیداو لە رێگای باسکردنی مردنی کوڕەکەی بۆ مێردەکەی ..

## ئافرەتێك مێردەکەی پەروەردە دەکات ..

ئافرەتێك کە خاوەنی ئەو ئیمان و دینە بێت .. خاوەنی راستگۆیی ودڵنیایی بێت .. دەبێ خەیرو چاکەی بڵاو ببێتەوە .. بە هۆی کارەکانیانەوە بەرکەت دەڕژێت بە سەریاندا .. بەسەر کەس و کاریدا .. منداڵەکانی دەبێ پیاو چاك دەر بچن .. کچەکانی رێگای راست بگرن .. وە دەبێتە پێشەنگی پیاوەکەی وکارەکانی دەکات .. چیتر پێویست بە سەرسام بوون ناکات ئەگەر پیاوەکەی رێزی بەرز ببێتەوە پاش خواستنی ئەو ئافرەتە دایکی سلیم زۆر

جار هانی پیاوەکەی دەدا بۆ بانگەوازو جیهاد کردن و گوێڕایەڵی فەرمانەکانی خوای پەروەردگار .. تاکو شەڕی (أحد) روویدا .. (ابو طلحة)ﷺ لەگەڵ هاوەڵانی تردا ﷺ دەرچوو ..شەڕەکە گەرم بوو .. حاڵی موسڵمانان زۆر سەخت بوو .. موسڵمانان وەزعیان تێك چوو .. لێیان کوژرا ..پەرت وبڵاو بوون .. پاشان موشریکەکان هێرشیان بردە سەر پێغەمبەری خوا ﷺ بۆ ئەوەی بیکوژن .. بەڵام هاوەڵەکانﷺ روویان کردە پێغەمبەری خوا ﷺ بە مەبەستی پاراستنی .. هەندێکیان بریندار بوون .. برسی بوون ... لاشەیان خوێناوی بوو .. لە لاشەیان گۆشت دەکەوتە خوارەوە .. چوونە نزیك پێغەمبەری خوا ﷺ .. بۆ پاراستنی لە هێرشی دوژمنان .. خۆیان دەخستە بەر ئەو شمشێرو تیرانەی کە دەیانهاویشتە گیانی پێغەمبەری خوا ﷺ .. (ابو طلحة)ﷺ یەکێك بوو لەوانەی کە خۆی کردبووە قەڵغانێك.. بۆ پاراستنی خۆشەویستەکەی و سنگی خۆی بەرز کرد بووەوە و دەیفەرموو: (ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ نابێت هیچ تیرێك لێت بدات, گەردنم لە پێش گەردنی تۆیە) .. کافرەکان لە (ابو طلحة) یانﷺ دەدا یەکێکیان تیرێکی بۆ هاویشت.. ئەوی تر شمشێرێکی لێ دەدا .. سێیەمیان خەنجەری بەکار دەهێنا بۆ کوشتنی .. تاکو .. بێ هێز بوو پاشان کەوتە سەر زەوی .. (ابو عبیده)ﷺ بە توندی رای کرد بۆ لای (ابو طلحة)ﷺ بینی (ابو طلحة)ﷺ پێکراوە .. پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: (**دونکم اخاکم فقد اوجب**) .. واتە: براکەتان هەڵگرن، چونکە بەدڵنیاییەوە بەهەشت بۆ ئەو پێویست بووە.

پاشان ( ابو طلحة) یانﷺ هەڵگرت .. بینیان کە زیاتر لە دە جێگەیەوە پێکراوە .. بەڵێ .. (ابو طلحة)ﷺ یەکێك بوو کە ئاڵای ئەم دینەی هەڵدەگرت .. خۆشەویست ﷺ هەردەم دەیفەرموو: (**لصوت أبي طلحة في الجيش خير من فئة**)[١٣].واتە: دەنگی (ابو طلحة)ﷺ لەناو لەشکردا باشترە لە کۆمەڵە چەکدارێك.

ئەمە دەنگی ئەو بوو لەناو لەشکردا .. ئەی چی دەڵێیت دەربارەی هێزو شەڕ کردنی..؟؟!!

## لە نەرویجەوە بۆ کیشوەری ئەفریقیا ..

چۆن کچەکانی ئەمڕۆ تەمەڵی دەکەن لەسەرخستنی دینەکەیان .. بەڵێ... چۆن؟؟! بەو شێوەیە خراپەکاری بە ئاشکرا دەبینێ .. پەیوەندی ناشەرعی دەبینێ .. شێوەی جل وبەرگی حەرام دەبینێ .. کە هەموویان خۆی لە خۆیدا هەڕەشەی دابەزینی سزایەکی سەخت دەکەن لە لایەن خوای گەورەوە .. ئەم هەموو خراپەکارییانە دەبینێ لە نێوان نزیکەکانی .. خوشکەکانی .. هاوڕێکانی .. کەچی هەوڵ نادات بۆ چاکسازی وە زۆر باش دەزانێت کە خۆشەویست ﷺ فەرموویەتی: (**من رأى منكم منكرا فليغيره...**)[١٤].

واتە: هەر کەسێك لە ئێوە خراپەیەکی بینی ئەوا با بیگۆڕێت ......) ئایا تۆ هیچ خراپەیەکت گۆڕیوە؟..(بە گوێرەی توانای خۆت) خۆزگە! .. ئایا حاڵی تۆ چۆن دەبێت لە رۆژی قیامەتدا .. لە کاتێکدا ئەگەر هاوڕێیەکت یان خۆشەویستێکت یان کەسێکی نزیکت توند دەستی تۆیان گرت ودەستیان بە گریان کرد؟ پێت دەڵێت: کاتێ تۆ ئێمەت دەبینی خەریکی خراپەکاری بووین ..خەریکی ئەنجامدانی کاری حەرام بووین .. بۆ ئامۆژگاری ئێمەت

---

(١٣) (صحيح الجامع الصغير: ٥٠٨٢).

(١٤) (صحيح الجامع الصغير: ٦٢٥٠).

نەدەکردو بەرهەڵستیت لێمان نەدەکرد؟ بۆ یادمانت نەدەخستەوە؟ تەماشای ئافرەتە کافرەکان بکە بزانە ئەوان چۆن لە پێناوی دینەکەیاندا هەوڵ دەدەن و خۆیان دەکەنە قوربانی دینەکەیان .. یەکێك لە بانگەواز کاران دەڵێت: بە مەبەستی بانگەواز کردن بۆ دینی خوا چووم بۆ سەردانی پەناهەندەکان لە کیشوەری ئەفریقیا .. ڕێگاکە زۆر سەخت وترسناك بوو لە ڕێگادا زۆر ماندوو بووین .. لە پێشمانەوە جگە لە شەپۆلی بەرزی لم هیچی تر دیار نەبوو .. هەر کاتێك دەگەیشتینە هەر گوندێك لە گوندەکان ئاگاداریان دەکردینەوە کە وریای جەردەو ڕێگر بین .. خوای گەورە بۆی ئاسان کردین و گەیشتینە لای پەناهەندەکان لە کاتی شەودا.. ئەوان زۆر خۆشحاڵ بوون بە چوونی من بۆ ئەوێ .. خەیمەیەکیان بۆ ئامادە کردم جێگەی خەوتنی تیادا بوو .. منیش چونکە زۆر ماندوو بووم یەکسەر خۆم خستە سەر جێگەکە .. پاشان بیرم دەکردەوە لە سەفەرەکەی خۆم .. ئایا دەزانی چی دەهاتە مێشکمدا؟ هەندێ هەستم بە شانازی و فەخر کرد .. بەڵکو هەستم بە سەرسام بوون وخۆ بە زلزانی کرد .. ئاخۆ کێ پێش من گەیشتۆتە ئەم جێگە دوورە؟ ئاخۆ کێ دەتوانێت ئەو کارە بکات کە من کردوومە؟ بەڵکو کێ دەتوانێت بەرگەی ئەو هەموو مەینەتی وماندوو بوونە بگرێت؟ ئیتر نزیك بوو شەیتان فریوم بدات وتوشی فیز زلی ولە خۆبایی بوونم بکات .. بۆ سبەینێ دەرچووین و دەستمان کرد بە گەڕان لە ناوچەکەدا تاکو گەیشتینە نزیکی بیرێکی ئاو کە لە ماڵی پەناهەندەکانەوە دوور بوو .. کۆمەڵێك ئافرەتم بینی هەریەکەو مەنجەڵێکی بەسەر هەڵگرتبوو .. بەڵام شتێك سەرنجی ڕاکێشام .. ئافرەتێکی سپی پێستم بینی لەنێو ئەو ئافرەتە ڕەش پێستانەدا.. لە سەرەتادا وام زانی یەکێکە لەوان بەڵام توشی نەخۆشی بەڵەکی بووە.. بۆیە لە هاوڕێکەم پرسی کە ئەو ئافرەتە کێیە؟ ووتی: ئەو ئافرەتە (بە گاور کارە) واتە هاتووە بۆ ئەوەی خەڵکی بکات بە گاور .. خەڵکی وڵاتی نەرویجە ..تەمەنی سی ساڵە .. بۆ ماوەی شەش مانگە نیشتەجێ بووە لە گەڵماندا .. وەکو ئێمە جل وبەرگ لەبەر دەکات .. وە ئەوەی کە ئێمە دەیخۆین ئەویش دەیخوات .. لە کارەکانماندا یارمەتیمان دەدات .. وە هەموو شەوێك لە جێگایەکدا کچەکانمان کۆ دەکاتەوە و قسەیان بۆ دەکات وخوێندن ونوسینیان فێر دەکات .. وە هەندێ جار ئەوان فێری سەما کردن دەکات.. وە دەست دەهێنی بەسەر هەتیوەکاندا.. سەردانی نەخۆشەکانمان دەکات ولە ئازارەکانیان کەم دەکاتەوە .. تەماشای حاڵی ئەو ئافرەتە بکەن .. ئایە چی وای کردووە لەو کچە بچێت بۆ ئەو جێگەیە بێ ئاو و دوور و وشکە.. کەچی ئەو لە سەر گومڕاییە؟ ئایا چی پاڵی پێوە ناوە کە شارستانی ئەوروپا و باخچە سەوزەکانی بە جێ بهێڵێ؟ ئایا چی شتێك وڕەی بەرز کردۆتەوە کە لەگەڵ ئەو پیر و پەککەوتانەدا بمێنێتەوە کەچی ئەو هێشتا لە لوتکەی گەنجێتیدایە؟ ئایا خۆت بە بچوك نازانیت؟ ئەوە کچێکی گاوری گومڕایە .. ئارام دەگرێ و هەوڵ دەدا .. کەچی لە سەر بەتاڵە .. بەڵکو لەناو دارستان وگژو گیای ئەفریقیادا ..نەك تەنها ئەو بەڵکو چەندەها کچی تری گاور لە ئەمریکاو بەریتانیاو فەرەنساوە دێن .. بۆ ئەوەی لە خانویەکی بچوکی لە دار دروستکراودا یان لە خانویەکی لە قوڕ دروستکراودا بژێت و لە خواردنە خراپەکەی ئەوان بخوات هەروەکو چۆن ئەوان دەیخۆن .. وە لە ئاوی ڕووبارەکان دەخواتەوە هەروەکو چۆن ئەوان دەیخۆن .. منداڵەکانیان بە خێودەکات.. ئافرەتەکانیان بۆن خۆش دەکات .. ئەگەر لە پاش گەڕانەوەی بۆ وڵاتەکەی خۆی ئەو ببینیت .. دەبینی ڕەنگی زەرد بۆتەوەو پێستی ڕەق بووەو لاشەی لاواز بووە .. بەڵام هەموو ئەو ماندوو بوونەی لەبیر دەچێتەوە لە پێناوی خزمەت کردنی دینەکەیدا ..

بە راستی شتێکی سەرسوڕهێنەرە ! ! ئەوانەی کە ئەو ئافرەتە گاورە کافرانە دەیکەن بۆ ئەوەی کە خەڵکی جگە لە خوا بپەرستن:

﴿إِن تَكُونُواْ تَأْلَمُونَ فَإِنَّهُمْ يَأْلَمُونَ كَمَا تَأْلَمونَ وَتَرْجُونَ مِنَ اللّهِ مَا لاَ يَرْجُونَ﴾ [النساء: ١٠٤].

واتە: ئەگەر ئێوە ئازارتان دەبێت ئەوا ئەوانیش(کافران) ئازاریان دەبێت هەروەکو چۆن ئێوە ئازارتان دەبێت، بەڵام ئێوە بە ئومێدی پاداشتی خوای گەورەن کە ئەوان بە ئومێدی نین چونکە باوەڕیان بە ڕۆژی دوایی نییە.

## یەکێکی تر دەڵێت:

لە وڵاتی ئەڵمانیا بووم .. یەکێك لە دەرگای دا ..گوێم لێ بوو دەنگی ئافرەتێکە لە پشتی دەرگاکەوە بانگم دەکات ..ووتم: چیت دەوێت؟ ووتی: دەرگاکە بکەرەوە.. ووتم: من کابرایەکی موسڵمانم وە کەسیش لەماڵەوە نییەو دروست نییە کە بێیتە ژوورەوە .. کەچی ئەو سوور بوو کە دەرگاکەی بۆ بکەمەوەو منیش دەرگام بۆ نەکردەوە .. پاشان ئەو ئافرەتە لەو دیوی دەرگاکەوە ووتی: من لە کۆمەڵی (شهود یهود)م کە کۆمەڵەیەکی دینی جولەکەیە ..دەرگاکە بکەرەوە و ئەم کتێب و بڵاوکراوانە بگرە .. ووتم: من هیچ شتێکم ناوێت ..پاشان دەستی کرد بە پاڕانەوە .. منیش پشتم لە دەرگاکە کردوو و بەرەو ژوورەکەی خۆم ڕۆیشتم .. پاشان ئەو کە زانی دەرگای بۆ ناکەمەوە بۆیە دەمی خستە سەر کونی دەرگاکە و پاشان دەستی کرد بە قسە کردن دەربارەی ڕێنمایی دینەکەی خۆی و بیرو باوەڕەکەی بۆ ماوەی دە دەقیقە.. کاتێ لە قسەکانی بووەوە ڕووم کردە دەرگاکەو ووتم: بۆ خۆت ماندوو دەکەیت بەم شێوەیە؟ ووتی: ئێستا هەست بە پشو دەکەم، چونکە ئەوەی کە لە توانامدا بوو لە پێناوی خزمەتکردنی دینەکەمدا کردم:

﴿إِن تَكُونُواْ تَأْلَمُونَ فَإِنَّهُمْ يَأْلَمُونَ كَمَا تَأْلَمونَ وَتَرْجُونَ مِنَ اللّهِ مَا لاَ يَرْجُونَ﴾ [النساء: ١٠٤].

واتە: ئەگەر ئێوە ئازارتان دەبێت ئەوا ئەوانیش(کافران) ئازاریان دەبێت هەروەکو چۆن ئێوە ئازارتان دەبێت، بەڵام ئێوە بە ئومێدی پاداشتی خوای گەورەن کە ئەوان بە ئومێدی نین چونکە باوەڕیان بە ڕۆژی دوایی نییە.

## ئەی تۆ ..ئایا ڕۆژێك پرسیارت لە خۆت کردووە ..

ئایا چیت پێشکەش کردووە بە ئیسلام؟ چەند کچ لەسەر دەستی تۆ تەوبەیان کردووە؟ ئایا چەند خەرج دەکەیت لە پێناوی ڕێ نیشاندانی خوشکەکانت بۆ سەر دینی خوا؟ هەندێ خوشکی لە خوا ترس دەڵێن: ئێمە دەترسین بانگەواز بکەین یان شەرم دەکەین کاتێ بە خراپەکاران دەڵێین خراپە مەکە . . بە راستی ئەم قسەیە قسەیەکی سەرسوڕهێنەرە ! ! ئەی باشە ئەو ئافرەتە گورانی بێژە بۆ شەرم ناکات و ناترسێت؟ لە پێش دەیان هەزار کەس گۆرانی دەڵێت وئەوانیش بە چاوەکانیان خەریکن وەکو گورگ هاشاوڵی دەدەن پێش ئەوەی بە گوێیان ببیسن .. کەچی هەرگیز ناڵێت من دەترسم یان شەرم دەکەم .. ئەی باشە ئافرەتێکی سەماکار چۆن دەوێرێت لە پێش هەزاران کەسدا لاشەی خۆی نمایش بکات ! ! ؟ وە هەرگیز شەرم ناکات وناترسێت .. کەچی تۆ کاتێ داوات لێ دەکرێت کە ئامۆژگاری یان بانگەواز بکەی بۆ دینی خوا .. شەیتان توشی تەمبەڵیت دەکات .. یان هەندێ هاورێی

خۆت خراپەکانت لا جوان دەکەن .. دەست دەکەن بە گۆڕینەوەی گۆڤاری خراپ وکاسێتی گۆرانی یان بانگهێشتی یەکتر دەکەن بۆ مەجلیسی خراپەکاری .. وە ئەمەیش جۆرێکە لە هاوکاری کردن لەسەر خراپەکاری ودژایەتی .. وە چوونە ناو کۆمەڵی شەیتانەوە .. کە پاش ماوەیەك ئەو خۆشەویستییە دەبێتە دوژمنایەتی ورق و کینە .. خوای باڵا دەست دەفەرموویێت:﴿**الأخلاء يومئذ بعضهم لبعض عدو إلا المتقين**﴾ [الزخرف: ٦٧].

واتە: دۆست وخۆشەویستانی دونیا لە ڕۆژی قیامەتدا هەندێکیان دەبن بە دوژمنی هەندێکی تریان تەنها خواپەرستان نەبێت کە لە ڕۆژی قیامەتیشدا دۆست وخۆشەویستی یەکترین.

ئەمە حاڵی ئەوانە لە گۆڕەپانی ڕۆژی قیامەتدا کە جلی شەرمەزاری و پەشیمانی لەبەر دەکەن .. بەڵام لە ئاگردا حاڵیان بەو شێوە دەبێت کە خوای گەورە باسی کۆمەڵێك لەسەر پێچی کەران دەکات و دەفەرمێت:

﴿**ثُمَّ يَوْمَ الْقِيَامَةِ يَكْفُرُ بَعْضُكُم بِبَعْضٍ وَيَلْعَنُ بَعْضُكُم بَعْضًا وَمَأْوَاكُمُ النَّارُ وَمَا لَكُم مِّن نَّاصِرِينَ**﴾ [العنكبوت: ٢٥] .

واتە: پاشان ئێوەی بێباوەڕ لە ڕۆژی قیامەتدا هەندێکتان بەرائەت لە هەندێکی ترتان دەکەن ونەفرەت لە یەکتری دەکەن، وەشوێنتان دۆزەخە، وەکەسیش نییە لەو ڕۆژەدا کە پشتیوان ویارمەتیدەرتان بێت.

بەڵێ .. نەفرەت لە یەکتر دەکەن .. ڕۆژی قیامەت بە هاوڕێکانیان دەڵێن: (کە لە دونیادا پێکەوە دادەنیشتن وپێکەوە پێدەکەنین وهەردەم پێکەوە بوون): نەفرەتی خواتان لێ بێت تۆ بوی بویتە هۆی ئەوەی کە توشی تاوان ببم .. ئەویش هاوار دەکات و دەڵێت: بەڵکو نەفرەتی خوا لە تۆ بێت تۆ بوی کە کاسێتی گۆرانیت پێ دەدام .. ئەویتر دەڵێت: بەڵکو نەفرەتی خوا لە تۆ بێت تۆ بویت سفوری و بەرەڵاییت لا جوان کردم .. ئەویش وەڵامی دەداتەوە و دەڵێت: بەڵکو نەفرەتی خوا لە تۆ بێت تۆ بوی ڕێگاکانی خراپەکاریت پێ نیشاندام .. بە ڕاستی سەیرە ئەو هەموو پێکەنین وگاڵتە و چپە وگەڕان بە نێو بازاڕەکاندا وئەو هەموو خۆشەویستییە ..ئەمڕۆ هەموویان نکوڵی دەکەن و نەفرەت لە یەکتر دەکەن .. بەڵێ .. دەزانن بۆ؟ چونکە ڕۆژێك لە ڕۆژان لە سەر چاکەو ئامۆژگاری بە یەك نەدەگەیشتن .. بۆیە لە قیامەتدا بە یەك دەگەن .. بەڵام لە کوێ؟ لە ئاگردا .. کە هەرگیز کڵپەی دانامرکێتەوە و هەرگیز تینی گەرماکەی سارد نابێتەوە .. وە بڵێسەی کەم نابێتەوە ئیللا مەگەر خوای گەورە خۆی بیەوێت ..

## ئەی ئەمڕۆ ئافرەتەکا نمان لە کوێن؟؟

کوان ئەو ئافرەتانەی کە لەسەر ڕێگای ئەو ئافرەتە چاکانە بڕۆن؟ بە داخەوە ئەگەر یەکێك لەو ئافرەتانە توشی سەرپێچی کردنێکی شەرعی ببێت لە جل و بەرگەکەیدا یان لە تەماشا کردندا یان گفتوگۆکەی پاشان یەکێك لە دەستە خوشکانی ئامۆژگاری بکات دەڵێت: هەموو ئافرەتان وا دەکەن .. من ناتوانم جیاواز هەڵسوکەوت بکەم لەناو کۆمەڵگادا .. سبحان الله .. کوا دامەزراو بوون لەسەر بیروباوەر؟ کوا هێزی ئیمانەکەت؟ ئەگەر کچێك لە بچوکترین فیتنەدا تێبکەوێت و گوێڕایەڵی شەیتان ببێت و واز لە گوێڕایەڵی پەروەردگار بهێنێ .. کەواتە کوا ملکەچ بوون بۆ فەرمانەکانی خوا؟ خوای گەورە دەفەرموویێت:

﴿**وَمَا كَانَ لِمُؤْمِنٍ وَلَا مُؤْمِنَةٍ إِذَا قَضَى اللَّهُ وَرَسُولُهُ أَمْرًا أَن يَكُونَ لَهُمُ الْخِيَرَةُ مِنْ أَمْرِهِمْ وَمَن يَعْصِ اللَّهَ وَرَسُولَهُ فَقَدْ ضَلَّ ضَلَالًا مُّبِينًا**﴾ [الأحزاب: ٣٦] .

واتە: هەڵبژاردن وسەرپشك بوون بۆ هیچ باوەڕدارێكی پیاوو ژن نییە ئەگەر خواو پێغەمبەری خوا ﷺ بڕیار بدەن، بەڵكە دەبێت بە بڕیاری خواو پێغەمبەری خوا ﷺ رازی بن، وەهەركەسێك سەرپێچی فەرمانی خواو پێغەمبەری خوا ﷺ بكات ئەوا گومڕا بوونێكی ئاشكرا گومڕا بووە.

كوا ئەو ئافرەتانە كە خۆیان توشی نەفرەتی خوای خۆیان دەكەن؟.. جاری وا هەیە عابایەك دەدا بەسەر شانیدا و هەموو خەڵكی لاشەو شانی دەبینن جگە لەوەی كە لەیەكچوونە لەگەڵ جل وبەرگی پیاواندا چونكە پیاوان عابا دەدەن بەسەر شانیاندا .. وە هەر كەسێك شێوەی جل وبەرگەكەی لە پیاوان بچێت ئەوا نەفرەتی لیٚ كراوە كوا ئەو ئافرەتانە كە خاڵ لەسەر روومەتیان دەكوتن بە شێوەی خاڵ خاڵ یان لەسەر لاشەیان وێنەی جیاواز دەكێشن كە ئەمەیش رەوشتی داوێن پیسەكانە، پێغەمبەری خوا ﷺ نەفرەتی كردووە لەو ئافرەتانەی كە خاڵ دەكوتن ولەوانەیش كە بۆیان دەكوترێت: (لعن رسول الله ﷺ الواشمة والمستوشمة)[١٥].

بەڵكو كوا ئەو ئافرەتانەی كە پرچی دروستكراو دەكەنە سەر (باروكە)؟ چونكە خوای پەروەردگار نەفرەتی كردووە لە (الواصلة والمستوصلة)[١٦] ئەو ئافرەتانە نەفرەتیان لیٚ كراوە .. دەزانیت مانای (نەفرەت لیٚ كراو) چییە؟ واتە لە رەحمەتی خوا دوور خراوەتەوە .. دوور خراوەتەوە لە رێگای بەهەشت .. ئایا تۆ رازی دەبیت لە بەهەشت دوور بخرێیتەوە؟ بە هۆی هەڵكێشانی چەند تەڵە موویەك لەسەر برۆكانت؟ یان بە هۆی جل وبەرگێكەوە كە خوای گەورە پێی ناخۆشە؟ یان بە هۆی عابایەكەوە دەیدەیت بەسەر شاندا؟! یا بە هۆی كوتانی خاڵێك بەسەر لاشەتەوە؟

## بیٚ بەشەكان..

یەكێك لە شێوازی شوێن كەوتنی ئارەزوو و شەیتان .. خۆ جوان كردنی ئافرەتانە بە شێوەیەكی رادەبەر .. هەرچەند بزانێت كە توشی نەفرەتی خوا دەبێت, وە یەكێك لەو شێوازە .. لابردنی ئەو تەڵە مووانەیە كە بەسەر برۆكانەوەیەو رێكخستنی ..یان هەڵكێشانی, یا بە هەر شێوازێكی تر .. كە ئەوەیش جیٚ بەجێكردنی بەڵێنەكەی شەیتانە كە بە خوای گەورەی ووت:

﴿وَلآمُرَنَّهُمْ فَلَيُغَيِّرُنَّ خَلْقَ اللّهِ وَمَن يَتَّخِذِ الشَّيْطَانَ وَلِيًّا مِّن دُونِ اللّهِ فَقَدْ خَسِرَ خُسْرَانًا مُّبِينًا﴾ [النساء: ١١٩] .

واتە: دەبێت فەرمانیان پیٚ بكەم تا دروستكراوی تۆ بگۆڕن، وەهەركەسێك شەیتان بكات بە دۆست وپشتیوانی خۆی جگە لەخوای گەورە ئەوا زەرەرمەندبوونێكی ئاشكرا زەرەرمەند بووە.

وە لادانی ئەو مووانە نەفرەتی خوای گەورەی بە دواوەیە .. لە فەرموودەیەكی (صحيح) دا هاتووە كە ابو داود ریوایەتی كردووە لە ابن مسعودەوە دەڵێت:

(لعن رسول الله ﷺ الواشمة والمستوشمة والنامصة والمتنمصة المغيرات لخلق الله)[١٧].

---

(١٥) (رواه البخاري وأبو داود، وانظر: صحيح الترغيب والترهيب: ١٨٤٩).

(١٦) (صحيح الجامع الصغير: ٥١٠٥).

(١٧) (صحيح الجامع الصغير: ٥١٠٤).

واتە: پێغەمبەری خوا ﷺ نەفرەتی کردووە لەو ئافرەتانەی کە خاڵ دەکوتن بۆ خەڵکی ولەوانەیش کە خاڵیان بۆ دەکوترێت، وەلەو ئافرەتانەی کە برۆ هەڵدەگرن ولەوانەیش کە برۆیان بۆ هەڵدەگیرێت، چونکە ئەوانە دروستکراوی خوای گەورە دەگۆڕن.

سبحان الله..! چۆن کارێك ئەنجام دەدەیت بەرەو لەعنەتی خوات ببات؟!.. کەچی لە لایەکی ترەوە داوا لە خوا دەکەیت کە لە تاوانەکانت خۆش بێ ورەحمەت پێ بکات لە نوێژەکانتدا و لە دەرەوەی نوێژەکانتدا .. ئایا ئەمە جیاوازی نییە لە نێوان وتە و کردەوەکەتدا؟ داوای رەحمەت دەکەیت بەڵام کارێك ئەنجام دەدەیت کە لە رەحمەت دوورت بکاتەوە؟ بە راستی ئەمە شتێکی سەرسوڕهێنەرە ..!! زانا لە خواترسەکان فەتوایان داوە کە ئەو کارە حەرامە .. ئێستا زیاتر لە بیست فەتوای زانایان لەبەر دەستمدایە کە ئەو کارە بە حەرام دەزانن .. یەکێك لە بنەماکانی باوەڕ بوونت بە خوا ئەوەیە کە گوێڕایەڵی فەرمانەکان بکەیت و دوور بکەوێتەوە لەوەی کە نەهی لێ کراوە.. بەڵکو لادانی ئەو موانە لە خۆچواندنە بە ئافرەتە کافرەکان .. وە هەر کەسێك خۆی بە کۆمەڵێك بچوێنێت ئەوا لەوانە .. خوای گەورە لە رۆژی قیامەتدا دەفەرموێت: ﴿احْشُرُوا الَّذِينَ ظَلَمُوا وَأَزْوَاجَهُمْ﴾ [الصافات: ٢٢].

واتە: ستەمکاران وهاوشێوەکانیان پێکەوە حەشر بکەن وسزا بدەن.

واتە: هاوشێوەکانیان، وە هەرکەسێ کۆمەڵێکی خۆش بوێت ئەوا لەگەڵ ئەواندا حەشر دەکرێت .. هەرگیز مەڵێ زۆر ئافرەت ئەو کارە ئەنجام دەدەن .. خۆ خەڵکێکی زۆر هەن بت دەپەرستن .. ئایا تۆیش لەگەڵ ئەواندا بت دەپەرستیت؟ وە خەڵکێکی زۆر هەن کە (خاچ) هەڵدەواسن, ئایا تۆیش وەکو ئەوان دەکەیت؟ زۆری سەرپێچی کاران نابێتە بیانوویەك بۆ تۆ لای پەروەردگار .. تۆ بەرپرسیاری لەسەر کردەوەکانت چۆن لە پشتی باوکی خۆتدا تەنها بوی .. پاشان بە تەنها بووی لە سکی دایکتدا .. پاشان بە تەنها لە دایك بووی .. بەو شێوە بە تەنها دەمریت .. وە لەرۆژی قیامەتدا بە تەنها زیندوو دەکرێیتەوەو بە تەنها بەسەر پردی (صراط) دا تێ دەپەڕیت وە بە تەنها کتێبەکەت وەردەگریت ولەبەر دەستی خوادا بە تەنها پرسیارت لێ دەکرێت، خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿إِن كُلُّ مَن فِي السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ إِلَّا آتِي الرَّحْمَنِ عَبْدًا ۝ لَقَدْ أَحْصَاهُمْ وَعَدَّهُمْ عَدًّا ۝ وَكُلُّهُمْ آتِيهِ يَوْمَ الْقِيَامَةِ فَرْدًا﴾ [مريم: ٩٣-٩٥].

واتە: لەرۆژی قیامەتدا هەرچی لە ئاسمانەکان وزەویدایە دان بە بەندایەتی وملکەچی خۆیان دەنێت بۆ پەروەردگار، وەخوای گەورە هەموویانی ژماردووە وکەس لە خوای گەورە شاراوە نابێت، وەهەموو کەسێك لە رۆژی قیامەتدا بەتەنها ئامادە دەبێت وهیچی لەگەڵدا نابێت.

## لەسەر شەپۆلی دەریا..

چەندەها ئافرەتی ئیماندار .. لەگەڵ شەپۆلی دەریادا دەڕوات .. لە سەرەتاوە تەمەڵی دەکات لە لەبەر کردنی حیجاب و عابادا .. وە رازی دەبێت بەو جل و بەرگەی کە خراپەکاران دروستی دەکەن .. بەڵکو کافر وداوێن پیسەکان شێوازەکەی دادەهێنن.. لە جۆرە جل وبەرگێك کە ئافرەتەکە زیاتر دەردەخات لە جیاتی ئەوەی داپۆشێ .. بە راستی سەیرە!.. چۆن رازی دەبیت ببیتە بوکەڵەیەك بە دەستی ئەوانەوە بە ئارەزووی خۆیان یاریت پێ بکەن .. ئەم خوشکەمان جل وبەرگەکەی نەخشدارە، ئەویتر جل وبەرگێکی تەسك وتەنگ ..ئەویتر عابایەکی لەسەر

شان داناوە.. ئەویتر جل وبەرگێکی قۆڵ بڵاو لەبەر دەکات .. تەنانەت جاری وا هەیە ئەو عابایەی کە بەکاری دەهێنن بە مەبەستی خۆ داپۆشین خۆی پێویستی بەوە هەیە کە بە عابایەك داپۆشرێت .. حیجاب .. خوای گەورە بە مەبەستی داپۆشینی جوانی ئافرەتان فەرزی کردووە .. ئەی ئەگەر حیجابەکە خۆی لە خۆیدا (زینە)و جوانی بێت ئیتر بۆچی پێویست دەبێت؟ ئیمامی مسلم ریوایەتی کردووە کە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: (صنفان من أهل النار لم أرهما .. رجال معهم سياط كأذناب البقر يضربون بها الناس .. ونساء كاسيات عاريات مائلات مميلات رؤوسهن كأسنمة البخت المائلة لايدخلن الجنة ولا يجدن ريحها وإن ريحها ليوجد من مسيرة كذا وكذا...)[١٨].

واتە: دوو پۆل هەن دۆزەخین من نەیانم بینیووە، پیاوانێك قامچییان پێیە وەکو کلکی مانگا لە خەڵکی پێ دەدەن، وە ئافرەتانێکی پۆشتەی رووت بەلارو لەنجە بەڕێگادا دەڕۆن وسەرەنجی پیاوان بۆلای خۆیان رادەکێشن، قژەکانیان لەبان سەریان خڕ دەکەن وەکو بان پشتی وشتر، ئەمانە ناچنە بەهەشتەوەو بۆنی بەهەشتیش ناکەن، هەرچەندە بۆنی بەهەشت لە دووری ئەوەندە وئەوەندەوە دێت.

ئایا ئەو ئافرەتە کێیە کە بەهەشت و بۆنی بەهەشتی ناوێ؟ ئایا دەزانیت .. تۆ بە خۆ دانەپۆشینت وحیجاب لەبەر نەکردنت, دەبیتە هۆکارێك لە هۆکارەکانی شەیتان؟ ئایا رازی دەبیت ببیتە هۆیەك بە چوونی موسڵمانان بەرەو حەرام؟ ئایا دەزانی ئەگەر تۆ جل وبەرگێکی خراپ لەبەربکەیت وپاشان کچێکی تر تۆی بینی ولەو جل وبەرگە بکڕێت و لەبەری بکات ئەوا تاوانی ئەو و تاوانی ئەوانەی کە شوێنی دەکەون و لاسایی دەکەنەوە تا رۆژی قیامەت لەسەر تۆیە؟ .. ئایا پێت خۆشە ببیتە پێشەنگی خراپەکاران؟ .

## بۆ کێ خۆت جوان دەکەیت ..؟

ئەگەر ئافرەتێکت بینی لەو جل وبەرگەی پۆشیوە, پرسیارت لێ کرد بۆ ئەو جل و بەرگە لەبەر دەکەیت؟ دەڵێت: ئەمە جوانترە .. بڵێ: بۆ کێ خۆت جوان دەکەیت؟ بەڵێ .. بۆ کێ خۆت دەڕازێنیتەوە؟ بۆ داواکارێکی شەریف؟ یان بۆ پیاوێکی داوێن پاك؟ نەخێر .. خۆی جوان دەکات بۆ ئەوەی خراپترین خەڵکی تەماشای بکەن, ئەو کەسانەی کە گوێ نادەنە چاودێری خوای گەورە بە سەریانەوە .. کە هیچ بایەخ بە شەرەفت نادەن .. وە هەرگیز بیر لە پاك وبێ گەردی وکەرامەت ناکەنەوە، بەڵکو هەرکەسێ لەوانە تەنها هەوڵ دەدات بۆ رازی کردنی ئارەزووە بێ شەرعییەکەی خۆی.. بە تەماشا کردنی هەموو ئەندامەکانت .. چاوەکانت.. کاتێ کە کارەکەی خۆی ئەنجام دا چیتر پێویستی بە تۆ نامێنی وبە شوێن نێچیرێکی تردا دەگەڕێت .. ئایا رۆژێك بیرت کردۆتەوە بۆ خوای گەورە فەرمانی بە حیجاب کردووە؟.. بەڵێ بۆ خوای گەورە دەفەرمێت: ﴿وَلْيَضْرِبْنَ بِخُمُرِهِنَّ عَلَى جُيُوبِهِنَّ وَلَا يُبْدِينَ زِينَتَهُنَّ﴾ [النور: ٣١]؟

بۆ خوای گەورە فەرمانی کردووە بە داپۆشینی جوانییەکەت؟ رووت .... پرچت .... هەموو لاشەت .... بۆ خوای گەورە فەرمانی پێت کردووە؟ ئایا هیچ دوژمنایەتییەك هەیە لە نێوان تۆ و خوای گەورەدا؟ یان دەیەوێت تۆڵەی شتێکت لێ بسێنێتەوە؟ نەخێر ... ئەو زۆر دەوڵەمەندەو هیچ پێویستی بە بەندەکانی خۆی نییە ... ئەو خودایە کە یەك زەڕرە ستەم لە کەس ناکات ... بەڵام ئەوە سوننەتێکی خواییەو دەبێ هەر بمێنێتەوە ... شەریعەتێکی

(١٨) (صحيح الجامع الصغير: ٣٧٩٩).

بەردەوامە .... وە قسەی ئەو هیچ گۆڕانکاری بەسەردا نایەت .... وە حوکمی ئەو پێویستی بە چاك کردنەوە نییە، چونکە هیچ کەم و کوڕییەکی تیادا نییە ... چەند حوکمێکی بەسەر پیاواندا فەرز کردووەو....چەند حوکمێکیش بەسەر ئافرەتاندا... وە ئەم دونیایە چاك نابێت ئیللا بە گوێڕایەڵی فەرمانەکانی ئەو نەبێت ...وە ئافرەتی باش ئەو ئافرەتەیە کە ملکەچی فەرمانەکانی خوای خۆی دەبێت ... وە ئەو کەسانەی کە ملکەچی فەرمانەکانی خوای پەروەردگارن بە راستی ئەوانە براوەن ... بەڵام جگە لەوان هەوڵ دەدەن و کۆشش دەکەن بۆ ئەوەی ئەو عابایە لەسەرت بهێننە خوارەوە .... بۆ ئەوەی حیجابەکەت پێ فڕێ بدەن .... هەوڵ دەدەن بۆ بە جێهێنانی مەبەستەکانیان ... پارەیەکی زۆر لەو پێناوەدا خەرج دەکەن .... وە کاتێکی زۆری پێوە بەسەر دەبەن .... ئەمە گۆڤارێکی رووتە ... ئەوە بابەتێکی داوێن پیسییە .... ئەوە بەرنامەیەکە گومان دەخاتە دڵی خوشکەکانمانەوە دەربارەی حیجابەکەیان ... هەوڵ دەدەن بۆ بڵاو کردنەوەی پڕوپاگەندە دەربارەی ئیمانداران .... دەیانەوێت لە بازاڕەکاندا لەزەت لە جوانییەکەت وەرگرن ... تام وچێژ لە سەما کردنی تۆ لەسەر شانۆکان وەرگرن .... لەزەت لە لاشەت وەرگرن لەسەر جێگەی خەوتنیان دەیانەوێ لە فرۆکەخانەکاندا بتکەن بە خزمەتکار ... بە راستی ئەوان داوای ماف خۆیان دەکەن نەك ماف تۆ .... بە راستی زۆر سەیرە!!! هیچ مافێکی ئافرەت نازانن تەنها ماف فڕێ دانی حیجاب نەبێت... ماف لێخوڕینی سەیارە .... ماف سەفەر کردن بە بێ (مەحرەم) ... ماف کارکردنت و تێکەڵ بوونت لەگەڵ پیاواندا ... ماف دەرچوون و خۆنیشاندانت لە دەزگاکانی راگەیاندن .... تا کۆتایی ئەو قسە هیچ و پووچانەی کە ناوی دەنێن ماف... مردن بۆ ئەوان .... نەمانبیست رۆژێك داوای ماف بێوەژنەکان بکەن .... یان ماف کەمئەندامەکان ... یان داوا لە منداڵەکان بکەن کە ماف دایکەکانیان بپارێزن .... بەڵکو داوای فەساد کردن دەکەن وبڵاوی دەکەنەوە ...ئەوان خۆشگوزەرانی کۆمەڵگەیان دەوێت؟ ... ئەمەیشە حاڵی دووڕووەکانە .... ئەوانە کوڕەزای (عبدالله بن ابی بن سلول) ن سەرۆکی دووڕووەکان لە سەردەمی پێغەمبەردا ﷺ ئەی نابینی ئەوان عائیشەی خێزانی پێغەمبەریان ﷺ تۆمەتبار کرد بە زینا ...؟؟؟ ئەو ئەو قسەیەی لەناو خەڵکیدا بڵاو کردەوەو خەڵکیش دووبارەیان دەکردەوە .... کەچی دەیووت مەبەستم بڵاوکرنەوەی داوێن پاکییە ... کەچی لە راستیدا ئەو مامۆستای داوێن پیسی بوو ... ئەو ئاگری ئەو فیتنەیەی هەڵگیرساند ... ئایا دەزانیت ئەو کەنیزە جوانەکانی دەکڕی وپاشان فەرمانی پێ دەکردن وزۆری لێ دەکردن کە زیناو لەش فرۆشی بکەن؟... بۆ ئەوەی پارەیان پێ کۆبکاتەوە ... تاکو خوای گەورە لە قورئاندا ئابڕوی برد ... خوای گەورە دەفەرمووێت:

﴿وَلَا تُكْرِهُوا فَتَيَاتِكُمْ عَلَى الْبِغَاء إِنْ أَرَدْنَ تَحَصُّنًا لِّتَبْتَغُوا عَرَضَ الْحَيَاةِ الدُّنْيَا﴾ [النور: ٣٣] واتە: بەزۆر داوێن پیسی بە کەنیزەکەکانتان مەکەن بۆ دەستخستنی هەندێك پارەو پول لە کاتێکدا ئەوان خۆیان داوێن پاکن.

ئەوان دووبارەی دەکەنەوەو دەڵێن: ئەگەر عابا بە سەرتەوە بێت ئەوا بێزارت دەکات... ئەو پۆشاکە شۆڕە بە راستی قورسە؟... بەڵام پانتۆڵ سوکترە بۆ ڕێ کردن.... ئەی نازانی روو داپۆشین بۆ هەناسەدان خراپە ....ئەوانە کۆمەڵێکن شارستانییەتی کافرانیان بە دڵە ... وا دەزانن رۆیشتن بەرەو ئەو شارستانییەتە بە فڕێدانی حیجاب دەبێت ..... وە کورت کردنی جل وبەرگ .... بەڵام ئەگەر یەکێك بە شارەکانی ئەواندا بگەڕێت ئەو راستییەی بۆ دەردەکەوێت .... ئافرەت لای ئەوان حەمباڵی جانتایە لە فرۆکەخانەکاندا وە لە رێگاکاندا کرێکاری پاککرنەوەن یان

پاککەرەوەی ئاودەست لە کۆمپانیا .... بەڵام ئەگەر جوان بوو ئەوا لە بارەکاندا یان لە جێگای سەماکردن کار دەکات .... ئەوە سەرخۆشێکە گاڵتەی پێ دەکات .... ئەوە داوێن پیسێکە بە لاشەی یاری دەکات..... وە ئەویتر ئافرەتی کردۆتە کەرەستەیەك بۆ پەیداکردنی پارەو پول ... وە ئەگەر کارەکەی خۆیان ئەنجامدا دەست دەکەن بە لێدانی ..وە ئەگەر پیر بوو ئەوا دەینێرن بۆ خانەی پەککەوتووەکان کە لە بەندیخانە دەچێت .. بەڵکو لە گۆڕستان دەچێ ... سەیرە!!! ئەمە ئەو ئازادییەیە کە بانگەوازی بۆ دەکەن ...؟ سوێند بە خوا ئێمە خەم دەخۆین بۆ خوشکەکانمان لە فلیپین یا لە کشمیر، چونکە ئافرەتی موسڵمان لەوێ کەس نییە خەم بۆ ئازارەکانی بخوات ..

**بە راستی تۆ شاژنی** ..... **شاژن** ..

یەکێك لە پزیشکەکان دەڵێت:

لە وڵاتی بەریتانیا خەریکی خوێندن بووم... ئافرەتێکی دراوسێمان هەبوو تەمەنی لە حەفتا ساڵ زیاتر بوو ... هەرکەسێ ئەوی ببینیایە بەزەیی پێدا دەهاتەوە .... پشتی چەما بووەوە .... ئێسکی نەرم ببوو.... وە پێستەکەی وشك بووە .... لەگەڵ ئەوەیشدا کەسێکی بە تەنهاو لە نێوان چوار دیواردا بوو .... لە ماڵ دەردەچوو و دەهاتەوە ژوورەوە بە تەنها هیچ کەسێکی لەگەڵدا نەبوو ... نەکوڕ نەپیاو .... چێشتەکەی خۆی لێ دەناو .... جل وبەرگەکەی خۆی دەشوشت .. ماڵەکەی لە گۆڕستان دەچوو .... هیچ کەسی تیادا نەبوو تەنها خۆی نەبێت .... وە هیچ کەس لە دەرگای ئەوی نەدەدا .... ڕۆژێك خێزانەکەم بانگی کرد بۆ سەردانمان ..... پاشان خێزانەکەم باسی ئیسلامی بۆ کرد و ووتی: ئیسلام وا لە پیاو دەکات کە ببێتە بەرپرسیاری خێزانەکەی .... لە پێناوی ئەودا کار دەکات .... خواردن وجل وبەرگی بۆ دەکڕێ وئەگەر نەخۆش کەوت ئەوا چارەسەری دەکات .... وە ئەگەر داوای شتێکی کرد ئەوا یارمەتی دەدات .... ئەویش (واتە: ژنەکە) لە ماڵەوە دادەنیشێت.... هەموو بەرپرسیارێتی وخەرجی لەسەر ئەوە بەڵکو پاراستنی شەرەف وناموسی لەسەر ئەوە ... وە ئەگەر بوو بە خاوەن منداڵ ..... دەبێت منداڵەکانیش لەگەڵ دایکیاندا باش بن .... وە بە زەلیلی لەبەر دەستیدا راوەستن ... وە ئەگەر یەکێك لەو منداڵانە لەگەڵ دایکیاندا خراپ بێت ئەوا لەناو خەڵکیدا بە چاوێکی سووك تەماشا دەکرێت و لەگەڵیدا قسە ناکرێت تاکو لەگەڵ دایکیدا باش نەبێت ..... وە ئەگەر ئەو ئافرەتە پیاوی نەبوو ئەوا لەسەر باوکی یان براکەی یان خاوەنەکەیەتی کە بیپارێزی و بەخێوی بکات ...... ئەم پیرەژنە بە وردی گوێبیستی خێزانەکەم بوو .... زۆر بە سەرسوڕمانەوە ....... بەڵکو دەنگی بەرزو نزمی دەکرد کاتێ باسی منداڵەکانی و کوڕەزاکانی دەکرد کە چەند ساڵێکە یەکتریان نەبینیوە ..... وە هیچ لەوان سەردانی ناکەن ..... بەڵکو نازانێ لە کوێن ..... ڕەنگە بمرێت وبینێژن یا بسوتێنرێت کەچی ئەوان نازانن چونکە هیچ نرخێکی لای ئەوان نییە ..... کاتێ خێزانەکەم لە قسەکانی بووەوە ..... پیرەژنەکە هەندێ بێ دەنگ بوو پاشان ووتی: لە راستیدا ئافرەت لە وڵاتی ئێوە شاژنە شاژن ..... بەڵێ سوێند بە خوا .... ئەی خوشکی بەڕێزم تۆ لای ئێمە وەکو شاژنی .... بەڵێ شاژنێك کە لە پێناوی ئەودا خوێن دەڕێژین .... وە هەر کەسێ لە پێناوی ناموسیدا بکوژرێت ئەوا شەهیدە، لە پێناوی تۆدا ڕوح وگیان هەرزان دەبێت ...... پارە خەرج دەکرێت ... چونکە تۆ شاژنێکی پارێزراوی و فەرمان کراوە بە پیاوانی دەوروبەری کە بیپارێزن .......

**ئاوازو خەم و پەژارە .....**

ڕەنگە شەیتان هەندێ لە کچان بەرەو سوکایەتی ببات .....بە گوێ گرتن لە گۆرانی و شوێن کەوتنی خراپەکاری ... خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿وَمِنَ النَّاسِ مَن يَشْتَرِي لَهْوَ الْحَدِيثِ لِيُضِلَّ عَن سَبِيلِ اللَّهِ بِغَيْرِ عِلْمٍ وَيَتَّخِذَهَا هُزُوًا أُولَئِكَ لَهُمْ عَذَابٌ مُّهِينٌ ﴾ [لقمان: ٦] .

واتە: لەناو خەڵکیدا کەسانێك هەن کە گۆرانی دەڵێن یان گوێی لێ دەگرن بۆ ئەوەی خەڵکی گومڕا بکەن بە بێ زانیاری، وە دەیکەن بە گاڵتەجاڕی، ئا ئەو کەسانە سزایەکی سەرشۆڕییان بۆ هەیە لە ڕۆژی قیامەتدا.

ابن مسعودڕەضی الله عنه سوێندی دەخوارد کە مەبەستی ئەو ئایەتە (گۆرانییە) وە لە فەرموودەیەکی (صحيح) دا هاتووە کە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی:

(ليكونن من أمتي أقوام يستحلون الحر والحرير والخمر والمعازف)[19].

واتە: لە ئوممەتی من کەسانێك پەیدا دەبن کە زیناو ئاوریشم ومەی ومۆسیقا حەڵاڵ دەکەن.

وە هەروەها لە فەرموودەیەکی تردا کە ئیمامی (الترمذي) ریوایەتی کردووە پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرمووێت:

(ليكونن في هذه الأمة خسف وقذف ومسخ وذلك اذا شربوا الخمور وأتخذوا القينات وضربوا بالمعازف)[20].

واتە: خوای گەورە سزای ئەم ئوممەتە دەدات بە ڕۆچوون بە ناخی زەویداو بەردباران لە ئاسمانەوە بەسەریانداو گۆڕینی شێوەیان ئەویش ئەگەر مەییان خواردەوەو ئافرەتان گۆرانییان ووت ومۆسیقایان لێدا.

وەزانایان بڕیاریان داوە کە کەرەستەکانی مۆسیقا حەرامە .... وە تاوانەکە گەورەتر دەبێت ئەگەر لەگەڵ مۆسیقادا گۆرانی وترا .... وەخراپەکەی گەورەتر دەبێت ئەگەر وشەکانی گۆرانییەکە باسی عیشق وخۆشەویستی ووەسفی ئافرەتی تێدا بێت .... بەڵکو ئەوە زوڕنای شەیتانە کە کاتێ لێ دەدرێت ... شوێن کەوتوانی شوێنی دەکەون.. خوای گەورە دەفەرمووێت:

﴿وَاسْتَفْزِزْ مَنِ اسْتَطَعْتَ مِنْهُمْ بِصَوْتِكَ وَأَجْلِبْ عَلَيْهِم بِخَيْلِكَ وَرَجِلِكَ﴾ [الإسراء: ٦٤] .

واتە: بە دەنگت بیان ترسێنەو بانگیان بکە بۆ تاوان وسەرپێچی، وە بەسوارو پیادەوە بدە بەسەریاندا.

ابن مسعودڕەضی الله عنه دەفەرمووێت: گۆرانی ڕێگایەکە یان هۆکارێکە بەرەو زینا کردن.... سەیرە..!!! ئەمە کە ابن مسعود ڕەضی الله عنه دەفەرمووێت لەو کاتەدا بوو کە خەڵکی گۆرانی بە باڵای کەنیزەو خزمەتکارەکاندا دەووت ...... لە ڕۆژێکدا کە گۆرانی بە دەف و شیعرێکی پاراو بوو .... دەڵێت ئەوە ڕێگایەکە بۆ زینا کردن ...... ئایا ابن مسعود چی دەڵێت... ئەگەر ئەم سەردەمەی ئێمەی ببینایە لە کاتێکدا کە ئاوازەکان ڕەنگاو ڕەنگ وجۆراو جۆرن؟؟!!....

وە یاریدەدەرانی شەیتان زۆر بوون ....وای لێ هاتووە لەناو ئۆتۆمبیل وفڕۆکەدا بە ئاسانی گوێ بیستی جۆرەها گۆرانی دەبین .... لە وشکانیدا .... لە دەریادا .... بەڵکو کاتژمێر و زەنگەکان و یاری منداڵان و کۆمپیوتەر و ئامێرەکانی تەلەفون ... هەموو جۆرە مۆسیقایەکی تێدا بەشدارە ....

---

(١٩) (سلسلة الأحاديث الصحيحة: ٩١).

(٢٠) (صحيح الجامع الصغير: ٥٤٦٧).

## هۆکاری زیناکردن ...

گۆرانی ڕێگایەکە بۆ بڵاو بونەوەی خراپەکاری ..... بۆ هەڵگیرساندنی غەریزەکان ... وای لێ هاتووە گۆرانییەکان باسی هیچ شتێك ناکات تەنها باسی خۆشەویستی و عەشق و ئافرەت نەبێت .... توخوا تاکو ئیستا هیچ گۆرانییەکت بیستووە کە باسی خۆپاراستن لە زینا بکات؟ یان خۆپاراستن لە تەماشا کردنی ئافرەت؟ یان پاراستنی شەرەف وناموسی موسڵمانان؟ یان هاندانی خەڵکی بۆ ڕۆژوو گرتن؟ یان گریان لە شەو نوێژدا؟ نەخێر .... هیچ شتێکمان لەو بارەوە نەبیستووە .... بەڵکو زۆربەیان بانگەواز دەکەن بۆ عەشقی حەرام .....وە پەیوەست بوونی دڵەکان بە غەیری خوداوە... بەڵکو جاری وا هەیە دەیانبات بۆ دۆڵێکی خراپتر ئەویش خۆشەویستی کچێك بۆ کچێکی تر!!!! وە هاوڕێتی کردن وشانازی کردن بە ئەوەوە ... بەڵێ خۆشی دەوێت .... نەك لەبەر ئەوەی ئەو کچە شەو نوێژ دەکات ...یان بە ڕۆژ بەرۆژوو دەبێت .... نەخێر .... بەڵکو لەبەر ئەوەی کچێکی جوانە ..... بزەی سەر لێوەکانی جوانترە .... زۆر سەرسام دەبێت بە جوڵانەوەی ... پێکەنینەکانی کاری لێ دەکات .... بە بزەکانی توشی فیتنە دەبێت ..... حەز دەکات کە لەگەڵیدا دانیشێت... بەڵکو هەر شتێك لەوەوە بوەشێتەوە جوانە هەر چەندە ناشیرین بێت.... هەندێ لە کچەکان ئەو کارە بە ئاسان دەزانن .... بەڵکو هەندێ لە کچەکان خۆیان بە شێوەیەك دەردەخەن کە بانگی هاوڕێکانی دەکات بۆ لای خۆی ... چەندەها جار کچان دەبینین لە پێکەنین و ڕێکردنیاندا لەنجە دەکەن ونازدەکەن .... بەڵکو لە شێوازی قسەکردنیاندا .... شێوەی ڕێکردنی ..... لە سەرووی هەموویانەوە ئەو جل وبەرگە تەسکەی کە لەبەری دەکەن ... یان گۆڕینەوەی نامەی دڵداری ..... وە ناردنی دیاری بۆ یەکتر .... ئەم دیاردەیە بە زۆری لە قوتابخانەکان وکۆلێژەکاندا دەبینین .... ئایا بۆ کچان ئەو شتانە دەکەن؟ بە هۆی سەرسام بونیان بە یەکتر و عەشق و خۆشەویستی .... ئەمەیش ئەو دەرچونەیە لە فیترەت کە پێشەکییەکە بۆ دابەزینی سزای خوا بە سەرمانەوە وەکو ئەو سزایەی کە بەسەر قەومی (لوط) دا ﷺ دابەزی ....ئایا قەومی (لوط)ﷺ چییان دەکرد؟ پیاوان خەریکی پیاوان دەبوون وە ئافرەتانیش خەریکی ئافرەتان ... وە خوای گەورە باسی ئەو خەڵکە خراپەی لە قورئاندا کردووە ... کاتێ کە پێغەمبەر (لوط) ﷺ بانگی ئەوانی کرد وفەرمووی:

﴿وَلُوطًا إِذْ قَالَ لِقَوْمِهِ أَتَأْتُونَ الْفَاحِشَةَ مَا سَبَقَكُم بِهَا مِنْ أَحَدٍ مِّن الْعَالَمِينَ﴾ [الأعراف: ٨٠]. واتە: (لوط) ﷺ بەرهەڵستی لە نەتەوەکەی کردو فەرمووی: ئایا ئێوە بەدرەوشتییەك دەکەن (نێربازی) کە هیچ کەسێك لەنەتەوەکانی تر لە پێش ئێوەدا نەیکردووە؟!.

ئەگەر ئەم خراپەیە ڕوو بدات ئەوا زۆر نزیکە کە زەوی بلەرزێ ... وە چیاکان لە جێگەی خۆیاندا بتوێنەوە ... هیچ میللەتێك خوای گەورە ئەو سزایەی نەداوە کە چۆن سزای میللەتەکەی (لوط) یﷺ داوە .... ئەوان لە پێشدا چاوەکانیان کوێر بوو ... پاشان ڕوویان ڕەش هەڵگەڕا .... وە فەرمان کرا بە (جبریل) کە گوندەکەیان لە بنەڕەتدا دەربهێنی پاشان سەرەوژێری بکات لەسەریان .... پاشان لە جێگای خۆیاندا چوونە ژێر زەویدا .... پاشان خوای گەورە بەردی بەسەریاندا باران .... خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿فَلَمَّا جَاء أَمْرُنَا جَعَلْنَا عَالِيَهَا سَافِلَهَا وَأَمْطَرْنَا عَلَيْهَا حِجَارَةً مِّن سِجِّيلٍ مَّنضُودٍ﴾ [هود: ٨٢] .

واتە: کاتێك فەرمانی ئێمە هات بەسزادانی نەتەوەکەی(لوط) ﷺ شارەکەیانمان ئەمدیو دیو کرد، وەلە ئاسمانەوە بەردبارانمان کردن.

بەڵام پێغەمبەری خوا ﷺ لە فەرموودەیەکی صحیح دا کە (ئیمامی الترمذي) ریوایەتی کردووە دەفەرمووێت: (إن أخوف ما أخاف على أمتي من عمل قوم لوط)(٢١).

واتە: زۆرترین شتیٚ کە لێی دەترسم لەم ئوممەتەمدا روو بدات کردارەکانی قەومی (لوط)ە.

وابن حبان لە فەرموودەیەکی صحیح دا ریوایەتی کردووە دەفەرمووێت:

(ولعن الله من عمل عمل قوم لوط قالها ثلاثا)(٢٢).

واتە: خوای گەورە نەفرەتی کردووە لەو کەسەی کردارەکانی قەومی لوط ئەنجام دەدات, خوای گەورە نەفرەتی کردووە لەو کەسەی کردارەکانی قەومی لوط ئەنجام دەدات, خوای گەورە نەفرەتی کردووە لەو کەسەی کردارەکانی قەومی لوط ئەنجام دەدات.

وە لە (مسند احمد) دا فەرموودەیەکی صحیح ریوایەت کراوە لە پێغەمبەری خواوە ﷺ دەفەرمێت: (من وجدتموە یعمل عمل قوم لوط فاقتلوا الفاعل والمفعول بە)(٢٣).

واتە: ئەگەر هەر کەسێکتان بینی کە کرداری قەومی لوط ئەنجام دەدات ئەوا هەردووکیان بکوژن–بکەر ولەگەڵدا کراو– (فاعل ومفعول بە).

وە ئەگەر کەسێك ئەو کارەی ئەنجام بدایە ئەوا هاوەڵانﷺ دەیانسوتاند ... ابن عباسﷺ دەفەرمووێت: ئەگەر کەسێکی نێرباز بمرێت وتەوبەی نەکردبێت ئەوا لە گۆڕەکەیدا دەبێتە بەراز) وە هەرکەسیٚ ئەگەر لە ژیانیدا توشی یەکێك لەو تاوانانە بوو ئەوا با پەلە بکات بە تەوبە کردن و داوای لێخۆش بوون کردن و گەڕانەوە بۆ لای خوای گەورە، چونکە هەر ئەو باڵادەست ولێخۆشبووە, بەڵێ ... تەوبە بکە و بگەڕێرەوە بۆ لای خوا .... هەموو نامەکان وژمارە تەلەفونەکان بدڕێنە... وە هەموو ئەو وێنەو کاسێت وفلیمانە لەناو بدە .... بیسەلمێنە کە تۆ خوای گەورەت خۆشدەوێت خۆشەویستییەکی زۆر مەزن... بیسەلمێنە کە تۆ گوێڕایەڵی خوای گەورەی پێش گوێڕایەڵی شەیتان و ئارەزووەکانت..

## بکوژ و کوژراو ( القاتل والمقتول )

دەمەوێت تۆ ببیتە کەسێکی بانگەوازکار بۆ کەسانی تر..... فەرمان بە چاکە بکەیت..... وقەدەغە بکەیت لە خراپە..... ببە بە کەسێکی چاونەترس...... بەڵیٚ چاونەترس و زیرەك..... وریابە شەیتان نەتخەڵەتێنیٚ .....(صفیەی کچی عبدالمطلب) (خوای لیٚ رازی بێت).... پووری پێغەمبەری خوا ﷺ پیرەژنێك بوو تەمەنی لە شەست ساڵ تێپەڕی بوو .... بەڵام چەند کارێکی سەیرو چەند پاڵەوانێتییەکی هەبوو ... کاتێك کە بیٚ باوەڕانی قورەیش و خەڵکی تر .. پیلانیان دانا بوو بۆ داگیر کردنی شاری (مەدینە) موسڵمانان لە لایەکی شارەوە چاڵێکی

(٢١) (رواه الترمذي وابن ماجة، وصححه الألباني في: صحيح الجامع الصغير: ١٥٥٢، وصحيح الترغيب والترهيب: ٢٤١٧).

(٢٢) (رواه ابن حبان والبيهقي، وصححه الألباني في: صحيح الترغيب والترهيب: ٢٤٢١).

(٢٣) (رواه الترمذي وابن ماجة، وحسنه الألباني في: مشكاة المصابيح: ٣٥٧٥).

گەورەیان بە درێژی هەڵکەند وە چەند چیایەك دەوری شاری لە زۆربەی لاکانەوە دابوو ... وە ژمارەی موسڵمانان کەم بوو .....پێغەمبەری خوا ﷺ داوای لێ کردن کە لە پێش ئەو (خەندەقەوە) خۆیان ئامادە بکەن بۆ ئەوەی ڕووبەڕووی هەر کەسێکی بێ باوەڕ ببنەوە کە لە خەندەقەکە دەهاتە ئەمبەرەوە ..... بەڵام منداڵ و ئافرەتەکانی لە قەڵایەکدا کۆ کردبووەوە .... وە هیچ کەسێکی بۆ پاسەوان کردنی ئەوان بە جێ نەهێشتبوو لەبەر کەمی موسڵمانان و زۆری بێ باوەڕان لە کاتێکدا کە پێغەمبەری خوا ﷺ لەگەڵ موسڵماناندا لە نزیکی خەندەقەکە خەریك بوون . کۆمەڵێکی جولەکە دزەیان کردو گەیشتنە نزیکی قەڵاکە بەڵام کەس نەیدەوێرا بچێتە ناو قەڵاکەوە چونکە دەترسان نەوەك موسڵمانێکی تێدا بێت .... خۆیان لە دەرەوەی قەڵاکە ئامادەکردو یەکێکیان نارد بۆ ئەوەی هەواڵیان بۆ بهێنێ ئەو جولەکەیە لە دەوری قەڵاکە دەسوڕایەوە ... تاکو کەلێنێکی دۆزییەوە ... چووە ژوورەوە پاشان تەماشای دەکردو دەگەڕا .... لەو کاتەدا صەفییە(خوای لێ رازی بێت) ئەوی بینی و ترساو لە دڵی خۆیدا ووتی: ئەم جولەکەیەی بە دەوری قەڵاکە دا دەسوڕێتەوە ... سوێند بە خوا من دەترسم لە پشتەوە جێگامان بۆ جولەکەکان دیاری بکات ... لەم کاتەیشدا پێغەمبەرﷺ و هاوەڵانیﷺ سەرقاڵن .. وە ئەگەر هاوار بکەم ئەوا ئافرەت و منداڵەکان دەست دەکەن بە گریان و دەترسن و جولەکەکانیش بۆیان دەردەکەوێت کە پیاو لە قەڵاکەدا نییە .... چەقۆیەکی هەڵگرت و توند لە پشتی خۆی بەست .... پاشان دارێکی هەڵگرت و لە قەڵاکە دابەزی بۆ لای کابرای جولەکە لە پشتەوە بە بێ دەنگ رۆیشت بەرەو لای ...... تا نزیك بووەوە پاشان بە توندی دارەکەی دا بە سەریدا .... تا کوشتی .... ئافەرین بۆ صفیە .... بە راستی ئەو یەکێکە لە بەندە لە خواترسەکان؟.. تەماشای جورئەت و هەوڵدانەکەی بکەن لە پێناوی خزمەت کردنی ئەم دینەدا .....ئایا تۆ چەند هەوڵت داوە بۆ فەرمان کردن بە چاکە ونەهی کردن لە خراپە ..... رۆژانە چەند کەس دەبینیت لە مەجلیسەکاندا کە برۆیان هەڵدەگرن؟ ئەی لە بازاڕەکاندا چەند ئافرەت دەبینی کە حیجابی لە بەردا نییە؟ ئەی لە شایی وزەماوەندەکاندا چەند ئافرەتی بێ شەرم دەبینی؟ ئایا چیت کردووە بەرامبەر بەوان؟؟؟ ﴿وَالْمُؤْمِنُونَ وَالْمُؤْمِنَاتُ بَعْضُهُمْ أَوْلِيَاء بَعْضٍ يَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَيَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنكَرِ وَيُقِيمُونَ الصَّلاَةَ وَيُؤْتُونَ الزَّكَاةَ وَيُطِيعُونَ اللّهَ وَرَسُولَهُ أُوْلَـئِكَ سَيَرْحَمُهُمُ اللّهُ إِنَّ اللّهَ عَزِيزٌ حَكِيمٌ﴾ [التوبة: ٧١] .

واتە: باوەڕدارانی پیاوو ئافرەت هەندێکیان دۆست ویارمەتیدەرو پشتیوانی هەندێکی تریانن، فەرمان دەکەن بەچاکە وقەدەغەی خراپە دەکەن، نوێژەکانیان ئەنجام دەدەن وزەکاتی ماڵەکانیان دەدەن وگوێڕایەڵی خوای گەورەو پێغەمبەرەکەی ﷺ دەکەن، ئا ئەوانە خوای گەورە رەحمیان پێ دەکات وبەسۆز دەبێت لەگەڵیاندا، بەراستی خوای گەورە باڵادەست وکاربەجێیە.

وە هەرکەسێ وازی هێنا لە فەرمان کردن بە چاکە و نەهی کردن لە خراپە ئەوا شایەنی نەفرەتە:
﴿لُعِنَ الَّذِينَ كَفَرُواْ مِن بَنِي إِسْرَائِيلَ عَلَى لِسَانِ دَاوُودَ وَعِيسَى ابْنِ مَرْيَمَ ذَلِكَ بِمَا عَصَوا وَّكَانُواْ يَعْتَدُونَ كَانُوا لَا يَتَنَاهَوْنَ عَنْ مُنْكَرٍ فَعَلُوهُ لَبِئْسَ مَا كَانُوا يَفْعَلُونَ﴾ [المائدة: ٧٨-٧٩].

واتە: نەفرەت کرا لە کافرانی بەنی ئیسرائیل لەسەر زمانی داود وعیسی(علیهما الصلاة والسلام) لە زەبور وئینجیلدا، بەهۆی ئەو تاوان وسەرپێچی ودەست درێژییانەی کە ئەیانکردە سەر سنورەکانی خوای گەورە، وەبەهۆی ئەوەی کە قەدەغەی خراپەیان ناکرد کە بکرایا، کە ئەمەیش خراپترین کارێکە کە ئەنجامیان دەدا.

شەرم مەکە لە بانگەواز کردن ...بانگەواز لە سەرەتادا پێویستی بە جورئەت هەیە ... بەڵام کۆتاییەکەی دڵخۆشی و سەرفرازییە ...

**بووك** ...

ئافرەتی باش ئەوەیە کە ئەسکڵی بە دەستەوە گرتووە .. ئەگەر فەرمانێکی پێ گەیشت لە لایەن شەرعی خواوە .... گوێرایەڵ دەبێت ... ملکەچ دەبێت .... سەری بۆ دادەنوێنێت .... وە بە هیچ شێوەیەك نەیاری ئەو فەرمانە نابێت .... یان سەرپێچی ناکات .... یان بە شوێن کەلێنێکدا بگەڕێت تا لێوەی دەرباز بێت .... وە گوێ بگرە بۆ باسی ئەو کچە پاکە ... بە شەرەفە .... بووکە .... کابرایەك هەبوو لە هاوەڵانی پێغەمبەری خوا ﷺ ناوی ( جولەیبیب) بووﷺ.. دیمەنی ناشیرین بوو .... پێغەمبەری ئازیز ﷺ پێشنیاری کرد کە ژن بهێنی .. ئەویش ووتی: بەڵام من کەسێکم بازاڕم کزە (واتە: کەس پێم رازی نابێت) .. پێغەمبەری خوا فەرمووی ﷺ: بەڵام لای خودا بازاڕ کز نیت .. پێغەمبەری خوا ﷺ بە دوای هەلێکدا دەگەڕا کە کەسێکی شیاوی بۆ بدۆزێتەوە ... تاکو رۆژێك پیاوێکی (انصار) ی هات بۆ لای پێغەمبەری خوا ﷺ و کچێکی بێوەژنی هەبوو پێشکەشی پێغەمبەری خوای کرد ﷺ بۆ ئەوەی بۆ خۆی مارەی بکات، پێغەمبەرﷺ فەرمووی: بەڵی ئەی فلان من ئەو کچەی تۆم دەوێت، کابرا فەرمووی: بەڵێ ودوو بەڵێ ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ ..... خۆشەویست ﷺ فەرمووی: من نامەوێ بۆ خۆم، ووتی: ئەی بۆ کێ؟ فەرمووی: بۆ جولەیبیبﷺ ووتی: جولەیبیبﷺ!! ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ!, با پرسێ دایکی بکەم...پاشان ئەو کابرایە چوو بۆ لای ژنەکەی خۆی و ووتی: ئەوا پێغەمبەری خوا ﷺ داوای کچەکەی کردووە ئەویش ووتی: بەڵێ و دوو بەڵێ خێزانی پێغەمبەری خوا ﷺ ووتی: ئەو بۆ خۆی نایەوێت. ووتی: ئەی بۆ کێ؟ ووتی: بۆ جولەیبیبﷺ. ووتی: بێفەر لە جولەیبیبﷺ نەخێر سوێند بە خودا نایدەم بە جولەیبیب .ئێمە کەسانێك وەك فلان وفلان هاتنە خوازبێنی کچەکەمان کەچی بەوانمان نەدا, پیاوەکە بێ تاقەت بوو بەو قسەیە پاشان هەستا بۆ ئەوەی بچێت بۆ خزمەتی پێغەمبەرﷺ کچەکە لەماڵەوە هاواری کردوو بە باوك و دایکی ووت: کێ داوای منی کردوو؟ ووتیان پێغەمبەری خوا ﷺ بۆ کەسێکی تر ووتی: ئایا فەرمانی پێغەمبەری خودا ﷺ رەت دەکەنەوە؟ ئێوە بمنێرن بۆ لای پێغەمبەری خودا ﷺ دڵنیابن ئەو من نافەوتێنێت، وەکو بڵێی ئیشەکەی لێیان گەورە کردەوە, پاشان باوکی رۆیشت بۆ لای پێغەمبەری خوا ﷺ ووتی: ئەی پێغەمبەری خودا ﷺ خۆت باشتری لێ دەزانی ..بیدە بە جولەیبیبﷺ.. پێغەمبەری خودا ﷺ لە جولەیبیبیﷺ مارە کرد ودوعای بۆیان کردوو فەرمووی: ئەی خودایە ..خەیر برژێنە بە سەریاندا.. وەژیانیان ناخۆش مەکە ..پاش چەند رۆژێك پێغەمبەری خوا ﷺ بۆ غەزایەك دەرچوو ..وە(جولەیبیب) یشﷺ لە گەڵیاندا دەرچوو ..کاتێك کە شەڕەکە کۆتایی

پێهات........پاشان هاوەڵان ﷺ دەگەڕان بۆ ئەوەی بزانن کێ کوژراوە و کێ ماوە پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی:

(هل تفقدون من أحد؟) قالوا: نعم فلانا وفلانا وفلانا . ثم قال: (هل تفقدون من أحد؟) قالوا: لا . قال: (لكني أفقد جليبيب فاطلبوه) . فطلب في القتلى فوجدوه إلى جنب سبعة قتلهم ثم قتلوه فأتي النبي ﷺ فوقف عليه فقال: (قتل سبعة ثم قتلوه هذه مني وأنا منه هذا مني وأنا منه) [قالها مرتين أو ثلاثا] [ثم قال بذراعيه هكذا فبسطهما] قال: فوضعه على ساعديه ليس له سرير إلا ساعدي النبيﷺ قال: فحفر له ووضع في قبره)[٢٤].

واتە: ئایا کەستان بزر کردووە؟ ووتیان: ئێمە فلاّن و فلاّنمان بزر کردووە دیسان فەرمووی: ئایا کەستان بزر کردووە؟ ئەوانیش فەرموویان: فلاّن وفلاّنمان بزر کردووە بۆ جاری سێیەم فەرمووی: کەستان بزر کردووە؟ ووتیان: فلاّن و فلاّنمان بزر کردووە.. پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: بەلاّم من جولەیبیبم ﷺ بزر کردووە .. پاشان هاوەلاّن ﷺ هەستان و بە شوێنیدا گەڕان .. لە نێو کوژراوەکاندا .. کەچی لە گۆرەپانی شەڕدا نەیانبینییەوە ... لە جێگایەکی نزیك دۆزییانەوە .. بە کوژراوی و لە تەنیشتی حەوت کەس لە بێ باوەڕان کوژراوە ... کە جولەیبیب ﷺ هەموویانی کوشتبوو ... پێغەمبەری خودا ﷺ لەسەر لاشەکەی وەستاو تەماشای دەکرد ... پاشان فەرمووی: حەوت کەسی کوشتووە پاشان کوشتوویانە حەوت کەسی کوشتووە پاشان کوشتوویانە ئەمە لەمنەو منیش لەوم ... پاشان پێغەمبەری خوا ﷺ بە دەستی پیرۆزی خۆی هەڵیگرت و .. فەرمانی کرد کە گۆڕێکی بۆ بکەن .. أنس ﷺ دەفەرمێت: ئێمە لەو کاتەدا خەریکی گۆڕ هەڵکەندن بووین.. جولەیبیبﷺ هیچ جێگەیەکی نەبوو تەنها دەستەکانی پێغەمبەرﷺ نەبێت... تا گۆڕەکەی بۆ کراو پاشان خرایە ناو گۆڕەکەوە ..

ئەنەس ﷺ دەفەرمێت: سوێند بە خوا لە ئەنصاردا ژنێك نەبوو کە بەو شێوەیە بازاڕی گەرم بێت وەکو خێزانەکەی جولەیبیبﷺ.. هەموو پیاوان پێشبڕکێیان دەکرد بە مەبەستی خوازبێنی لە پاش جولەیبیب ﷺ:

﴿ومن يطع الله ورسوله ويخشى الله ويتقه فأولئك هم الفائزون﴾ [النور: ٥٢] .

واتە: هەرکەسێك گوێڕایەڵی خواو پێغەمبەری خوا ﷺ بکات ولەخوا بترسێت بە زانیارییەوەو تەقوای خوا بکات ئەوا ئەو کەسانە سەرکەوتوو سەرفرازن.

وە پێغەمبەری خوا ﷺ لە فەرموودەیەکی (صحيح)دا فەرموویەتی:

(كل أمتي يدخلون الجنة إلا من أبى . قيل ومن أبى ؟ قال من أطاعني دخل الجنة ومن عصاني فقد أبى)[٢٥].

واتە: هەموو ئوممەتەکەم دەچنە بەهەشتەوە ئیللا کەسێك نەبێت کە خۆی نایەوێ.. ووتیان: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ کێ بەهەشتی ناوێ؟ فەرمووی: کێ گوێڕایەڵیم بکات ئەوا دەچێتە بەهەشتەوەو کێ سەرپێچی فەرمانەکانم بکات ئەوا خۆی بەهەشتی ناوێ ..

(٢٤) (صححه الألباني في: تلخيص أحكام الجنائز: ص٣٢-٣٣).

(٢٥) (رواه البخاري، وانظر: مشكاة المصابيح: ١٤٣).

## لە گۆڕەپانی پێشبڕكێدا ...

ئافرەتانی ئیمانداران ....پێشبڕكێ دەكەن بۆ كاری چاكە .... بچووك و گەورە .... تەنانەت خۆتیش نازانیت چی كارێك دەبێتە هۆی چوونە ناو بەهەشتەوە ..... ڕەنگە كاسێتێك بێت كە لە قوتابخانەدا بڵاوی دەكەیتەوە .... یا ئامۆژگارییەك بە هاوەڵانی خۆتی بگەیەنیت .... خوای گەورە لێبوردن ورەزامەندی خۆیت بۆ دەنوسێت ... لە فەرموودەیەكی صحیح دا كە ئیمامی بوخاری ومسلم ریوایەتیان كردووە خۆشەویست ﷺ باسمان بۆ دەكات ودەفەرمووێت: ئافرەتێكی داوێن پیسی (بنی اسرائیل)ی لە بیابانێكدا ڕێی دەكرد ... لەو بیابەنەدا سەگێكی بینی لە نزیك بیرێك ... جار جار دەچێتە سەر بیرەكەو جار جار بە دەوریدا دەسوڕێتەوە ... لە ڕۆژێكی گەرمدا ... زمانی لە تینواندا دەردەهێنا .. نزیك بوو تینیوتی ئەو سەگە بكوژێت ... كاتێك ئەو ئافرەتە داوێن پیسە ئەوەی بینی ... ئەو ئافرەتە كە چەندەها جار سەرپێچی فەرمانەكانی خوای گەورەی كردووە ... خەڵكی تری لە ڕێگا لاداوە و كەوتووەتە ناو داوێن پیسی و تاوانەوە ... كاتێك ئەو سەگەی بینی ... باڵاكەی خۆی یان پێڵاوەكەی لە پێ داكەند ... لە بیرەكە پڕی لە ئاو كرد و دای بە سەگەكە .... تینیوتی شكاند .. خوای گەورە بە هۆی ئەوەوە لە تاوانەكانی خۆش بوو .... الله أكبر .... خوا لە تاوانەكانی خۆش بوو! ! ! بۆ؟؟؟ ئایا ئەو شەونوێژی دەكرد؟ یان ڕۆژووی دەگرت؟ ئایا هەرگیز لە پێناوی خوادا كوشتاری كردووە؟ نەخێر بەڵكو قومێك ئاوی داوە بە سەگێكی تینوو .. خوای گەورە لێی خۆش بوو ...

ئیمامی مسلم لە (عائیشە) وە(خوای لێ رازی بێت) ریوایەتی كردووەو دەفەرمێت: (جاءتني مسكينة تحمل ابنتين لها فأطعمتها ثلاث تمرات فأعطت كل واحدة منهما تمرة ورفعت إلى فيها تمرة لتأكلها فاستطعمتها ابنتاها فشقت التمرة التي كانت تريد أن تأكلها بينهما فأعجبني شأنها فذكرت الذي صنعت لرسول الله ﷺ فقال: إن الله قد أوجب لها بها الجنة أو أعتقها بها من النار)[٢٦].

واتە: ئافرەتێكی هەژار هات بۆ لای عائیشە (خوای لێ رازی بێت) و دوو منداڵی كچی پێ بوو ... ووتی: ئەی دایكی ئیمانداران ... سوێند بە خوا بۆ ماوەی سێ ڕۆژە هیچ شتێكمان نەخواردووە .... پاشان دایكی ئیمانداران هەستاو لە ماڵەكەی پێغەمبەردا ﷺ گەڕا بۆ ئەوەی شتێك بدۆزێتەوە ... كەچی تەنها سێ خورمای دۆزییەوە ... هەر سێ خورماكەی دا بە ئافرەتەكە ... ئەو ئافرەتە هەژارە دڵخۆش بوو ... هەر یەكە خورمایەكی دا بە منداڵەكان .. و خورمای سێیەمی برد بۆ دەمی خۆی ... بەڵام لەبەر ئەوەی منداڵەكان زۆر برسیان بوو .... خورماكەی خۆیانیان خواردو پاشان دەستیان برد بۆ خورماكەی دایكیان .... دایكەكەیش تەماشای ئەوانی كرد و ..خورماكەی كردە دوو لەتەوە و هەریەكە لەتێكی پێدان ....عائیشە(خوای لێ رازی بێت) فەرمووی: زۆر سەرسام بووم بۆ سۆزی ئەو دایكە ... منیش ئەو ڕووداوەم بۆ پێغەمبەری خوا ﷺ گێڕایەوە ئەویش فەرمووی: خوای گەورە بەهەشتی بۆ دابین كردووە ... یان خوای گەورە لە ئاگر دەیپارێزێ ...

ئەو ئافرەتانەمان كە خەڵۆزیان بە دەستەوە گرتووە پێشبڕكێ دەكەن بۆ گوێڕایەڵی فەرمانەكانی خوا .... هەرچەندە كەم وبچووك بێت .. لەوەیش گەورەتر ئەوەیە كە خۆیان لەسەرپێچی فەرمانەكانی خوا بپارێزن ...وە بە

---

(٢٦) (رواه مسلم، وانظر: صحيح الترغيب والترهيب: ١٩٦٩).

بچووکی نەزانن ... خوای گەورە دەربارەی ئەو کەسانە کە تاوانەکانیان بە بچووك دەزانن دەفەرمووێ: ﴿وَتَحْسَبُونَهُ هَيِّنًا وَهُوَ عِندَ اللَّهِ عَظِيمٌ﴾ [النور: ١٥] .

واتە: وادەزانن کارێکی سادەو ئاسایی وبچوکە، بەڵام لای خوای گەورە زۆر تاوانێکی گەورەیە.

وە لە هەردوو کتێبی صحيح دا خۆشەویستﷺ باسی بۆ کردووین و دەفەرمێت: (عذبت امرأة في هرة سجنتها حتى ماتت فدخلت فيها النار لا هي أطعمتها وسقتها إذ حبستها ولا هي تركتها تأكل من خشاش الأرض)[٢٧].

واتە: (ئافرەتێکم بینی لەناو ئاگردا سزا دەدرا) ئایا ئەو ئافرەتە چی کردووە؟ کە ببێتە هۆی ئەوەی بخرێتە ناو ئاگرەوە ... ئایا سوجدەی بۆ بت بردووە؟ ئایا پێغەمبەرێکی کوشتووە؟ ئایا پارە و ماڵی خەڵکی دزیوە؟ نەخێر... ئەو ئافرەتە خرایە ناو ئاگرەوە بە هۆی پشیلەیەکەوە ... بەندی کرد بوو... ئەو ئافرەتە نەدەچوو خواردنی پێ بدات ... وە ئازادیشی نەدەکرد تاکو بچێت شتێك بۆ خۆی پەیدا بکات.... تاکو لە برسا (تۆپی) ... پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرمووێت: (ئەو ئافرەتەم بینی لە ئاگردا پشیلەکە رووی هەڵدەکڕاند).

وە ئیمامی بوخاری ریوایەتی کردوو و دەفەرمێت: (قيل للنبي ﷺ يا رسول الله إن فلانة تقوم الليل وتصوم النهار وتفعل وتصدق وتؤذي جيرانها بلسانها فقال رسول الله ﷺ: لا خير فيها هي من أهل النار . قال وفلانة تصلي المكتوبة وتصدق بأثوار (من الأقط) ولا تؤذي أحدا، فقال رسول الله ﷺ: هي من أهل الجنة)[٢٨].

واتە: (پرسیاریان لە پێغەمبەری خوا ﷺ کردو فەرموویان: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ فلأن ئافرەت شەونوێژ دەکات ... و بە رۆژیش بە رۆژوو دەبێت... وە کرداری چاکە دەکات ... و پارە دەکات بە خەیر و صەدەقە ... بەڵام.... بە زمانی ئازاری دراوسێکانی دەدات ... پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: ئەو ئافرەتە خەیری تێدا نییە.. ئەو کەسێکە لە ئەهلی ئاگر ... فەرموویان: ئەی فلأن ئافرەت تەنها نوێژە فەرزەکان دەکات و کەمێك خەیر دەکات(کەشك دەکات بە خێر) و ئازاری کەس نادات... پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: ئەو کەسێکە لە ئەهلی بەهەشت ...

## جەنگ ....!!

ئایا دەزانی ئەو جەنگەی کە بەرپا بووە دژی تۆیە و دەیانەوێت بتکەنە کۆیلە؟ دەیانەوێ شەرەفت بشکێنن؟ بە ناوی ئازادی و..یەکسانی.. ئایا مانای ئەو ئازادییە چییە کە ئەو خراپەکارانە دەیانەوێت؟ ئەی باشە بۆ بانگەواز ناکەن بۆ ئازاد کردنی کرێکارە ستەم لێکراوەکان؟ بۆ قوربانیان ولێقەوماوان؟ وە بۆ هەتیوە بێ کەسەکان؟ بۆ سوورن لەسەر ئەوەی کە ئەو ئافرەتە پاك و بێ گەردە کە لە سێبەری کەس و کاریدا دەژێت ... کە ئەگەر کەسێکی ناپاك بیەوێت دەستی بۆ ببات ئەوا جارێکی تر دەستی بۆ ناگەڕێتەوە ... بۆ هەردەم سوورن لەسەر ئەوەی کە ئەو ئافرەتە پێویستی بە ئازاد کردنە؟ ئایا خۆداپۆشینی ئافرەتان بەو حیجابە رێك وپێکەوە بۆ ئەوەی خۆی بپارێزی لە چاوی ناکەسان ... بە کۆیلایەتی دەژمێردرێت و پێویست دەکات ئازاد بکرێت؟ ئایا تایبەتمەند کردنی جێگایەك بۆ کارکردنی ئافرەتان و دوور کەوتنەوە لە تێکەڵ بوونی پیاوان .. کۆیلایەتی وزەلیلی ئافرەت

---

(٢٧) (سلسلة الأحاديث الصحيحة: ٢٨).

(٢٨) (سلسلة الأحاديث الصحيحة: ١٩٠).

نیشان دەدات؟ ئایا پەروەردە کردنی ئافرەتان بۆ کوڕەکانیان و سۆز نواندن بەرامبەر بە کچەکانیان و مانـەوەی لـە ماڵەکەی خۆیدا .. کۆیلایەتییەو پێویستی بە ئازاد کردنە؟ باشە بۆ زۆربەی ئەوانەی کە بانگەواز دەکـەن بـۆ ئـازادی ئافرەتان و فڕێدانی پۆشاکەکەی ... وای نیشان دەدەن کە حیجاب کۆت و زنجیرە و دەبێ لێی ئازاد بکرێـت ... بـۆ دەبینین ئەوانە زۆربەیان لە زانایان و چاکسازان نین؟ بەڵکو زۆربەیان زیناکار ومەی خۆرن, کەسانێکن کە بـە شـوێن شەهەوات وئارەزوودا دەگەڕێن؟ باشە ئەوانە بۆ بانگەوازی ئازادکردنی ئـافرەت دەکـەن؟ بۆدەیانـەوێ ئـەو ئافرەتـە داوێن پاك و بێگەردە لە ماڵی خۆی دەربهێننە دەرەوە؟ بۆ؟وەلاّمی روون و ئاشکرایە.....دەیانەوێ ئەوان بتبین بـە رووتی و بە سەماکردن, بۆیە سەمایان لات جوان کردووە کاتێکیش ئەو ئافرەتە رووتکرایـەوە پاشـان لـە شـانۆکاندا دەستی کرد بەسەماکردن و یاریکردن...ئارەزووی خۆیانیان پێ تێر  دەکەن ...هاوار دەکەن و پێیـان دەڵـێن: ئێمـە تۆمان ئازاد کردووە..لە هەرکاتێکدا ئارەزوویان بوو ئەوا شەهواتی خۆیان پـێ ڕازی دەکـەن ..بۆیـە تیکـەڵ بـوون و هاوڕێتی پیاوانیان لا جوان کردوونە تاکو وای لێ دەکەن کە ئـافرەت دەبێتـە یـاری دەسـتی ئـەوان لـە چـی کاتێکـدا ئارەزوویـان بـوو بـەکاری دەهێـنن, لەسـەر جێگـای خـەوتنیان ...لـە باخـچەکانیان....لـە سـەماخانەکانیان.. لـە باڕەکانیان ..کاتێکیش کە مەرازیان جێبەجێ بوو ئافرەتەکەیش شەرەفی شکا و پـیس بـوو هـاوار دەکـەن ودەڵـێن ئێمە تۆمان ئازاد کردووە

خدعوها بقولهم حسناء          والغواني يغرهن الثناء

پێیان خۆشە کە ئەو ئافرەتانە ببینن بەرووتی لەسەر کەناری دەریاکان ...یان مەیگێڕ بێت لەباڕەکاندا یان خزمەتکار بێت لەناو فڕۆکەکاندا.. هاوڕێ داوێن پیسەکانی ئەو هەموو کردارەی لا جوان دەکەن و بەو کردارە لەخشتەی دەبەن ... کاتێکیش کە نوقمی خراپەکاری دەبێت ..پێی پێ دەکەنن و دەڵێن: ئەو ئافرەتە ئازاد کراوە ... لە چی ئازادیان کردووە؟ سەیرە ..!! ئایا ئەو ئافرەتە لە بەندیخانەدا بووەو ئێستا دەرچووە بۆ ئازادی؟ ئایا ئازادی لە جل وبەرگی کورت دایە؟ یان لە فڕێدانی حیجاب دایە؟ یان لە پیاسە کردنی ناو بازاڕەکان و خەوتن لەگەڵ برادەرەکانیدایە؟ ئایا ئازادی ئەوەیە کە هاوڕێتی گەنجێکی خراپ بکەیت؟ یان دوو بە دوو بوونەوە لەگەڵ گەنجێکی ستەمکاردا؟ ئایا ئازادی راستەقینەو سەرۆکایەتی پاك ئەوە نییە کە تۆ بە پاکی و داپۆشراوی بمێنیتەوەو باوکت لەگەڵدا سۆزدار بێت ... پیاوەکەت چاکەت لەگەڵدا بکات؟ براکەت لەبەر دەستت دا خزمەتت دەکات وپاسەوانی تۆیە ... وە کوڕەکەت خۆی  دەدا بەسەر پێڵاوەکانتدا ... بە راستی ئەمە ئەو کەرامەتە مەزنەیە کە خوای گەورە بۆ تۆی دەوێت ...

## باڵوێزی ئافرەتان ....

کۆمەڵگا دوو بەشن .... ناوخۆ و دەرەوە ... پیاوان بەشی دەرەوەیان کەوتۆتە ئەستۆ, بۆیە کار دەکات و خانوو دروست دەکات ... وەنەخۆش چارە دەکات .. وە هەژاران تێر دەکات .. ئۆتۆمبیل لێ دەخوڕێ .. وە دەکڕێ ودەفرۆشێت .. وە ئافرەتیش منداڵ پەروەردە دەکات .. کاروباری ماڵ جێ بەجێ دەکات .. وە نابێت ئەو دووانە تێکەڵ بکرێت بەڵکو دەبێت هەریەکەو خەریکی کاری خۆی بێت .. ئایا ئەو فەرموودەیەت  نەبیستووە کە ( البيهقی) ریوایەتی کردووە و دەڵێت:

(ئەسمائی کچی یزید) (خوای لێ ڕازی بێت) هات بۆ لای پێغەمبەری خواﷺ کە ئەویش لە نێو هاوەڵانیدا بووﷺ, ووتی: تۆ بە باوك و دایکەوە بەقوربانت بم .. من نوێنەری ئافرەتانم و هاتووم بۆ لات ... وە بزانە ( گیانم بە فیدات بێت) هێچ ئافرەتێك لە ڕۆژ هەڵات و ڕۆژ ئاوادا ... بیستبێتی بە هاتنم بۆ لات یان نەیبیستبێت .... بزانە کە ئەو لەسەر بۆچوونی منە .. خوای گەورە تۆی ناردووە بۆ پیاوان و ژنان ... ئێمە باوەڕمان پێت هێناوەو باوەڕمان بەو خوایەیش هێناوە کە تۆی ناردووە .... ئێمەی ئافرەتان بوار تەسکین ..... دانیشتووین لە ماڵەکانتاندا ... وە شەهوەتەکانتان بە جێ دەگەیەنین وە منداڵەکانتان لە سکدا بۆ هەڵدەگرین .... وە ئێوەی پیاوان خوای گەورە فەزڵی ئێوەی داوە بە سەرماندا بە ئەنجامدانی نوێژی هەینی ونوێژی جەماعەت وسەردانی نەخۆش وشوێن کەوتنی جەنازەو حەج کردن لە پاش حەج کردن ...وە لە هەمووی باشتر جیهاد کردنە لە پێناوی خوادا .. وەئەگەر یەکێك لە ئێوە لە ماڵ دەرچێت بە مەبەستی حەج کردن یان عومرە کردن یان جیهاد کردن ... ئەوا ئێمە ماڵەکانتان بۆ دەپارێزین وجل وبەرگتان بۆ دەدورین و منداڵەکانتان بۆ پەروەردە دەکەین ... کەچی بەشدارتان نابین لە پاداشتدا .. ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ؟ پاشان پێغەمبەری خوا ﷺ رووی کردە هاوەڵانیﷺ و فەرمووی: ئایا تاکو ئێستا هیچ وتاری ئافرەتێکتان بیستووە دەربارەی دینەکەی پرسیاری کردبێت وەکو ئەم ئافرەتە؟ فەرموویان: نەخێر ... پاشان پێغەمبەری خوا ﷺ رووی کردە ئافرەتەکەو پێی فەرموو: بڕۆرەوە ئەی ئافرەت، وە باش بزانە و بە ئافرەتانی تری بگەیەنە کە ئەگەر یەکێکتان بە باشی وڕێك وپێکی هەڵسوکەوت بکات لەگەڵ پیاوەکەیدا وە داواکارییەکانی جێ بەجێ بکات ولە خۆی ڕازی بکات وە شوێنی بکەوێت لە بۆچوونەکانیدا ئەوا یەکسانە لەگەڵ هەموو ئەوانەی کە باست کرد ... پاشان ئافرەتەکە گەڕایەوە و لەبەر خۆیەوە (لا اله الا الله) و (الله اكبر) ی دەکرد لە خۆشی و شادیدا .... بەڵێ هەرکەسێك لە بواری خۆیدا .... ئافرەت ماڵەکەی خۆی مەملەکەتەکەیەتی ... ئەو لە ماڵدا شاژنە .... وە پیاوەکەیش پادشایە .... وە منداڵەکانیشیان گەلەکەن بەڵام جاری وا هەیە ئەم یاسایە دەشکێ, ئەویش لە کاتی پێویست دا ...

## چەند بە نرخی لای ئێمە ....!

بەڵێ .... چونکە خۆت بە نرخیت ... خوای گەورە وەصێتی دایکان وباوکانی کردووە دەربارەی تۆ ... لە فەرموودەیەکدا کە ئیمامی مسلم ریوایەتی کردووە پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت:

(من عال جاريتين حتى تبلغا جاء يوم القيامة أنا وهو هكذا وضم أصابعه)[٢٩].

واتە: هەر کەسێ دوو کچ بە خێو بکات تاکو پێدەگەن ئەوا لە ڕۆژی قیامەت دا لەگەڵ مندا وەکو ئەو دوو پەنجەیە وایە .(پاشان پەنجەکانی توند بە یەکتر جووت کرد). پاشان خوای گەورە داوای کردووە لە منداڵەکانت کە ڕێزت لێ بگرن .... لە فەرموودەیەکدا کە ئیمامی بوخاری و مسلم ریوایەتیان کردووە: (قال رجل يا رسول الله ﷺ من أحق بحسن صحابتي؟ قال أمك . قال ثم من؟ قال أمك . قال ثم من؟ قال أمك . قال ثم من؟ قال أبوك . وفي رواية قال أمك ثم أمك ثم أمك ثم أباك)[٣٠].

---

(٢٩) (مشكاة المصابيح: ٤٩٥٠).

(٣٠) (مشكاة المصابيح: ٤٩١١).

واتە: کابرایەك پرسیاری لە پێغەمبەری خوا ﷺ لێ کردو فەرمووی: چی کەسێك شایەنی ئەوەیە کە زیاتر لە گەڵیدا باش بین و زیاتر مافی بە سەرمانەوە هەیە؟ پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: دایکت پاشان دایکت پاشان دایکت پاشان باوکت .... بەڵکو پێغەمبەری خوا ﷺ داوای کردووە لە پیاوان کە لەگەڵ ژنەکانیاندا باش بن و لێیان توڕە نەبن و لەگەڵیاندا بە خراپی هەڵسوکەوت نەکەن . لە مسلم و ترمذي دا ریوایەت کراوە کە پێغەمبەری خوا ﷺ لە حەجیماڵئاوایيدا کە زیاتر لە سەد هەزار حاجی راوەستا بوو ... سپی پێست و رەش پێست ... گەورەو بچووك ... دەوڵەمەند و هەژار ....پێغەمبەری خوا ﷺ بە ئەوانی راگەیاندو فەرمووی: وەصێتتان دەکەم کە لەگەڵ خێزانەکانتان دا باش بن وەصێتتان دەکەم کە لەگەڵ خێزانەکانتان دا باش بن وئامۆژگاری یەکتری بکەن بە باش بوون لەگەڵ خێزانەکانتاندا:

(ألا وأستوصوا بالنساء خيرا)[٣١] .

وە هەروەها ابو داود و چەند کەسێکی تر ریوایەتیان کردووە و دەڵێن:

(أطاف بآل رسول الله ﷺ نساء كثير يشكون أزواجهن، فقال النبي ﷺ: لقد طاف بآل محمد نساء كثير يشكون أزواجهن ليس أولئك بخياركم)[٣٢].

واتە: رۆژێك چەند ئافرەتێك هاتبوون بۆ لای خێزانەکانی پێغەمبەرﷺ و شکاتیان لە پیاوەکانیان دەکرد.. کاتێ کە پێغەمبەری خوا ﷺ بەمەی زانی هەستا و بە خەڵکەکەی فەرموو: چەند ئافرەتێك هاتوون بۆ لای بنەماڵەی محمدﷺ و شکات دەکەن لە پیاوەکانیان .. باش بزانن کە ئەوانە لە پیاوچاکەکانتان نین .

وە هەروەها ترمذي وابن ماجة لە فەرموودەیەکی صحیح دا ریوایەتیان کردووە کە پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرمێت:

(خيركم خيركم لأهله وأنا خيركم لأهلي)[٣٣].

واتە: باشترینتان ئەو کەسەیە کەلەگەڵ خێزانەکەیدا باش بێت .. وەمنیش باشترین کەسی ئێوەم کە لەگەڵ خێزانەکەی خۆمدا باش بم .

## لە پێناوی پاراستنی تۆدا هەموو شتێك دەکەین .....

لە ئیسلامدا رێزی ئافرەت هێندە بەرزە کە لە پێناوی ئەودا چەندەها شەڕ بەرپا بووە و چەندەها کەللە سەریان لە پێناوی شەرەفی یەك ئافرەتدا تێك و پێك شکاندووە .... لە کتێبەکانی (سیر) دا هاتووە:

جولەکەکان لە شاری مەدینە لەگەڵ موسڵماناندا نیشتەجێ بوو بوون ... وە زۆر پێیان ناخۆش بوو کاتێ فەرمان کرا بە خۆداپۆشینی ئافرەتان وحیجاب لەبەر کردن ... ئەوان هەوڵیان دەدا کە لەناو موسڵماناندا فیتنە بڵاو ببێتەوە و ئافرەتانی موسڵمانان چیتر خۆیان دانەپۆشن ... کەچی نەیان دەتوانی ... رۆژێك لە رۆژان ئافرەتێکی موسڵمان چوو بۆ بازاڕی جولەکەکانی (بنی قينقاع) .. کە ئافرەتێکی بە حەیا و شەرم بوو وە خۆی داپۆشی بوو .. لای

---

(٣١) (صحيح الجامع الصغير: ٧٨٨٠).

(٣٢) (صحيح سنن أبي داود: ٢١٤٦).

(٣٣) (صحيح الجامع الصغير: ٣٣١٤).

زەرەنگەرێکی جولەکە دانیشت ... جولەکەکان داپۆشینی ئەو ئافرەتەیان پێ ناخۆش بوو وحەزیان دەکرد کە ئافرەت خۆی دانەپۆشێت بۆ ئەوەی بە چاوەکانیان .. بە ئارەزووی خۆیان تەماشای بکەن .. حەزیان دەکرد دەستی لێ بدەن و گاڵتەی پێ بکەن ... چۆن لە پێش هاتنی ئایینی ئیسلام گاڵتەیان پێ دەکردو یاریان پێ دەکرد دەیانویست ئێستایش بەو شێوە گاڵتەی پێ بکەن .. داوایان لێ کرد کە پێچەکەی لا بدات و هەوڵیان دا کە حیجابەکەی پێ فڕێ بدەن کەچی ئەو رازی نەبوو ... لەو کاتەدا کە دانیشتبوو و بێ ئاگا بوو لە کرداری جولەکەکە ... جولەکەکە لە پشتەوە چمکی کراسەکەی لە خوارەوە بەستە سەرپۆشەکەیەوە .. کاتێ ئافرەتەکە هەستا کراسەکەی بەرز بووەوە ..چەند جێگەیەك لە لاشەی بە دیارکەوت و جولەکەکان دەستیان کرد بە پێکەنین بۆیە ئەو ئافرەتە بە دەنگی بەرز هاواری کردو خۆزگەی دەخواست کە ئەوان بیانکوشتایە بەڵام لاشەی بە دیار نەکەوتایە .... پیاوێکی موسڵمان ئەم رووداوەی بینی .... شمشێرەکەی دەرهێنا وبەرەو کابرای زەرەنگەر رۆیشت وکوشتی .. پاشان جولەکەکان لە دەوری کابرا کۆبوونەوەو کابرای موسڵمانیان کوشت ... کاتێ پێغەمبەری خوا ﷺ ئەم هەواڵەی پێ گەیشت وئاشکرا بوو کە جولەکەکان ئەو پەیمانەی لە نێوانیاندا بوو شکاندوویانەو رێگایان لە ئافرەتی موسڵمان گرتووە .. ئابلۆقەی ئەوانیداو تاکو ملکەچی ئەو بوون کاتێ کە پێغەمبەری خوا ﷺ ویستی تۆڵەی ئەو ئافرەتە داوێن پاکە بسێنێ سەربازێك لە سەربازەکانی (شەیتان) هەستا .. کە شەرەفی موسڵمانانی لا گرنگ نەبووو گوێی نەدەدایە پاراستنی کەرامەتی ئافرەتانی موسڵمانان ... بەڵکو ئامانجی ئەو تەنها تێرکردنی سك وئارەزووەکانی بوو ... سەرۆکی دوو روەکان کە ناوی (عبدالله بن ابی بن سلول ) بوو .. ووتی: ئەی محمد ﷺ لەگەڵ جولەکەکاندا باش بە ودەست مەهێنە رێگایان (چونکە جولەکەکان لە سەردەمی نەفامیدا پشتیوانی ئەو بوون ) کەچی پێغەمبەری خوا ﷺ پشتی لێ کردوو رازی نەبوو بە قسەکەی ... چۆن داوا دەکرێت لە کۆمەڵە کەسێك خۆش بێت کە دەیانەوێ خراپەکاری وفاحشە لەناو موسڵماناندا بڵاو ببێتەوە ... کابرای دووڕوو جارێکی تر هەستا و ووتی: ئەی محمد ﷺ چاکەیان لەگەڵدا بکە و لێیان خۆش بە ... جارێکی تر پێغەمبەری خوا ﷺ پشتی لێ کرد لە پێناو پاراستنی کەرامەت و شەرەفی ئافرەتانی موسڵمانان وەکو غیرەتێك بۆ ئیمانداران کە شەرەفی خۆیان پاراستووە .... کابرای دووڕوو تووڕە بوو دەستی کردە ناو گیرفانی قەڵغانەکەی پێغەمبەری خوا ﷺ و رایکێشاو ووتی: لە گەڵیاندا چاك بە ... لە گەڵیاندا چاك بە ... بۆیە پێغەمبەری خوا ﷺ تورە بوو و رووی تێ کرد و فەرمووی: لێم گەڕێ ... کەچی کابرای دووڕوو رازی نەبوو... پاشان داوای کرد لە پێغەمبەری خوا ﷺ و لێی دەپاڕایەوە بۆ ئەوەی لە بڕیاری کوشتنی ئەوان پەشیمان ببێتەوەو نەیانکوژێت ... پاشان پێغەمبەری خوا ﷺ رووی تێکرد و ووتی: ئەوان بۆ تۆ ... پاشان لە بڕیاری کوشتنیان گەڕایەوە .. بەڵام بڕیاری دا کە لە شاری مەدینە دەربکرێن و ئەوانیش دەرکران ...

## تەنانەت لە پاش مردنیش ......

زانای پایەدار (ابن عبدالبر) لە کتێبی (الإستعاب) دا باس دەکات و دەڵێت:

فاطمەی کچی پێغەمبەری خوا ﷺ هەردەم خۆی پۆشتە کردبوو و خۆی دەپاراست... کاتێ کە مردنی نزیك بووەوە .. بیری لە حاڵی خۆی دەکردەوە کاتێ لەسەر تابوت هەڵدەگیرێت وتەنها پارچە قوماشێك بە سەریدا دەدەن ... رووی کردە (ئەسمائی کچی عمیس) و فەرمووی: ئەی ئەسماء بە راستی بەو شێوەیە کە ئافرەتان بەرەو گۆڕستان دەبرێت شتێکی ناشیرینە ... ئەوان تەنها کراسێك دەدەن بەسەر لاشەی ئەو ئافرەتەدا, هەندێ جار وەسفی لاشەی دەکات وخەڵکی دەیبینن!!.. ئەسماء فەرمووی: ئەی کچی پێغەمبەری خوا ﷺ من رێگایەکت پێ نیشان دەدەم کە لە وڵاتی حەبەشە بینیومە .. فەرمووی: چیت بینیوە؟ پاشان ئەسماء داوای کرد کە هەندێ لە پەلی دار خورمای بۆ بهێنن ئەویش ئەو دارانەی لار کردەوە تاکو وەکو کەوانی لێ هات .. پاشان کراسێکی دا بە سەردا وەکو شێوەی قوببەی لێ هات ... فاطمة فەرمووی: بە راستی ئەم شێوەیە زۆر جوانە و شتێکی باشە چیتر دەتوانرێت جەنازەی پیاوان لە ژنان جیا بکرێتەوە، کاتێ فاطمة کۆچی دوایی کرد بەو شێوەیە وەکو کەژاوەی بووکی بۆ کرا .... ئەمە سوور بوونی فاطمة بوو بۆ خۆ داپۆشین لە کاتێکدا ئەو لاشەیەکی بێ گیانە .. ئەی ئاخۆ لە کاتی ژیانیدا چۆن خۆی داپۆشیبێت؟؟؟ سبحان الله .... کوان ئەو ئافرەتە موسڵمانانە؟ ....کە دەزانین ئەوان خواو پێغەمبەرکەیانﷺ خۆش دەوێت, وە دڵەکانیان تامەزرۆی بەهەشت دەکات ... بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا ئافرەتی وا هەیە دەچێت بۆ ئارایشتگا و لەبەر دەستی ئافرەتێکی تردا حیجابەکەی فرێ دەداو ئەویش دەست دەکات بەلادان و هەڵگرتنی مووی دەم و چاوی, پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرمووێت:

(ما من امرأة تضع ثيابها في غير بيت زوجها إلا هتكت الستر بينها وبين ربها)[٣٤].

واتە: هیچ ئافرەتێك نییە کە پۆشاکەکەی لەماڵی جگە لە هاوسەرەکەی دابکەنێت ئیللا پەردەی لە نێوان خۆی وخوای گەورەدا راماڵیوە.

وە دەفەرمێت:

(وشر نسائكم المتبرجات المتخيلات وهن المنافقات لا يدخل الجنة منهن إلا مثل الغراب الأعصم)[٣٥].

واتە: خراپترینی ئافرەتانتان ئەوانەن کە رووتن وجوانی خۆیان دەردەخەن کە ئەوانەن دووڕووەکان، کەس لەوانە ناچێتە بەهەشتەوە ئیللا مەگەر وەکو قەلەڕەشی قەش.

بەڵکو کوان ئەو کچانە کە هیوایان پشتیوانی کردنی ئیسلامە؟ وەئامادەن گیان و نەفسی خۆیان بەخت بکەن لەو رێگایەدا کەچی دەبینین یەکێك لەوان جل و بەرگێکی رەنگاو رەنگی لەبەر کردووە پێڵاوێکی بەرزی لە پێ کردووەو دەچێت بەرەو بازار یان باخچە ... یان کچی وا هەیە پانتۆڵ لە پێ دەکات و دەڵێت: کەس نامبینێ تەنها براکانم نەبێت یا دەڵێت: من تەنها لەناو ئافرەتاندا لە پێی دەکەم ... هەموو ئەوانە دروست نییە .. هەروەکو چۆن زانایان فەتوایان داوە ... بەڵکو جاری وا هەیە چەندەها کچ بە تاوانەکانی خۆیەوە ناوەستێتەوە بەڵکو کچانی تریش بەرەو

---

(٣٤) (صحيح الترغيب والترهيب: ١٧٠).

(٣٥) (صحيح الجامع الصغير: ٣٣٣٠).

لای خۆی رادەكێشی .. دەست دەكات بە بڵاو كردنەوەی وێنەی حەرام یان ژمارە تەلەفونی گومان لێ كراو یان گۆڤارێك كە پڕە لە خراپەكاری و فەساد, وە خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿إِنَّ الَّذِينَ يُحِبُّونَ أَن تَشِيعَ الْفَاحِشَةُ فِي الَّذِينَ آمَنُوا لَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ فِي الدُّنْيَا وَالْآخِرَةِ وَاللَّهُ يَعْلَمُ وَأَنتُمْ لَا تَعْلَمُونَ﴾ [النور: ١٩] .

واتە: ئەو كەسانەی كە پێیان خۆشە داوێن پیسی لەناو ئافرەتانی باوەڕداردا بڵاوبێتەوە ئەوا سزایەكی بە ئێش وئازاریان بۆ هەیە لە دونیاو دوارۆژدا، وەخوای گەورە خۆی باش دەزانێت وئێوە نایزانن.

## چەندە هەژارە ....

بە كەم زانینی فڕێدانی حیجاب لە لایەن ئافرەتانەوە دەبیات بەرەوە تێكدانی ژیانی ... وە دەبێتە یەكێك لەوانەی كە خەڵكی رقی لێ دەبێتەوە ... پرسیارم كرد لە چەند گەنجێك لەوانەی كە لە بازاڕەكاندا و لە دەرگای قوتابخانەكاندا شوێن كچان دەكەون چۆن تەماشای ئەو كچانە دەكەن كە وەڵامتان دەدەنەوە؟ هەموو ووتیان: والله ... ئێمە رقمان لێیەو یاری پێ دەكەین ..بە خۆی و بە ئەقڵیشی كاتێك لێی تێر بووین ئەوا شەقێكی لێ دەدەین ... بەڵكو یەكێك لەوان ووتی: والله .. ئەی مامۆستا .. من ئەگەر بڕۆم بۆ بازارو كچێكی حیجاب ببینم كە خۆی بە شێوەیەكی رێك وپێك داپۆشیوە ..ئەوا لە پێش چاوم زۆر گەورە دەبێتەوە وجورئەت ناكەم كە لێی نزیك ببمەوە بەڵكو والله ... ئەگەر ببینم كەسێك نزیكی دەكەوێت ئەوا ئامادەم شەڕی لە گەڵدا بكەم, بەڵكو تەماشای ئەو وڵاتانە بكە كە دەڵێن ئازادی تیادایە ...

- لە وڵاتی ئەمریكا رۆژانە هەزار و نۆ سەد كچ دەست درێژیان دەكرێتە سەر .. لە (٢٠٪ ) ئەوان لەلایەن باوكی خۆیانەوەیە .
- وە هەروەها لە ئەمریكا ساڵانە یەك ملیون منداڵ دەكوژرێت چ لە رێگای لە بار بردن بێت یان لە كاتی لە دایك بووندا بێت .
- وە رێژەی جیابوونەوە لە ئەمریكا گەیشتووەتە شەش لە سەدی ژمارەی جووت بوونەكان .
- وە لە بەریتانیا سەد و حەفتا كچی گەنج بە نا شەرعی سكی پڕ دەبێت لە هەموو هەفتەیەكدا .

چەندەها ئافرەت هەیە لە وڵاتی ئەوان خۆزگە بە داپۆشینەكەت دەخوازن ... وە هەركەسێك شەیتان بیخەڵەتێنی و شەهواتی خۆی پێش هەموو شتێك بخات و شوێنی مۆدیل بكەوێت و لە جل و بەرگ و كراس و هەڵگرتنی روومەت و خاڵ كوتان و گۆرانی و فیلم وگۆڤار, تاكو وای لێ دێت كە ئەو جۆرە شەهواتانە پێش بخات بەسەر شوێن كەوتنی شەریعەتی خوای پەروەردگار .ئەوا سەرپێچیكارە ... ئاگریش دروست كراوە تەنها بۆ تەمێ كردنی سەرپێچی كاران, لە مسلم دا ریوایەت كراوە لە (ابو هريره) وە رضي الله عنه دەفەرمێت:

(كنا عند النبي ﷺ فسمعنا وجبة، فقال النبي ﷺ: أتدرون ما هذا؟ قلنا: الله ورسوله أعلم. قال: هذا حجر أرسله الله في جهنم منذ سبعين خريفا فالآن حين انتهى إلى قعرها)[٣٦].

---

(٣٦) (صحيح الترغيب والترهيب: ٣٦٧٣).

واتە: ڕۆژێك لە خزمەتی پێغەمبەری خوادا ﷺ دانیشتبووین لە ناکاو گوێمان لە دەنگێکی بەرز بوو, پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: دەزانن ئەوە چی بوو؟ ووتمان: خوا و پێغەمبەرەکەی ﷺ باشتر دەزانن.. فەرمووی: (ئەوە بەردێك بوو لە پێش حەفتا ساڵ خرایە ناو دۆزەخەوە ئەوا ئێستا گەیشتە بن دۆزەخ).

ئەمە حاڵی ئەو کەسانەیە کە سەرپێچی فەرمانەکانی خوا دەکەن و دوا ڕۆژی پشت گوێ خستووە و ئەگەر کەسێك بخرێتە ناو ئاگرەوە و پاشان دەربکرێت بۆ سەر زەوی ئەوا خەڵکی سەر زەوی هەموو دەمرن, چونکە هێندە بۆنی پیس بووەو جەستەی تێك چوە

.

## خەم و پەژارەی گەورە ......

تەنها بۆ خۆت مەژی بەڵکو ببە بە کەسێکی هەڵگری ئەم دینە .. با خەم و پەژارەت تەنها جل و بەرگ و پێڵاو و ڕێکخستنی پرچەکەت نەبێت، بەڵکو خەم و پەژارەی گەورەت ئەوە بێت کە چۆن خزمەتی ئەم دینە بکەیت .... ئەگەر کەسێکی سەرپێچی کارت بینی چۆن ئامۆژگاری دەکەیت .. ببە کەسێکی بە بەرەکەت لە هەر کوێ بویت ... با سوودت بۆ ئافرەتان هەبێت لە مەجلیسەکاندا ... کاسێتی سوودمەند دابەش بکە بە سەریاندا ..... ئەم خوشکە ئامۆژگاری بکە ... ئەویتر بە بەزەیی بە لە گەڵیدا .. ئەوا تۆ دەبیتە کەسێك کە لە هەموو کەس قسەکانی باشترە ﴿وَمَنْ أَحْسَنُ قَوْلًا مِّمَّن دَعَا إِلَى اللَّهِ وَعَمِلَ صَالِحًا وَقَالَ إِنَّنِي مِنَ الْمُسْلِمِينَ﴾ [فصلت: ٣٣] .

واتە: ووتەی کێ لە ووتەی ئەو کەسە باشترە کە بانگەوازی خەڵکی دەکات بۆ لای خوای گەورەو کرداری چاك ئەنجام دەدات ودەڵێت من یەکێکم لە موسڵمانان.

ئێمە تۆ بە کەسێکی باش دەزانین .. کەسانێك کە چاوی خۆیان لە تەماشا کردنی پیاوان دەپارێزن ... بەڵکو چاوی خۆت دەپارێزی لە هەموو فیتنەیەك کە ئافرەتانی تری تێ کەوتوون .. وە هەر کەسێ تەماشا کردن و دوو بە دوو بوونەوەی لەگەڵ پیاواندا بە کەم زانی ..ئەوا دەبیات بەرەو تاوانێکی گەورەتر کە ئەویش زینا یان مێ بازییە خوا پەنا بدات ﴿وَلاَ تَقْرَبُواْ الزِّنَى إِنَّهُ كَانَ فَاحِشَةً وَسَاء سَبِيلاً﴾ [الإسراء: ٣٢] .

واتە: نزیکی زینا مەکەونەوە، چونکە کارێکی خراپ وناشیرینە وخراپترین ڕێگایەو بەرەو دۆزەختان دەبات.

وە لە (بوخاری)دا هاتووە کە پێغەمبەری خوا ﷺ چەندەها ژن و پیاوی بینی بە رووتی لە: (بيت مبني على بناء التنور أعلاه ضيق وأسفله واسع يوقد تحته نار فيه رجال ونساء عراة فإذا أوقدت ارتفعوا حتى يكادوا أن يخرجوا فإذا أخمدت رجعوا فيها فقلت ما هذا؟ قالا: وأما الذي رأيت في التنور فهم الزناة)[٣٧].

واتە: لە جێگایەکی تەنگدا وەکو تەنوور وایە لە خوارەوە بڵاوەو لە سەرەوە تەسکە.. ئەوانیش هاوار دەکەن و دەگرین و بانگ دەکەن و جار لە خوارەوە گڕی ئاگرێك دێت بۆیان ... وە ئەگەر ئەو گڕە بێت ئەوا هاوار دەکەن لە گەرمی ئەو گڕەدا .. پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی .. ووتم: ئەوانە کێن ئەی جبریل؟ ووتی: ئەوانە ئەو ژن و پیاوانەن کە زینایان دەکرد و داوێن پیس بوون ..

---

(٣٧) (صحيح الجامع الصغير: ٣٤٦٢).

ئەمە سزای ئەوانە تاکو رۆژی قیامەت, وە سزای رۆژی دوایی سەختتر و بەردەوامترە. داوا لە خوا دەکەین بمانپارێزێ و لێمان خۆش بێت وە هەر کەسێك لە پێناوی خوادا واز لە شتێك بهێنێ ئەوا خوای گەورە بۆی قەرەبوو دەکاتەوە .. کە لەوە باشتر بێت...

**چیرۆك** ......

الدمشقی لە کتێبی (مطالع البدور) دا لە ئەمیری قاهیرەی سەردەمی خۆیدا کە ناوی (شجاع الدین الشرزی) بوو دەگێڕێتەوەو دەڵێت:

من لە (الصعید) بووم لەگەڵ پیاوێکی ئەسمەری بە تەمەن.. کوڕەکانی هاتن بۆ لای کە هەموویان سپی وجوان بوون ... ئێمەیش پرسیاری ئەوانمان کردو ئەویش ووتی: ئەوان دایکیان ئەوروپییەو منیش لەگەڵ ئەودا چیرۆکێکم هەیە ... ئێمەیش پرسیاری ئەو چیرۆکەمان کرد و ئەویش ووتی:

لە سەردەمی داگیرکاری خاچپەرستاندا چووم بۆ شام لە تەمەنی لاویدا بوو ... دوکانێکم بە کرێ گرت و دەستم کرد بە فرۆشتنی (کەتان) ... رۆژێك من لە دوکان بووم ژنێکی ئەوروپی هات بۆ لام کە ژنی یەکێك لە سەرکردە ئەوروپییەکان بوو ... منیش بە جوانی ئەوم بینی و سەرسامی کردم ... ئەو شتومەکەی کە پێویستی بوو پێم فرۆشت بە نرخێکی هەرزان ... ئەویش رۆیشت .. باش چەند رۆژێك دیسان هاتەوە بۆ لام و شتی کڕی و منیش بە هەرزان شتەکەم پێی فرۆشت .. پاشان چەند جارێك دەهات سەردانی دەکردم و شتی لێ دەکڕیم منیش زۆر نەرم ونیان بووم لەگەڵیدا و شتەکانم بە هەرزان پێی دەفرۆشت ... ئەویش زانی کە من عاشقی ئەو بووم ... کاتێ کە عەشقەکەی لە لام زیادی کرد بە پیرەژنەکەم ووت: (کە هەردەم لە گەڵیدا بوو): بە راستی من دڵم پەیوەست بووە بەو ئافرەتەوە چۆن پێی بگەم؟ پیرەژنەکە ووتی: ئەو خێزانی فلان سەرکردەیە ئەگەر بزانێت ئەوا هەرسێکمان دەکوژێت ... منیش سوور بووم لەسەر داواکەم ئەویش داوای پەنجا دیناری لێ کردم بە مەرجێ بیهێنێ بۆماڵی خۆم .. پاشان منیش دەستم کرد بە کار کردنێکی زۆر تاکو پەنجا دینارەکەم بۆ کۆ کردەوە و پارەکەم پێی دا ..

**شەوی یەکەم** .....

ئەو شەوە لە ماڵی خۆمان چاوەڕوان بووم ... کاتێك کە هات پێکەوە خواردن و خواردنەوەمان خوارد ... پاش تێپەڕ بوونی هەندێ لە شەوگار... بە خۆمم ووت: ئایا شەرم لە خوا ناکەیت؟؟؟ تۆ کەسێکی نامۆیت و لەبەر دەستی خوادای و سەرپێچی فەرمانەکانی خوا دەکەیت لەگەڵ ئافرەتێکی گاوردا ...؟ پاشان سەرم بەرز کردەوە بۆ ئاسمان و ووتم: خوایە گیان تۆ شایەت بە ئەوا من خۆم لەم ئافرەتە گاورە دەپارێزم لە شەرمی تۆداو لە ترسی سزای تۆدا .... پاشان لەسەر جێگاکە هەستام و چووم بۆ سەر جێگایەکی تر ... کە ئەمەی بینی هەستا و بە تووڕەییەوە چووە دەرەوە و رۆیشت ..

بۆ سبەینێ چووم بۆ دوکانەکەم .. کاتێ کە چێشتەنگاو بوو ... ئافرەتەکە بە توڕەیییەوە بە تەنیشت دوکانەکەمەوە تێپەڕی .. واللە .. هێندە جوان بوو دەتووت مانگە .. کاتێ بینیم لە دڵی خۆمدا ووتم: ئاخر تۆ کێیت تاکو ئەو جوانییەت لە دەست خۆت دەرکرد؟ تۆ (ابو بکر) ی؟ یان (عمر) ی؟ یان (جنید العابد)ی؟ یان (الحسن

الزاهد)ی‌ﷺ؟ پاشان زۆر پەشیمان بوومەوە ... کاتێ کە بە تەنیشتمەوە تێپەڕی, شوێن پیرەژنەکە کەوتم و ووتم: ئەمشەو دیسان بیهێنەرەوە .. ووتی: سوێند بە مەسیح .. نایەتەوە ئەگەر سەد دینار نەدەیت .. ووتم: باشە .... پاشان هەوڵم دا تاکو ئەو پارەیەم کۆ کردەوەو پارەکەم پێی دا ...

**شەوی دووەم .....**

کە شەو بە سەردا هات لە ماڵ چاوەڕوانی ئەوم دەکرد ... پاش کەمێك دەرکەوت دەتووت مانگەو بەرەو لای من دێت .... کاتێك دانیشت ..دیسان ترسی خوای گەورە چووە دڵمەوە ... چۆن سەرپێچی بکەم لەگەڵ گاورێکی کافردا ... دیسان لە ترسی خوادا وازم لێ هێنا ... بۆ سبەینێ چووم بۆ دوکانەکەم دڵم هەمووی لای ئەو بوو ... کاتێ کە چێشتەنگاو بوو ... بە توڕەییەوە بە تەنیشت دوکانەکەمەوە تێپەڕی ... کە بینیم ... زۆر لۆمەی خۆمم کرد کە وازم لێ هێنا ... زۆر پەشیمان بوومەوە دیسان بە پیرەژنەکەم ووت ... ووتی: خۆشحاڵ نابیت لەگەڵیدا ئەگەر پێنج سەد دینار نەهێنی یان دەبێت بە خەفەتەوە بمریت ... ووتم: باشە ... پاشان ویستم دوکانەکەم و شتومەکەکانم بفرۆشم و پێنج سەد دینارەکەی پێ بدەم ... لەم کاتەدا کەسێکی گاور لەناو بازاڕدا بانگی کرد بە دەنگی بەرز: ئەی ئەوانەی کە موسڵمانن ئەو ئاگر بەستە کە لە نێوانماندا بوو ئێستا تەواو بووە .. بۆیە تەنها یەك هەفتە مۆڵەت دەدەین بە بازرگانە موسڵمانەکان ... منیش هەموو شتومەکەکانم کۆ کردەوەو لە شام دەرچووم بە دڵی پڕ لە خەفەتەوە ... پاشان دەستم کرد بە بازرگانی کردنی کەنیزە ... بەڵکو ئەو خەفەتەی لە دڵمدایە نەمێنێ بەو کارەوە سێ ساڵ خەریك بووم تاکو شەڕی (حەتین) روویداو موسڵمانان توانیان شارە داگیرکراوەکان رزگار بکەن .. داوام لێ کرا کە کەنیزەیەك بۆ (ملك الناصر) بنێرم .. منیش کەنیزەیەکی زۆر جوانم هەبوو ... ئەوانیش بە سەد دینار لێیان کڕیم ... نەوەت دیناریيان پێدام و دە دینارم لایان مایەوە، پاشا ووتی: بیبەن بۆ ئەو ماڵەی کە ئافرەتە گیراوەکانی تیادایە (ئەوروپییەکان) با لە جیاتی دە دینارەکەی یەکێکیان هەڵبژێرێ ...

**خەڵاتەکە ......**

کاتێ کە دەرگایان بۆ کردمەوە ..ئەو ئافرەتە ئەوروپییەم بینی کە لەبەر خوا دەستم پێوە نەدا .. منیش ئەوم هەڵبژاردو بردمەوە ماڵی خۆمان، پێم ووت: من دەناسی؟ ووتی: نەخێر .. ووتم: من هاوڕێ بازرگانەکەتم کە سەدو پەنجا دینارت لێ سەندم و پاشان بە منت ووت: خۆشحاڵ نابیت ئەگەر پێنج سەد دینار نەهێنی .. ئەوا من ئێستا بە دە دینار تۆم کڕی و بویتە موڵکی من .. ئەویش ووتی: أشهد أن لا إله إلا الله وأشهد أن محمداً رسول الله ... پاشان بووە موسڵمانێکی زۆر باش منیش ئەوم مارە کردو بووە خێزانم .. پاش ماوەیەك دایکی سنوقێکی بۆ نارد کاتێ کە کردمانەوە بینیمان دوو کیسەی تیادایە .. ئەو دوو کیسەیەی کە خۆم بە ئەوم دابوو.. لە یەکێکیاندا پەنجا دیناری تیادا بوو وە لەوی تردا سەد دینار و ئەو کراسە جوانەی کە ئەوم پێوە دەبینی لە وڵاتی شام و ئێستا ئەو دایکی ئەو کوڕانەیە کە دەبینن .. تەنانەت ئەو چێشتەی کە خواردمان ئەو لێی نا بوو ...

بەڵێ ... هەرکەسێ لەبەر خوا واز لە شتێك بهێنێ ئەوا خوای گەورە لەوە باشتری بۆ قەرەبوو دەکاتەوە .. وە بەندەی لە خواترسی وا هەیە کە لەناو خەڵکیدا شاراوەیە بەڵام چۆن لە لای خوا خۆی دەشارێتەوە کە هەردەم لە گەڵیدایە ..

## ئەو ئافرەتەی کە لە روبارەکەدا خنکا ....

ئافرەتی بە شەرم و بە حەیا شەرەفی خۆی دەپارێزێ هەر چەندە لەو رێگایەدا ژیانی لە دەست بدات ... الخطاب لە کتێبی (عدالة السماء) دا باس دەکات و دەڵێت:

پێش چل ساڵ لە بەغدا کابرایەکی قەساب هەبوو گۆشتی دەفرۆشت، هەموو رۆژێك پێش شەبەق دەچوو بۆ دوکانەکەی مەڕی سەر دەبڕی ودەگەڕایەوە ماڵەوە و پاش رۆژ هەڵات دوکانەکەی دەکردەوەو گۆشتی دەفرۆشت، لە یەکێك لەو شەوانەدا پاش ئەوەی مەڕی سەربڕی بوو گەڕایەوە بۆ ماڵەکەی خۆی وە جل وبەرگی هەموو بە خوێنەوە بوو لە رێگادا گوێی لە هاوارێك بوو کە لە یەکێك لە کۆڵانە تاریکەکانەوە هات ئەویش بە پەلە بەرەو دەنگەکە رۆیشت لە ناکاو کەوتە سەر لاشەی کابرایەکدا کە چەند جارێك خەنجەری لێ درا بوو وە خوێنی لێ دەڕۆیشت وچەقۆکە لە ناو لاشەیدا بوو ئەویش ویستی یارمەتی بدات و خوێنەکە دەڕژا بەسەر جل و بەرگەکەیدا بەڵام پیاوەکە لەبەر دەستیدا مرد .... پاشان خەڵکی لێی کۆبوونەوە .. کاتێ کە بینیان وا چەقۆیەکی بە دەستەوەیە وجل و بەرگی خوێناوی بووە و کابرا بە ترسەوە تەماشای خەڵکەکە دەکات ... ووتیان: ئەوا ئەو کابرایە تۆ کوشتووتە .... پاشان حوکم درا بە سەریدا کە دەبێت بکوژرێت ... کاتێ کە هێنایان بۆ ئەو گۆڕەپانەی بۆ کوشتنی تاوانباران ئامادە کرابوو ... دڵنیا بوو لەوەی کە دەمرێت بە دەنگی بەرز هاواری کرد و بە خەڵکەکەی ووت:

ئەی خەڵکینە واللە من ئەو پیاوەم نەکوشتووە بەڵام لە پێش بیست ساڵ کەسێکی ترم کوشتووە ئێستا تۆڵەی ئەوم لێ دەسێنێ ... پاشان ووتی:

پێش بیست ساڵ لە تەمەنی لاویدا بووم .. بەلەمێکم هەبوو خەڵکیم دەگواستەوە ئەو بەری ئاوەکە ... رۆژێك لە رۆژان کچێکی دەوڵەمەند لەگەڵ دایکیدا هات بۆ لام, منیش ئەوانم گواستەوە بۆ ئەوبەری ئاوەکە ... بۆ رۆژی دووەم دیسان هاتەوە منیش ئەوانم گواستەوە بۆ ئەمبەری ئاوەکە .. لە پاش چەند رۆژێك دڵم پەیوەست بوو بەو کچەوە ئەویش بە هەمان شێوە دڵی پەیوەست بوو بە منەوە .. منیش رۆیشتم بۆ لای باوکی وداوام کرد کەچی باوکی رازی نەبوو، چونکە من کەسێکی هەژار بووم ... لە پاش ئەوە چیتر نەمبینی .. نە خۆی نە دایکی .... بەڵام ئەو لە دڵمدا مایەوە و دڵم زۆر پەیوەست بوو بە ئەوەوە .. پاش دوو سێ ساڵ لە بەلەمەکەی خۆمدا دانیشتبووم چاوەڕوانی کەسێکم دەکرد بیپەڕێنمەوە ئەو بەری ئاوەکە .. بینیم ئافرەتێك هات و منداڵێکی پێیە و داوای لێ کردم کە لە ئاوەکە بیپەڕێنمەوە .. کاتێ کە سوار بووین و گەیشتینە ناوەڕاستی ئاوەکە تەماشام کرد بینیم ئەمە هاوڕێکەی خۆمە کە باوکی کەوتە نێوانمان ... بۆیە منیش زۆر خۆشحاڵ بووم بە یەك گەیشتنمان ..پاشان دەستم کرد بە قسەکردن و بیر هێنانەوەی ئەو خۆشەویستییەی کە لە نێوانماندا بوو...بەڵام ئەو زۆر بەشەرمەوە قسەی دەکرد و ووتی: ئیستا من شووم کردووە و ئەمە منداڵی منە ...پاشان شەیتان هانی دام کە خراپەکاری لە گەڵدا ئەنجام بدەم...بۆیە لێی نزیك بوومە بەڵام ئەو هاواری کردو خوای هێنایە یادم کەچی من گوێم بەقسەکانی نەدا ..پاشان ئەو هەژارە بە هەموو توانای پاڵی پێوە دەنام و منداڵەکەی لەبەر دەستیدا دەگریا, کاتێ ئەمەم بینی منداڵەکەم لێ سەندو لە ئاوە کە نزیکم کردەوەو ووتم: ئەگەر بەقسەم نەکەیت منداڵەکەت

دەخنكێنم بۆیە دەستی بە گریان كردوو و لێم دەپاڕایەوە بەڵام من گوێم بەقسەكانی ئەو نەدا . پاشان سەری منداڵەكەم خستە ناو ئاوكەوە كەنزیكی خنكان دەبووەوە دەرم دەهێنا ئەویش تەماشای دەكردو دەگریاو دەپاڕایەوە بەڵام وەڵامی داواكەی منی نەدەدایەوە... منیش سەری منداڵەكەم خستە ناو ئاوەكەوە توند ملی ئەوم گرت .. كەچی ئەو تەماشای دەكردو بە دەستەكانی چاوی خۆی دادەپۆشی منداڵەكەیش هەردوو دەست و پێی بە توندی دەجوڵانەوە تاكو هێزی تیادا نەماو چیتر نەجوڵایەوە... كاتێ دەرم هێنا بینیم منداڵەكە مردووە منیش لاشەكەیم فڕێ دایە ناو ئاوەكەوە، پاشان بەرەو لای ئافرەتەكە ڕۆیشتم ئەویش بە هەموو توانایەوە پاڵی پێوە دەنام و زۆر دەگریا ... منیش بە پرچەكەی بەرەو ئاوەكە هێنام و سەری ئافرەتەكەم خستە ناو ئاوەكەوەو پاشان دەرم هێنا بەڵام ئەو ڕازی نەدەبوو كە زینای لەگەڵدا بكەم كاتێ دەستەكانم ماندوو بوو .. سەری ئافرەتەكەم خستە ناو ئاوەكەوەو دەرم نەهێنا تاكو ئەویش لە جوڵە كەوت ومرد ... منیش گەڕامەوە ... ئەم ڕووداوە تاكو ئێستا كەس نازانێت (پاك وبێگەردی بۆ ئەو خوایەی كە مۆڵەتت دەدات بەڵام لەیادت ناكات).... كاتێ خەڵكەكە ئەم چیرۆكەیان بیست هەموو دەستیان بە گریان كرد .. پاشان گەیشتە سزای خۆی:

﴿وَلاَ تَحْسَبَنَّ اللّهَ غَافِلاً عَمَّا يَعْمَلُ الظَّالِمُونَ إِنَّمَا يُؤَخِّرُهُمْ لِيَوْمٍ تَشْخَصُ فِيهِ الأَبْصَارُ﴾ [إبراهيم: ٤٢] .

واتە: وا گومان نەبەن كە خوای گەورە بێئاگایە لەو ستەمەی كە ستەمكاران ئەنجامی دەدەن، بەڵكو خوای گەورە سزادانیان دوا دەخات بۆ ڕۆژی قیامەت كە چاوەكان تێیدا ئەبڵەق دەبن.

تەماشای حاڵی ئەو ئافرەتە داوێن پاكە بكەن كە منداڵەكەی لەبەر دەستیدا دەكوژرێت و خۆیشی دەمرێت كەچی ڕازی نابێت كە شەرەفی لە دەست بدات .. ئەمەیش هەندێكە لە چیرۆكی داوێن پاكان ...

## گەنجێكی فرۆشیاری داوێن پاك ...

ابن الجوزی لە كتێبی (المواعظ) دا دەڵێت:

گەنجێكی هەژار هەبوو لە كۆڵانەكاندا شتی دەفرۆشت .. ڕۆژێك بە نزیك ماڵێكدا تێپەڕی ئافرەتێك هاتە دەرەوە داوای هەندێ شتی كردو داوای لێ كرد كە بێتە ماڵەوە بۆ ئەوەی كەلوپەلەكان ببینێ، كاتێ كە چووە ژوورەوە ئافرەتەكە دەرگاكەی داخست وداوای لێكرد كە زینای لەگەڵدا ئەنجام بدات، ئەویش بە دەنگی بەرز هاواری كردو ڕازی نەبوو، ئافرەتەكە ووتی: واللە.. ئەگەر ئێستا داواكارییەكەم جێ بەجێ نەكەی هاوار دەكەم و خەڵكی كۆ دەبنەوەو منیش دەڵێم: ئەم گەنجە بە زۆر هاتۆتە ماڵەوە .. ئیتر خۆت باش دەزانیت یان بەند كردن یان كوشتن چاوەڕوانتە .. پاشان ئەم گەنجە خوای هێنایە یادی و داوای كرد كە لە خوا بترسێ كەچی سوودی نەبوو .. كاتێ گەنجەكە ئەوەی بینی ووتی: باشە بەڵام ڕێگەم بدە بچمە سەرئاو ... كاتێ كە چووە ئاودەستەكەوە ڕۆیشت هەموو جل وبەرگەكەی خۆی پیس كرد بە پیسی ... كە هاتە دەرەوە ئەویش بەو شێوە بینی هەموو كەل وپەلەكەی فڕێداو لە ماڵەكە دەری كرد، ئەویش بەرەو ماڵەوە ڕۆیشتەوە كاتێ منداڵانی كۆڵان بینیان شوێنی كەوتن و هاواریان دەكرد: شێت .. شێت .... تاگەیشتەوە ماڵەوە پاشان خۆی پاك كردەوەو خۆی شوشت .. لە پاش ئەوە بۆنی میسكی لێ دەهات تاكو مرد .... ئەم داوێن پاكییە ئێستا لە كوێیە؟ كچی وا هەیە ئەمڕۆ شەرەفی خۆی بە یەك

پەیوەندی تەلەفونی دەگۆڕێتەوە یان بە دیارییەکی شەیتانی و دەکەوێتە شوێن قسەی بریقەدار لەگەڵ خراپەکاراندا یان دەکەوێتە شوێن قسەی دووڕووەکان ....

## فرمێسکی تەوبەکاران ....

(ابن قدامة) لە کتێبی (التوابین) دا دەگێڕێتەوە و دەڵێت:

کۆمەڵە کەسێکی پیاو خراپ فەرمانیان کردە ئافرەتێکی زۆر جوان کە رێگە لە (ربیع ی کوڕی خثیم) بگرێ .. بەڵکو توشی فیتنەی بکات و لە رێگەی لا بدات و بەڵێنیان پێدا کە ئەگەر ئەو کارە ئەنجام بدات ئەوا هەزار درهەمی پێ دەدەن ... بۆیە ئەویش جوانترین جل و بەرگی لەبەر کرد و خۆشترین بۆنی لە خۆی دا پاشان چووە رێگەی (ربیع) کاتێ لە مزگەوت دەرچوو ... ئەویش تەماشای کرد و ئافرەتەکە خۆی بە رووتی نیشان (ربیع) دا ..( ربیع) ووتی: چۆنە ئێستا ئەگەر تایەکی سەخت لاشەت دابگرێت ورەنگ و روخسارت بگۆڕێت؟ ئەی چۆنە ئەگەر ئێستا فریشتەی گیان کێشان بێت وبەم شێوە گیانت بکێشێ؟؟ ئەی چۆنە ئەگەر ئێستا (نکیر ومنکر) پرسیارت لێ بکەن؟ بۆیە ئافرەتەکە هاواری کردو دەستی بە گریان کردو پاشان گەڕایەوەماڵی خۆی و دەستی کرد بە خوا پەرستی تاکو مرد ..

هەروەها (العجلی) لە کتێبی (التأریخ) دا دەگێڕێتەوەو دەڵێت: ئافرەتێکی زۆر جوان هەبوو لە شاری مەککە, شووی کردبوو وە پیاوی خۆی هەبوو .. رۆژێك تەماشای ئاوێنەی دەکرد بە پیاوەکەی خۆی ووت: تۆ بڵێی کەسێك هەبێت ئەم دەم و چاوە ببینێ و توشی فیتنە نەبێت؟ ووتی: بەڵێ: ووتی: کێیە؟ ووتی: (عبیدی کوڕی عمیر) ی لە خواترسی زاهید کە لە مزگەوتی کەعبەی پیرۆزە (الحرم)ە, ووتی: ئەی ئەگەر رووی خۆمم نیشان داو توشی فیتنەم کرد چی دەڵێیت؟ ووتی: رێگەت پێ دەدەم ... ئەویش رۆیشت بۆ لای (عبید) لە مزگەوت بە مەبەستی ئەوەی گوایە پرسیاری هەیە، بۆیە لە سوچێکی مزگەوتەکە دوو بە دوو بوونەوە.. پاشان رووی خۆی ئاشکرا کرد کە هەروەکو مانگ دەرکەوێت وا بوو ... عبید ووتی: ئەی بەندەی خوا لە خوا بترسە و رووت داپۆشە، ئافرەتەکە ووتی: من تۆم خۆشدەوێت و عاشقی تۆ بووم .. عبید ووتی: پرسیارێکت لێ دەکەم ئەگەر بە راستی وەڵامت دامەوە ئەوا بیرێك لە کێشەکەت دەکەمەوە ... ئەویش ووتی: پەیمان بێت دەبێ بە راستی وەڵامت بدەمەوە ..ووتی: پێم بڵێ ئەگەر ئێستا فریشتەی گیان کێشان هات بە مەبەستی گیان کێشانت ئایا پێت خۆشە من ئەو کارەم لە گەڵدا ئەنجام دابیت؟ ووتی: نە واللە, ووتی: ئەی ئەگەر تۆیان خستە ناو گۆڕەوە و پرسیاریان لێ کردی, ئایا پێت خۆشە من ئەو کارەم لە گەڵدا ئەنجام دابیت؟ ووتی: نە واللە .. ووتی ئەی ئەگەر لەو کاتەدا کەخەڵکی کتێبەکانیان وەردەگرت تۆیش نازانیت کتێبەکەت بە دەستی راست وەردەگریت یان بە دەستی چەپ ئایا پێت خۆشە من ئەو کارەم لە گەڵدا ئەنجام دابیت؟ ووتی: نە واللە... ووتی: ئەگەر ویستت بە سەر پردی (صراط) دا تێپەڕی و نازانیت رزگارت دەبێت یان نا ئایا پێت خۆشە من ئەو کارەم لە گەڵدا ئەنجام دابیت؟ ووتی: نە واللە, ووتی: ئەگەر تەرازوویان هێناو تۆیش نازانیت تەرازووکەت سووك دەبێت یان قورس, ئایا پێت خۆشە من ئەو کارەم لە گەڵدا ئەنجام دابیت؟ ووتی: نە واللە.. ووتی: ئەگەر لەبەر دەستی خوای گەورەدا راوەستایت بۆ پرسیار لێ کردن ئایا پێت خۆشە من ئەو کارەم لە گەڵدا ئەنجام دابیت؟ ووتی: نە واللە ... ووتی: ئەی بەندەی خوا لە خوا بترسە ..

خوای گەورە نیعمەتی ڕژاندووە بە سەرت دا و چاکەی لەگەڵ کردووی .. ئەویش گەڕایەوە بۆ لای پیاوەکەی خۆی .. پیاوەکەی ووتی: چیت کرد؟ ووتی: تۆ بێ کاریت وئێمە بێ کارین خەڵکی خواپەرستی دەکات و خۆیان ئامادە دەکەن بۆ ڕۆژی دوایی, من وتۆیش لەم حاڵەداین بۆیە تەوبەیەکی ڕاستەقینەی کرد و دەستی کرد بە نوێژ و ڕۆژ و خواپەرستی تاکو مرد ..

## موژدەو بەختەوەری بۆ ئەو ....

تاکو ئافرەت زیاتر خوای خۆی بناسێت ئەوا زیاتر لێی دەترسێت ... ئەگەر تاوانێك یان سەرپێچییەك ئەنجام بدات ئەوا دەگەڕێتەوە بۆ لای خوا و تەوبە دەکات و لە ئاکامی تاوانەکەی دەترسێت، بۆیە ژیانی لا تاڵ دەبێت لە پێناوی ئەوەی کاتێ کە دەگات بە خوای خۆی ئەو لێی ڕازی بێت .... خوای گەورەیش لە تاوانەکانی خۆش دەبێت و تاوانەکانی بۆ دەپۆشێ وخوای گەورە زۆر خۆشحاڵ دەبێت کاتێ بەندەکانی تەوبە بکەن .... لە هەردوو کتێبی ( الصحیح) دا هاتووە ....

ئافرەتێك لە سەردەمی پێغەمبەردا ﷺ واتە (صحابیە) لە شاری مەدینە دەبێت و شووی کردبوو, ڕۆژێك شەیتان وەسوەسەی کردە دڵییەوە .. لەگەڵ پیاوێکدا کە چاوی خەڵکی لێیانەوە دیار نەبوو .. شەیتان سێیەم کەس بوو دوو بە دوو بوونەوە شەیتان چووە مێشکی هەردووکیانەوە تاکو گەیشتە ئەوەی زینا بکەن ... کاتێ لە تاوانەکەیان بوونەوە شەیتان لێیان دوور کەوتەوە، دەستی کرد بە گریان پاشان موحاسەبەی خۆی دەکردو ژیانی لا تەنگ بوو، تاوانەکەی هەموو لاشەی داگرت بوو تاکو ئەو تاوانە دڵی برژاند بوو ... ڕۆیشت بۆ لای پزیشکی دڵەکان ﷺ .. لەبەر دەستیدا ڕاوەستا و بە خۆشەویستی فەرموو ﷺ ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ... من زینام کردووە .. دەمەوێت لە تاوانەکانم پاك ببمەوە .. بۆیە ئەویش ڕووی نەدایە و ڕووی لێ هەڵگەڕانەوە بە مەبەستی ئەوەی بگەڕێتەوەو خۆی لەگەڵ خوای خۆیدا تەوبە بکات, ئەویش گەڕایەوە بەڵام تاوانەکەی خەریك بوو دڵەکەی دەخوارد ئارامی لێ بڕا بۆ سبەینێ دیسان گەڕایەوە خزمەتی پێغەمبەری خوا ﷺ و ڕووی تێ کردو ووتی: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ دەمەوێت پاك ببمەوە .. پێغەمبەری خوا ﷺ دیسان ڕووی پێ نەداو ڕووی کردە ئەولاوە، جارێکی تر لەبەر گەرمی تاوانەکەی لە دڵیدا ووتی: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ ڕەنگە بتەوێت منیش بگەڕێنیتەوە هەروەکو چۆن (ماعز)ت رضي الله عنه گەڕانەوە والله من لەو زینایە کە کردم ئێستا سکم هەیە .. بۆیە پێغەمبەری خوا ﷺ ڕووی تێکرد و ووتی: بڕۆرەوە تاکو منداڵت دەبێت .. ئەویش لە مزگەوتەکە دەرچوو گەڕایەوە ماڵ خۆیان ڕۆژ لە دوای ڕۆژ تاوانەکەی لا گەورەتر دەبێت ... لاشەی لاواز و بێ هێز بوو .. چاوەکانی پڕ فرمێسك بوو .. گەڕایەوە بۆ ئەوەی پاشان کات بژمێرێت .. ئەم ئازارە لە دوای ئازارە بێ تاقەتی دەکات، پاش تێپەر بوونی نۆ مانگ ... منداڵی بوو .. کاتێ کە منداڵی بوو ... چاوەڕوانی نەکرد کە زەیستانی تەواو بێت، بەڵکو لە جێگا هەستاو منداڵەکەی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرت و چوو بۆ خزمەتی پێغەمبەری خوا ﷺ ووتی: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ ئەوا ئێستا منداڵم بووە و دەمەوێت پاك ببمەوە ... پێغەمبەری خوا ﷺ تەماشای کردو بینی زۆر ماندوو و لاوازو بێ هێز دیارەو تەماشای منداڵەکەی کرد بینی کوڕێکی خنجیلانەیە و لەنێو دەستەکانی دایکیدا دەجووڵا, ووتی:

بگەڕێرەوەو بە خێوی بکە تاکو لە شیر دەبڕێتەوە، ئەویش گەڕایەوە پاش دوو ساڵی تەواو لەگەڵ جگەر گۆشەکەیدا دەژیا لە ئامێزی دەگرت وبەفرمێسکەکانی دەم وچاوی خۆی دەشوشت وبە سۆمای چاوەکانی خوا حافیزی لێ دەکرد ..کاتی کە لە شیر بڕایەوە ..جل و بەرگی لەبەر کرد و لەگەڵ منداڵەکەیدا لە ماڵ دەرچوو .. وە پارچە نانێکی دا بە دەست منداڵەکەوە ئینجا پێکەوە ڕۆیشتن تاکو گەیشتنە بەر دەستی پێغەمبەری خوا ﷺ ووتی: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ ئەمە منداڵەکەمەو لە شیر بڕاوەتەوەو ئیستا دەتوانێت چێشت بخوات.. دەمەوێت پاك ببمەوە ... پێغەمبەری خوا ﷺ منداڵەکەی دا بە دەست یەکێك لە موسڵمانان وپاشان فەرمانی کرد چاڵێکی بۆ بکەن تاکو سینگی لە چاڵدا بێت و فەرمانی کرد خەڵکی بەردبارانی بکەن، ئەوانیش تاکو مردن بەرد بارانیان کرد... بەڵێ مرد .. بەڵام .. شوشتیان وکفنیان کردو پاشان پێغەمبەری خوا ﷺ هەستا نوێژی لەسەر بکا وفەرمووی:

(لقد تابت توبة لو قسمت بين سبعين من أهل المدينة لوسعتهم وهل وجدت توبة أفضل من أن جادت بنفسها لله)[٣٨].

واتە: بەراستی ئەو تەوبەیەکی کرد ئەگەر دابەش بکرایا بەسەر حەفتا کەس لە خەڵکی مەدینە ئەوا بەشیانی دەکردو خوای گەورە لێیانی وەردەگرت، ئایا لەوە باشترت بینیوە لەوەی کە خۆی کردە قوربانی لە ڕێگەی خوادا وخۆی بەخشی ومرد... مرد .. موژدە بۆ ئەو .. توشی زینا هات و پەردەی خوای شکاندو فریشتە بەڕیزەکان شایەت بوون . وە خوای گەورە خۆی دەیبینی بەڵام پاش ئەوەی تامی لەزەتەکە ڕۆیشت کەچی خەم و پەژارە و پەشیمانی مایەوە .. ئەو ڕۆژەی کەوتە یاد کە ئەندامانی لاشەی شایەتی لەسەر دەدەن کە ئەوان خۆشی زیناکەیان چیشتبوو .. ئەو پێیەی کە پێی ڕێی دەکرد ... دەستەکانی کە بە هۆیەوە دەستی لە شت دەدا... زمانەکەی کە بە هۆی ئەوەوە قسەی دەکرد ... بەڵکو هەموو زەڕرەیەك لە لاشەی شایەتی لەسەر دەدەن وە هەموو تەڵێك لە پرچەکەی ... گڕی ئاگری کەوتە یاد سزای خوای پەروەدگاری کەوتە یاد ئەو ڕۆژەی کە زیناکاران بە قاپەرەقەکانیان دەکرێنە دارا وە بە قامچی ئاسنین لێیان دەدرێت وە ئەگەر یەکێك داوای یارمەتی لە کەسێك بکات ئەوا فریشتە وەڵامیان دەداتەوە و دەڵێت: ئایا ئەم دەنگە لە کوێ بوو کاتێ پێدەکەنیت .. خۆشیت دەکرد.. یاریت دەکرد.. وە هەستت بە چاودێری خوای گەورە نەدەکرد .. وەشەرمت لێ نەدەکرد .. لە هەردوو کتێبی (الصحيح)دا هاتووە کە پێغەمبەری خوا ﷺ وتاری بۆ خەڵکی دەدا و فەرمووی:

(يا أمة محمد والله ما من أحد أغير من الله أن يزني عبده أو تزني أمته، يا أمة محمد والله لو تعلمون ما أعلم لضحكتم قليلا ولبكيتم كثيرا)[٣٩].

واتە: ئەی ئوممەتی محمدﷺ والله هیچ کەسێك لە خوای گەورە بە غیرەت تر نییە کاتێ کە یەکێك لە بەندەکانی زینا بکات یان ئافرەتێك زینا بکات، ئەی ئوممەتی محمد ﷺ والله ئەگەر ئەوەی من دەیزانم ئێوە بیزانن ئەوا زۆر دەگریان و کەم پێدەکەنین. ئەو ئافرەتە تەوبەیەکی کردبوو ئەگەر دابەش بکرایە بەسەر هەموو ئوممەتدا ئەوا بەشی دەکرد ..

---

(٣٨) (صحيح الجامع الصغير: ٥١٢٨).

(٣٩) (صحيح الجامع الصغير: ١٦٤٢).

## وە لە کۆتاییدا ..ئەی جەوهەری پارێزراو

ئەی دوڕڕی پارێزراو .. چەند وشەیەك دەچپێنمە گوێتدا تکام وایە کە بگاتە دڵت پێش هەردوو گوێت, مەغرور مەبە بە زۆری سەرپێچی کاران ...مەغرور مەبە بە زۆری ئەو کەسانەی کە حیجاب بە کەم دەزانن .. وە گاڵتە لەگەڵ لاواندا دەکەن یان پەیوەست دەبن بە عەشق و خۆشەویستییەوەو حەرامەکان ئەنجام دەدەن لە کاتێکدا کە هەموو خەمی ئەوان شانۆ و فلیمە لە پێناوی هیچ مەبەستێکدا ناژین، ئێمە بە راستی و بە بێ پێچ و پەنا لە سەردەمێکدا دەژین کە فیتنەی تێدا زۆر بلاوە ... وە کێشەکان رەنگا و رەنگ بوون ... چەندەها فیتنە توشی چاوەکان دەبن .. چەندەها فیتنە توشی بیستن دەبن ... وە سێیەم فیتنە خراپەکاری بە کەم دەزانێت وە چوارەم بانگەواز دەکات بۆ ماڵی حەرام تاکو حاڵی ئێمە نزیك بۆتەوە لەو رۆژەی کە پێغەمبەری خوا ﷺ لە بارەیەوە بە هاوەڵان دەفەرمووێت:

(وإن من ورائكم أيام الصبر الصبر فيهن مثل قبض على الجمر للعامل فيهن مثل أجر خمسين رجلا يعملون مثل عملكم قالوا يا رسول الله أجر خمسين منهم قال لا بل أجر خمسين منكم)[٤٠].

واتە: لە پاش ئێوە رۆژگارێك دێت کە پێویستی بە ئارامگرتنە.. ئارامگرتن تێیدا وەکو ئەوە وایە کە بە دەست پشکۆی ئاگرین بگریت ... دەست گرتن بە دین وخواپەرستی کردن لەو رۆژەدا پاداشتی پەنجا کەسی لە ئێوە هەیە ئەی هاوەڵان ﷺ، ئەوانیش سەرسام بوون و ووتیان: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ .. پەنجا کەس لە خۆیان؟ فەرمووی: بەڵکو لە ئێوە ...

پاداشتی کارکردن لە دوا سەردەمدا گەورەتر دەبێت, چونکە نزیکە وای لێ دێت لەسەر چاکەکاری کەس هاوکاری ناکات وئەو کەسێکی نامۆیە لەنێو سەرپێچی کاراندا بەڵێ نامۆیە لە نێوانیاندا ... ئەوان گوێ لە گۆرانی حەرام دەگرن کەچی ئەم گوێ ناگرێت، ئەوان تەماشای حەرام دەکەن کەچی ئەم نایکات، بەڵکو ئەوان سیحر وجادو شیرك ئەنجام دەدەن کەچی ئەم نایکات، ئەو لەسەر یەکخواپەرستی خوایە، وە لە (مسلم) دا هاتووە کە پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرمێت:

(بدأ الإسلام غريباً وسيعود غريباً كما بدأ فطوبى للغرباء)[٤١].

واتە: ئیسلام سەرەتا بە نامۆیی سەری هەڵدا، وەجارێکی تریش بە نامۆیی دەگەڕێتەوە هەروەکو چۆن بە نامۆیی سەری هەڵدا، جاموژدەو بەهەشت بۆ نامۆکان.

موژدە بۆ نامۆکان بەڵێ موژدە بۆ نامۆکان، وە لە بوخاریدا هاتووە کە پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرمووێت:

(فإنه لا يأتي عليكم زمان إلا الذي بعده أشرمنه حتى تلقوا ربكم)[٤٢].

واتە: هیچ سەردەمێك بە سەرتاندا نایەت ئیللا سەردەمەکەی پاش ئەو لەو خراپترە تاکو دەگەنە خوای خۆتان.

ئیمامی (البزار) ریوایەتی کردووە کە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی:

---

(٤٠) (صحيح الترغيب والترهيب: ٣١٧٢).

(٤١) (صحيح الجامع الصغير: ١٥٨٠).

(٤٢) (مشكاة المصابيح: ٥٣٩٢).

(يقول الله عز وجل وعزتي لاأجمع على عبدي خوفين ولا أجمع له أمنين إذا أمنني في الدنيا أخفته يوم القيامة وإذا خافني في الدنيا أمنته يوم القيامة)[٤٣].

واتە: خوای گەورە دەفەرموویێت: سوێند بە عیززەتی خۆم دوو ترس و دوو دڵنیایی لای بەندەی خۆم کۆ ناکەمەوە، ئەگەر لە دونیادا لێم دڵنیا بوو ئەوا لە دوا رۆژدا دەیترسێنم، وە ئەگەر لە دونیادا لێم ترسا ئەوا لە دوا رۆژدا دڵنیای دەکەم. بەڵێ .. هەرکەسێ لە دونیادا لە خوا ترسا و خوای گەورەی بە مەزنەوە تەماشا دەکرد ئەوا لە دوا رۆژدا دڵنیا دەبێت و خۆشحاڵ دەبێت بە گەیشتنی خوای گەورە و دەبێتە کەسێکی ئەهلی بەهەشت کە خوای گەورە دەربارەیان دەفەرموویێت:

﴿وَأَقْبَلَ بَعْضُهُمْ عَلَى بَعْضٍ يَتَسَاءلُونَ قَالُوا إِنَّا كُنَّا قَبْلُ فِي أَهْلِنَا مُشْفِقِينَ فَمَنَّ اللَّهُ عَلَيْنَا وَوَقَانَا عَذَابَ السَّمُومِ إِنَّا كُنَّا مِن قَبْلُ نَدْعُوهُ إِنَّهُ هُوَ الْبَرُّ الرَّحِيمُ﴾ [الطور: ٢٥-٢٨] .

واتە: بەهەشتییەکان لەناو بەهەشتدا هەندێکیان روو دەکەنە هەندێکیان وپرسیار لە یەکتری دەکەن ودەڵێن: ئێمە لە دونیادا لە سزای خوای گەورە دەترساین و لەترسی ئەو تاوان وسەرپێچیمان ناکرد، خوای گەورەیش لە پاداشتدا لێمان خۆش بوو وپاراستمانی لە سزای ئاگری دۆزەخ، وە ئێمە لە دونیادا بەتاك وتەنها خوامان دەپەرست ولەو دەپاڕاینەوە چونکە بەراستی هەر خوای گەورە چاکەکارو بەسۆزو بەزەییە. بەڵام ئەگەر هاتوو خەریکی سەرپێچی کردنی فەرمانەکانی خوای گەورە بوو، وە هەموو کێشەی ئەو تەنها تێرکردنی سك و داوێنی بوو، دڵنیا بوو لە سزای خوا.. ئەوا لە دوا رۆژدا لە ترسدا دەبێت .. خوای گەورە دەفەرموویێت:

﴿تَرَى الظَّالِمِينَ مُشْفِقِينَ مِمَّا كَسَبُوا وَهُوَ وَاقِعٌ بِهِمْ وَالَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ فِي رَوْضَاتِ الْجَنَّاتِ لَهُم مَّا يَشَاؤُونَ عِندَ رَبِّهِمْ ذَلِكَ هُوَ الْفَضْلُ الْكَبِيرُ﴾ [الشورى: ٢٢] .واتە: لە رۆژی قیامەتدا ستەمکاران دەبینیت دەترسێن بەهۆی ئەو تاوان وسەرپێچییانەی کە ئەنجامیان داوە، کە گومانی تێدا نییە ئەو سزایە هەر توشیان دەبێت ودەیانگرێتەوە، بەڵام ئەوانەی کە باوەڕیان هێناوەو کردەوەی چاکیان ئەنجام داوە ئەوانە لەباغەکانی بەهەشتدان ولەلای پەروەردگاریان هەموو شتێکیان بۆ هەیە کەحەزو ئارەزوویان لێ بێت، کە ئەمەیش فەزڵ وچاکەی هەرە گەورەیە.

خوشکی بەڕێزم .. پشت بە خوا ببەستە و دڵنیا بە کە تۆ لەسەر رێگای راستیت و مەغرور مەبە بە زۆری خراپەکاران و کەمی چاکەکاران و دامەزراوەکان .. داوا لە خوا دەکەم بە پاراستنی خۆی بتپارێزێ و بتکاتە کەسێکی ئیمانداری لە خوا ترس و یەکێك لە بانگەواز کاران کۆشش کاران .. وە تۆ بەردەوام بە خوشکی ئێمە دەمێنیتەوە .. هەرچەندە ئەگەر وەڵامی ئامۆژگارییەکانمان نەدەیتەوە .. ئێمە خەیر و چاکەمان بۆ تۆ دەوێت .. وە ئێمە بەشەو و بە رۆژ دوعات بۆ دەکەین .. وە هەرگیز بێزار نابین لە ئامۆژگاری کردنت و پاراستنت وە هیوامان وایە کە خوای گەورە ماندوو بونمان لەگەڵ تۆدا بزر ناکات ..

وما توفيقي إلا بالله والسلام عليكم ورحمة الله وبركاته

**نوسینی: د. محمد بن عبدالرحمن العريفي**

**دكتوراه لە ( العقيدة والمذاهب المعاصرة )**

(٤٣) (سلسلة الأحاديث الصحيحة: ٢٦٦٦).